ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

ژماره ٦١٧
دوو شه‌ممه
١٥ی ره‌زبه‌ر ١٣٩٢
٧ی ئۆکتۆبر ٢٠١٣
نرخ: ١٥٠ تمه‌ن
kurdistanukurd.com
kurdistanukurd.com

دامه‌زرانی کۆماری کوردستان له‌ چوارچێوه‌ی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

## ته‌نیا کۆنگره‌ ده‌توانێ گه‌مارۆکان به‌دژی ئێران هه‌ڵوه‌شێنێته‌وه‌

رۆژنامه‌ی «لۆس ئانجلێس تایمز» له‌ راپۆرتێکدا باس له‌وه‌ ده‌کا: «متمانه‌ نه‌کردنی کۆنگره‌ی ئامریکا به‌ قسه‌کانی کاربه‌ده‌ستانی تاران، ده‌بێته‌ له‌مپه‌ر له‌سه‌ر رێگه‌ی دانووستانه‌کانی ده‌وڵه‌تی باراک ئۆباما له‌گه‌ڵ رێژیمی تاران».

ئه‌م رۆژنامه‌یه‌ باسی له‌ بوونی کێشه‌یه‌کی قووڵ له‌نێوان کاربه‌ده‌ستانی ئامریکا به‌نیسبه‌ت دانووستانه‌کانی ئه‌م وڵاته‌ له‌گه‌ڵ ڕێژیمی ئێران کردوه‌و رایگه‌یاندوه‌ که‌ باراک ئۆباما بۆ به‌ره‌وپێش بردنی دانووستانه‌ ناوکی‌یه‌کان له‌گه‌ڵ تاران ده‌بێ له‌ دوو به‌ره‌دا هه‌ول بدا، یه‌کێکیان له‌سه‌ر مێزی وتووێژ له‌گه‌ڵ رێژیمی ئێران ئه‌وی دیکه‌شیان له‌گه‌ڵ ئه‌ندامانی کۆنگره‌ی ئه‌م وڵاته‌ بۆ قه‌ناعه‌ت پێ هێنانی ئه‌وان بۆ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی گه‌مارۆکان له‌ ئه‌گه‌ری رێککه‌وتن له‌گه‌ڵ ئێران‌دا.

هه‌روه‌ها له‌م راپۆرته‌دا هاتوه‌ ته‌نیا کۆنگره‌ی ئامریکا ده‌توانێ گه‌مارۆکان هه‌ڵوه‌شێنێته‌وه‌ هه‌ر بۆیه‌ ده‌نگ نه‌دانی ئه‌ندامانی کۆنگره‌ به‌ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی گه‌مارۆکان ده‌توانێ هه‌ر چه‌شنه‌ رێککه‌وتنێکی ده‌وڵه‌تی ئامریکا له‌گه‌ڵ رێژیمی ئێران له‌ سه‌ر پرسی ناوکیی ئێران له‌نێو ببا.

### پلینۆمی هه‌شته‌می کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی حیزب:

# ده‌بێ له‌ هه‌لومه‌رجی سیاسیی نوێی ئێران‌دا ده‌رفه‌ته‌کان به‌ قازانجی پرسی ڕه‌وای کورد بقۆزینه‌وه‌

راگه‌یه‌ندراو:

## له‌ باره‌ی پێکهاتنی هه‌شته‌مین پلینۆمی کۆمیته‌یی ناوه‌ندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

به‌ ئاگاداریی هه‌موو تێکۆشه‌ران، ئه‌ندامان و دۆستانی حیزبی دێموکرات و سه‌رجه‌م هۆگران و دڵسۆزانی بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانی ده‌گه‌یه‌نین که‌ کۆمیته‌ی ناوه‌ندیی حیزب له‌ ڕۆژانی رابڕدوو دا هه‌شته‌مین پلینۆمی خۆی پێک هێنا.

پلینۆم سه‌رله‌ به‌یانیی ڕۆژی یه‌کشه‌ممه‌ ٧ی ڕه‌زبه‌ر ( ٢٩ی سێپتامبر) به‌ به‌شداریی ئه‌ندامانی ئه‌سلی، جێگرو ڕاوێژکاری کۆمیته‌ی ناوه‌ندی‌و کۆمه‌ڵێک له‌ سیما ناسراوه‌کانی دیموکرات، به‌ ساتێک بێده‌نگی‌و هه‌ستانه‌ سه‌ر پێ به‌ نیشانه‌ی ڕێزگرتن له‌ شه‌هیدانی کوردستان کاره‌کانی خۆی ده‌ست پێ کرد. له‌ سه‌ره‌تای کاری پلینۆم دا، به‌شداران، ده‌ستووری کاری پلینۆمیان په‌سه‌ند کرد.

باس له‌ هه‌لومه‌رجی سیاسیی ناوچه‌ به‌ گشتی‌و ئێران‌و ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌ تایبه‌تی، یه‌که‌م بابه‌تی ده‌ستووری کاری ئه‌م پلینۆمه‌ بوو که‌ وه‌ک ڕاپۆرتێکی سیاسی له‌ لایه‌ن سکرتێری گشتیی حیزب به‌ڕێز خالید عه‌زیزی پێشکه‌شی به‌شدارانی هه‌شته‌مین پلینۆمی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی کرا. ئاڵگۆڕه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست‌و ئه‌و ده‌رفه‌ت‌و به‌ستێنانه‌ی که‌ بۆ کورد به‌ گشتی ڕه‌خساوه‌ چۆنیان بپارێزێ‌و به‌هێزیان بکات‌و هه‌روه‌ها ده‌وری ئێران له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست له‌ پێناو دروست کردنی کێشه‌و ئاژاوه‌دا به‌ مه‌به‌ستی نه‌جاتی خۆی باسی لێ‌کرا.

پلینۆم دواتر چووه‌ سه‌ر هه‌ڵسه‌نگاندن‌و تاووتوێکردنی خوێندنه‌وه‌و ڕوانینی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزب بۆ ئاکامه‌کانی هه‌ڵبژاردنی سه‌رکۆماری له‌ ئێران‌و ئه‌و ئاڵوگۆڕانه‌ی له‌ هه‌ڵوێست‌و گوتاری کۆماری ئیسلامی له‌ ئاستی ڕێبه‌ری نیزام‌و سه‌رکۆماری نوێ دا، خۆیان نواندوه‌. یه‌ک له‌ تێڕوانینه‌کان له‌م پیوه‌ندییه‌ دا، که‌ کۆده‌نگیی به‌شدارانی پلینۆمیان له‌ سه‌ر بوو ئه‌وه‌ بوو هه‌ر وا که‌ زۆرینه‌ی ده‌نگده‌رانی ئێران، بۆ پێکهاتنی لانیکه‌می گۆڕان له‌ بارودۆخی زۆر خراپی سیاسی‌و ئابووریی ئێراندا، ڕێگایه‌کی دیکه‌ جگه‌ له‌ هه‌لبژاردنی حه‌سه‌نی رۆحانیان به‌دی نه‌ده‌کرد، بڕیاربه‌ده‌ستانی ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌و نیزامه‌ش به‌ تایبه‌تی شه‌خسی خامه‌نه‌یی، بۆ ده‌ربازکردنی ڕێژیمه‌که‌یان له‌و قه‌یران‌و هه‌ڕه‌شانه‌ی له‌ ژووره‌وه‌و ده‌ره‌وه‌ به‌ره‌وڕوویان ببۆوه‌،

ل ٤



حیزبی دیموکراتی کوردستان، له‌ پێناوی ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه‌یه‌کی وریایانه‌ و واقیعی و شوێندانه‌ر له‌ گه‌ڵ هه‌لومه‌رجی سیاسیی دوای هاتنه‌ سه‌رکاری حه‌سه‌ن ڕۆحانی له‌ ئێران و قۆزتنه‌وه‌ی ده‌رفه‌ته‌ پێشبینیکراوه‌کان به‌ قازانجی به‌ره‌وپێشبردنی پرسی نه‌ته‌وه‌یی گه‌لی کورد له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، له‌م دوایانه‌ دا زنجیره‌یه‌ک کۆبوونه‌وه‌ی سیاسیی له‌ ئاستی جۆراوجۆر دا به‌ڕیوه‌ برد. بۆ بیروراگۆڕینه‌وه‌ له‌م پێوه‌ندییه‌دا، ڕۆژانی ٢و٣ی ڕه‌زبه‌ر، سکرتێری گشتیی حیزب به‌ڕێز خالید عه‌زیزی له‌ گه‌ڵ کادره‌کان و پێشمه‌رگه‌کانی حیزب کۆ بۆوه‌. له‌ ڕۆژانی ٧-٩ی ره‌زبه‌ریش داپلینۆمی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی به‌ به‌شداریی ئه‌ندامانی ئه‌سلی، جێگر و راوێژکاری کۆمیته‌ی ناوه‌ندی و کۆمه‌ڵێک له‌ سیما ناسراو وتێکۆشه‌ره‌ له‌ مێژینه‌کانی حیزب پێک هات. پلینۆمی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی ئاڵوگۆڕه‌ سیاسییه‌کانی ئه‌م دوایانه‌ی ئێرانی لێک دایه‌وه‌ و له‌ به‌ر ڕووناکایی ئه‌م لێکدانه‌وه‌یه‌، کۆمه‌ڵێک بڕیار و ڕاسپارده‌ی گرنگی په‌سه‌ند کرد که‌ پێوه‌ندییان به‌ جۆری تێکۆشان و کاری سیاسیی حیزب له‌ هه‌لومه‌رجی سیاسیی نوێی ئیران دا هه‌یه‌.




ئاکاره‌ دێموکراتیکه‌کانی هه‌ڵبژاردنی پارلمانی هه‌رێمی کوردستان

٤



هه‌ڵسه‌نگاندنی ڕه‌وتی نوێی پێوه‌ندییه‌کانی ئێران‌و ئه‌مریکا

٥



گه‌ڵاڵه‌یه‌کی دژێو له‌ چاوه‌ڕوانی په‌سند کردن‌دا!

٦



را پۆرتێکی شیکاری — ئاماری له‌ پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ دۆخی ئابووریی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان

٩

## ئه‌گه‌ری دامه‌زرانی حیزبێکی نوێی کوردی له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان



دوابه‌دوای ئه‌وه‌یکه‌ کاربه‌ده‌ستانی تاران، لێپرسراوانی «به‌ره‌ی یه‌کگرتووی کورد»یان ئاگادارکرده‌وه‌، که‌ ناتوانن هه‌ر به‌و ناوه‌ حیزبێکی نوێی کوردی دابمه‌زرێنن، ئێستا ده‌نگۆی دامه‌زرانی حیزبێکی نوێی کوردی به‌ ناوی «پارتی یه‌کگرتووی ماد یان میدیا» بڵاوبۆته‌وه‌.

هه‌ر له‌م پێوه‌ندییه‌دا، حامید فه‌رازی چالاکی سیاسی‌و ئه‌ندامی دامه‌زرێنه‌ری به‌ره‌ی یه‌کگرتووی کورد له‌ دیمانه‌یه‌ک له‌گه‌ڵ به‌شی کوردی رادیۆ ده‌نگی ئه‌مریکا رایگه‌یاند: «وه‌کو پێشتریش به‌ ئاگاداری گشتیمان راگه‌یاندوه‌، له‌ ماوه‌ی یه‌ک ساڵی رابردووه‌وه‌ له‌ لایه‌ن ده‌وڵه‌ته‌وه‌، له‌ لایه‌ن وه‌زاره‌تی ناوخۆو ده‌زگاه ئه‌منییه‌کانه‌وه‌ چه‌ندین جار به‌ ئێمه‌ گوتراوه‌ که‌ به‌ ناوی به‌ره‌ی یه‌کگرتووی کورده‌وه‌ رێگای چالاکی‌و کارمان نییه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی یه‌که‌م، ئه‌و کاره‌ی که‌ ئێمه‌ د ه‌یکه‌ین له‌گه‌ڵ ناوی به‌ره‌دا یه‌کتر ناخوێننه‌وه‌؛ دووهه‌م له‌به‌ر باسی ناوه‌ کوردیه‌که‌یه‌تی که‌ ئه‌وان ده‌ڵێن ئێمه‌ رێگا به‌ «جریانات»و رێکخراوه‌گه‌لی قه‌ومی ناده‌ین تاکوو کارو چالاکی ئه‌نجام بده‌ن، بۆیه‌ ئێمه‌ش دوای باس‌و لێکدانه‌وه‌یه‌کی زۆر له‌ ناو خۆمان‌دا، له‌ نێوان ئه‌ندامانی دامه‌زرێنه‌رو ئه‌ندامان‌و لایه‌نگرانی «به‌ره‌ی یه‌کگرتووی کورد» هاتینه‌ سه‌ر ئه‌و ئه‌نجامه‌ی له‌سه‌ر چه‌ند ناوێکی تازه‌ بیر بکه‌ینه‌وه‌و وه‌کو داوا به‌ چه‌ند ناوی تازه‌وه‌ داوایه‌ک بخه‌ینه‌ به‌ر ده‌ستی وه‌زاره‌تی ناوخۆ به‌ بێ ئه‌وه‌ی به‌ره‌ی کورد هه‌ڵبوه‌شێته‌وه‌، تاکو بزانین رێگای چالاکیمان پێده‌درێت به‌و ناوه‌وه‌ کار بکه‌ین‌و ئه‌گه‌ر نا له‌سه‌ر هه‌مان ناوی به‌ره‌ی یه‌کگرتووی کورد به‌رده‌وام بین».

## سه‌رله‌نوێ دادگایی‌کرانه‌وه‌ی کوردپووره‌کان





خوسره‌وو مه‌سعوود کوردپوور، دوو چالاکی مافی مرۆڤی کورد قه‌راره‌ له‌ مانگی خه‌زه‌ڵوه‌ری ئه‌مساڵدا دادگایی بکرێنه‌وه‌.

خوسره‌و کوردپوور، به‌ڕێوه‌به‌ری ئاژانسی هه‌واڵده‌ریی موکریان، ڕۆژی ١٧ی ره‌شه‌ممه‌ی ساڵی رابردوو له‌ ماڵی خۆی له‌ شاری مه‌هاباد ده‌ستبه‌سه‌رو بۆ ئیداره‌ی ئیتلاعاتی ئه‌م شاره‌ گواسترایه‌وه‌، ئه‌مه‌ له‌ حاڵێک دایه‌ که‌ به‌دوای به‌دواداچوونی بنه‌ماڵه‌ی ناوبراو براکه‌ی دیکه‌شی به‌ ناوی مه‌سعوود ده‌سبه‌سه‌ر کرا.

ئه‌م دوو چالاکه‌ی مافی مرۆڤ پاش نزیک به‌ ٤ مانگ له‌ گرتنگه‌ی ئیتلاعات له‌ شاری مه‌هابادو ورمێ رۆژی چوارشه‌ممه‌، ٥ی پووشپه‌ڕ بۆ زیندانی ناوه‌ندیی شاری مه‌هاباد گواسترانه‌وه‌و هه‌روه‌ها رۆژی چوارشه‌ممه‌ ١٤ی گه‌لاوێژ، یه‌که‌مین کۆبوونه‌وه‌ی دادگایی کردنیان له‌ لقی یه‌کی دادگای شۆڕش له‌ شاری مه‌هاباد به‌ سه‌رۆکایه‌تیی قازی جه‌وادی کیا به‌ڕێوه‌چوو.

عه‌باس جه‌ماڵی پارێزه‌ری ئه‌م دوو چالاکه‌ به‌ هه‌واڵده‌ریی هێرانای راگه‌یاند که‌ کۆبوونه‌وه‌ی دادگایی کردنی ئه‌م به‌ندکراوانه‌ قه‌راره‌ رۆژی ٦ ی خه‌زه‌ڵوه‌ر به‌ڕێوه‌بچێ. ناوبراو ده‌ڵێ دادگا پێشتر دانانی بارمته‌ی له‌وان قه‌بووڵ نه‌کرد، ته‌نانه‌ت پارێزه‌رانی په‌روه‌نده‌ به‌ قازیی دادگایان گوت، لانیکه‌م با مه‌سعوود ئازاد بکرێ چوونکه‌ تۆمه‌ته‌کانی ناوبراو سووکترن، به‌ڵام قازی ملی بۆ ئه‌و داوایه‌ش نه‌دا.

ناوبراو له‌ کۆتایی‌دا وه‌بیری هێنایه‌و که‌ ئه‌مه‌ دوایین کۆبوونه‌وه‌ی دادگایی کردن‌و به‌رگریی کردنی پارێزه‌ران ده‌بێ.

٢
کوردستان
ژمارە: ٦١٧
١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٢
٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣
هەواڵ و راپۆرت

لەسەر پرسە سیاسییەکانمان دابنێنو بەستەرسازییان بۆ بکرێو بیبەینە نێو خەڵک.

سکرتێری گشتیی حیزب لەو بەشەدا ئاماژە بە هەوڵی بێوچانو بەرپرسانەی حیزبی دێموکڕات بۆ نێوڕۆکی نەتەوەیی خۆیدا کاڵ نەکەنەوە، بگرە تۆخترو دەوڵەمەندتری بکەن.

جەختکردنەوە لەسەرخوڵقاندنی هەلو گرینگیی قۆستنەوەی هەلو مەجالەکان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران، ئەرک وەخۆگریی هەموو

## کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکارانی بریتانیا

نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١ی ڕەزبەر کۆبونەوەیەکی لەژێر ناوی هەرێمی کوردستانو ئاسایشی وزە و سیاسەتی نێودەوڵەتی بە بەشداریو بانگهێشت لە چەندین کەسایەتیی سیاسی کورد و بیانی پێک هێنا.

تەوەرەکانی ئەو سمینار و کۆبوونەویە تەرخان کرابوو بۆ باس لە سەر پێشکەوتنەکانی بواری وزە، بە تایبەت نەوت و گاز لە کوردستانو ئەو پێشکەوتنانەی کە لەو بوارەدا هاتوونە دی.

شایانی باسە مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەریی حیزب و نوێنەری حیزب لە بریتانیا لە میانەی کۆبوونەوەکاندا توانی لەگەڵ بەشێک لە بەشداربووانو هەروەها لەگەڵ وەزیرانی سێبەری حیزبی کرێکاری بریتانیا چاوپێکەوتن بکا.

# کۆبوونەوەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ باس لە باسەکانی پلینۆمی هەشتەمی حیزب







کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوای کۆتایی پلینۆمی هەشتەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بە مەبەستی تیشک خستنە سەر باسەکانی دوایین پلینۆمی کومیتەی ناوەندی پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٣ ی ڕەزبەرو بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکان لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی حیزب بەڕێوە چوو، کاک خالید عەزیزی باسێکی گشتی لە سەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێرانو ناوچەو، هەروەها باسو تەوەری کارو چالاکیی هەشتەمین پلێنۆمی حیزب پێشکێش کرد.

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای باسەکەیدا بە گرینگیدان بەو ئاڵوگۆڕە نوێیانەی لە ئێرانو مەیدانی سیاسیی ئەو وڵاتە لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریو ئاڵوگۆر لە ڕوانینو مامەڵەی دەوڵەتی نوێ بۆ چارەسەری کێشەی ئەتومیو ئابووریی وڵاتەکەیو پێداچوونە بە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ دنیای دەرەوە هاتوونەتە پێش، گوتی: ئەو ئاڵوگۆڕانەی هەم بۆ کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەت بە قازانجەو هەم بۆ خەڵک، ئەگەر کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بەو ئاڵوگۆڕانە کۆمەڵێک قەیران لەسەر خۆی تێپەڕێنێو خۆی لە چەقی ڕووداوو باسە سیاسییەکانی دنیادا ببینێتەوە؛ بۆ خەڵکیش لەو بوارەوە گرینگە کە مادام باسی ئێران دێتە گۆڕێ، ئاوریکیش لە بارودۆخو پرسەکانی ئەوان بدرێتەوە، گرینگ ئەوەیە کە لەو نێوەدا کێ زیاتر ئاڵوگۆڕەکان لە خزمەت بەرژەوەندیی خۆیدا بەکار دێنێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێراندا گوتی لە ئێران لە جێدا بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ سەرکۆمارەو جیاوازیی ڕەفتاری ئەحمەدینژادو ڕووحانی چۆنەو لەچی دایە، بەڵام لە ڕەهەندی گشتیی خۆیدا ئەو حەقیقەتە دەردەکەوێ کە هەموو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە خانەی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەدا نەیتوانیوە ئاڵترناتیوێک وەک مەوزووع بێنێتە بەرباسو جێی بخا؛ هەر بۆیەش ئەوە وا دەخوازێ کە ئێمە وەک کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ڕێبەرانو بەڕێوەبەرانی ئەو دەسەڵاتە وەک ئەو جۆرەی کە هەن بەرەوڕوویان بینەوە، ڕاست وەک ئەو جۆرەی ئەوان بەپێی بەرژەوەندییەکانیان بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەیان بەرەوڕووی کۆمەڵگای جیهانی دەبنەوە.

کاک خالید عەزیزی بە خوێندنەوەیەک لە بارودۆخی سیاسیو ئابووریی ئێستای ئێرانو تەنانەت ئەگەری پاشەکشەی ئەو وڵاتە لە پەروەندە ئەتومییەکەیو سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە، دەرفەتێک بۆ ڕزگاریی خۆیان لەو قەیرانانە پێک بێنێ لە ئێستادا دەستو پێیان بەستوەو بە توندی تێیان کەوتوە، ئەوەش دەرفەتو بوار بۆ کۆمەڵێک باسو پرسی دیکە بۆ خەڵکی ئێرانو کورد بێنێتە پێش کە ئێمە دەبێ بیانبینینو کاریان لەسەر بکەوین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات ڕوونی کردوە کە حیزبی دێموکڕات لە بارودۆخی ئێستادا لە هەوڵی دروستکردنی دەرفەتو مەجال دایەو دەیەوێ هەموو ئەو دەرفەتو مەجالانەش ببینێتەوەو لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی خەباتو ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کاریان تێدا بکا.

کاک خالید لەو بەشەی قسەکانیدا بە خوێندنەوەیەک بۆ قورساییو پێگەی حیزبی دێموکڕات لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشینی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتو، لە ئارادانەبوونی ئالترناتیڤێک بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هاتە سەر لێکدانەوەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو گوتی کورد لە ئێران ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵە شوناسو هۆوییەتی خەباتکارانەی خۆی پاراستوەو لە ئاستی ناوچەییشدا پرسی کورد لە ڕۆژەڤ دایەو چوونەپێشێی پرسی کورد لە تورکیە، سووریەو عێراق هەموو بە دەرفەتێک بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دادەنرێ، کەواتە پێویستە کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییانە کۆماری ئیسلامی بە چالیش بکێشرێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کردنەوەی ئەو باسەدا تیشکی خستە سەر ئاستەنگو دەرفەتەکان لەو پێناوەداو، گوتی دەرفەتو مەجالەکان ئەوەن کە بە خۆشییەوە پرسی نەتەوەیی و خەباتی نەتەوەیی لە نێوخۆی کوردستانو وڵاتانی دەوروبەر کە کوردیان تێدایە لە گۆڕێ دایەو، لە نێوخۆی کوردستانیش سەرەڕای سیاسەتی زەبروزنگو گرتنو کوشتنو ئێعدام خەڵک لە خەباتی خۆی نەوەستاوەو، تەنانەت لە پارێزگاکانی خوارووی کوردستانیش ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خەڵک خۆیان لە تیکۆشانو خەباتی نەتەوەییدا دەبیننەوەو، ئەزموونی هەرێمی کوردستانو ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەو لە هەموویان گرینگتر ئێعتبارو ڕابردووی درەوشاوەی خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات هەموو ئەو دەرفەتە باشانەن کە حیزب کاریان لە سەر دەکا.

کاک خالید عەزیزی لەو بەشەی باسەکەیدا ئاماژە بە ئاستەنگەکانی بەردەم خۆدیتنەوەی کارا لە بارودۆخی ئێستاو قۆستنەوەی دەرفەتەکان کردو لێکبڵاویو لێکترازانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە کۆسپی هەرە سەرەکی لەو مەیدانە دانا. سکرتێری گشتیی حیزب تیشکی خستە سەر ئەوەی زۆر جار دەبینین ئێمە گوتارو خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیی، وەڵامدەرو پێشکەوتوومان هێناوەتە بەر باس کە جێی سەرنجی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک بووە، بەڵام ڕەقابەتو ململانێو نالێکی حیزبەکان نەیهێشتوە ئەو گوفتومانو خوێندنەوە سیاسییانە لە مەیدانی ماددیی سیاسیدا کاریان لەسەر بکرێو شوێن چارەسەری ئەو ئاستەنگە، بە تایبەت لەگەڵ لایەنی دیکەی حیزبی دێموکڕات دا کە بە داخەوە تا ئێستا وەڵامی ئەوتۆی پێ نەدراوەتەوە.

نەبوونی پێوەندیو گوفتومانێکی هاوبەشی گشتگیر لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتو لەگەڵ یەکتر لە هەموو چینو توێژەکان یەکێکی دیکە لەو ئاستەنگانە بوو کە کاک خالید عەزیزی پرژایە سەریو لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە هەوڵو بەرنامەو چالاکییەکانی حیزب بۆ جێخستنی ئەو گوتارە هاوبەشەدا کرد تا تەعەسوبە ناوچەییو ئایینیو جۆراوجۆرییەکانی دیکە پرسی کورد لە حیزبو لایەنە سیاسییەکان لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی، کۆنگرەی نەتەوەییو سیاسەتی حیزب لەهەمبەر گوتاری ئەو کۆنگرەیەو پێوەندیی حیزبە سیاسییەکان لەگەڵ یەکترو کۆمەڵێک باسی نێوخۆییو تەشکیلاتی بەشەکانی دیکەی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لەو کۆبوونەوەیە بوون.

شایانی باسە بەشێکی دیکەی کاتی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ پرسیارو تێبینیی بەشدارانی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو کە دواتر پرسیاری بەشداران لەلایەن سکرتیری گشتیی حیزبەوە وەڵام درانەوە.

# کۆبوونەوەیەکی مەشوەرەتیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە گەڵ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب





بە مەبەستی تاوتوێ کردنی بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و چۆنیەتی خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەفتەری سیاسیی حیزب کۆبوونەوەیەکی مەشوەرەتی لە گەڵ کادرەکانی حیزب پێک هێنا.

پیشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، رێکەوتی ٢ی ڕەزبەر بە ئامادەبوونی بەڕێز سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی و ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب، کۆبوونەوەیەکی مەشوەرەتی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و چۆنیەتی خوێندنەوەو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دەیان کەس لە کادرەکانی حیزب پێک هات.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ دوایین گۆڕانە سیاسییەکان لە ئێران دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی حەسەن رووحانی قسەی بۆ کادەرەکانی حیزب کرد.

بەڕێز عەزیزی بە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە گۆرەپانی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و هەنگاوەکانی دەوڵەتی نوێی ئێران لە چوارچێوەی دروشمەکانی سەردەمی پڕوپاگاندای هەڵبژاردنەکانی دوایین خولی هەڵبژاردنەکانداو هەروەها روانینی گومەڵگای جیهانی بۆ دەوڵەتی نوێ لە تاران و هێنانە ئارای ئەگەرە سیاسییەکانی لە داهاتووی ئێران دا، داوای لە کادەرکانی حیزبەکەی کرد کە بە وردبینییەوە بەدواداچوونی رووداوەکان بکەن و رێبەریی حیزب لە بیروبۆجوونەکانیان ئاگادار بکەنەوە.

عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە باس کردن لە رۆڵی گرێنگی کادرەکانی حیزب لە کاروباری حیزبی و تێکۆشانی نەتەوەیی خۆیان‌دا، داوای لێکردن کە بەرپرسانە هەوڵ بدەن رۆژانەو بە وردبینییەوە بەدواداچوونی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و کوردستان بکەن و لە پێناو چۆنیەتی خوێندنەوە و هەڵوێستی حیزبەکەیاندا یارمەتی و هارکاریی فکریی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکەیان بکەن.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوە مەشوەرەتییەکەدا، بەشێکی بەرچاو لە کادەرکانی حیزب وێڕای دەربڕینی سپاس و پیزانین لە دەفتەری سیاسیی حیزبەکەیان کە هەمیشە هەوڵی داوە راوێژ و مەشوەرەتیان پێ بکا، بیروبۆچوونەکانی خۆیان لە سەر قسەکانی سکرتێری حیزب کاک خالید عەزیزی دەربڕی و لەو پێوەندییەدا ئازادانەو راشکاوانە راو بۆچوونەکانی خۆیان خستە ڕوو.

لە درێژەی مەشوەرەتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ بەدەنەی حیزبدا رۆژی چوارشەممە، ٣ی ڕەزبەر بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، هەر سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئەمرۆی ئێران، چۆنیەتی خوێندنەوەو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ دەیان کەس لە پێشمەرگەکانی حیزب پێکهێنا.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە ژێر ناوی «شوناسی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوەیی»





پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە؛ کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، سمینارێکی لە ژێر ناوی «شوناسی نەتەوەیی» و «بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یەکان» بۆ هەرکام لە بەڕێزان ئیقباڵ سەفەری ئەندامی، کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ئارش لوڕستانی، چالاکی سیاسی، بەڕێوەبرد.

لە پانێلی یەکەمی سمینارەکە لە ژێر ناوی «شوناسی نەتەوەیی»، ئیقباڵ سەفەری بە خستنەڕووی پێناسەی نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی، واتە کۆمەڵە خەڵکانێک بە نەژاد، بەرژەوەندی و مێژووی هاوبەشەوە کە فاکتەری بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە لە گرینگترین بەشەکانیەتی؛ پەڕژایە سەر فاکتەرەکانی پێکهێنەری شوناسی نەتەوەیی واتە مێژوو، کولتوور، دابونەریت، بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، زمان و بوونی ئێتنیکە جیاوازەکان. بەڕێزیان بە جەخت کردن لەسەر فاکتەری شەشەم واتە، ئێتنیک (قەوم)ە جیاوازەکان، ئەم فاکتەرەیان وەک ستوونی سەرەکی شوناسی نەتەوەیە لەقەڵەم دا. ئیقباڵ سەفەری لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی‌دا، ئاماژەی بە پێنج قەیرانی شوناسی، بەتایبەتی شوناسی تاکی کورد، کە بریتییە لە شوناسی جوغڕافیایی، رەوایی، بەشداری، دەستڕۆیشتوویی و ئامادەیی و هزر و بیرکردنەوە، کرد. لە بەشی کۆتایی ئەم برگەیە لە سمینارەکەدا، سەفەری بە ئاماژە بە چەمکەکانی دیموکراسی، سوسیالیزم و لیبرالیزم و پێناسەی نوێی ئەم چەمکانە لە قاڵبی شوناسی نەتەوەیی و لەسەرتردانانی پێناسی نەتەوەیی لە هەر دۆخێکدا و هەروەها ئاماژەیەکی کورت بە کۆنگرەی نەتەوەیی و هەڵسەنگاندنی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی، کۆتایی بە وتەکانی هێنا.

لە پانێلی دووەمدا ئارەش لوڕستانی بە خستنەڕووی بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یەکان لەسەر بەستێنی شوناسی نەتەوەیی و بە سەرنجدان بە سێ فاکتەری جوغرافیا، مێژوو و کولتوور، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یەکان و جوغڕافیای کوردستان لە ماکۆوە هەتا لوڕستان، دەبێ بە شێوازێکی ورد پێناسە بکرێ و لە زەینی تاکی کورددا جێبخرێ. ناوبراو لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی‌دا پەڕژایە سەر سێ بیاڤی بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یە نەگۆڕەکان (بنەڕەتی‌یەکان)، بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یە درێژخایەنەکان (ستراتژیک)، بەرژەوەندییە کورتخایەنەکان (تاکتیکی) و پێی‌وابوو کە دەبێ بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یەکان لەم سێ بیاڤەدا تاوتوێ بکرێن، تاکوو کورد لە پرۆسەی سیاسی‌دا، تێچووی نائاسایی بەسەردا نەسەپێ.

لوڕستانی لە درێژەی وتەکانی‌دا گوتی: «بەرژەوەندییە نەتەوەیی‌یەکان دەبێ ببێتە پێوەری بەشداری و هاوکاری نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان»، چونکە تەنیا فاکتەرێک کە لە باری مێژوویی‌یەوە توانیویەتی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بخاتە ناو پرۆسەی بەشداری کردنەوە، فاکتەری ناسیۆنالیزمی کورد و شوناسی نەتەوەیی کورد بووە. لە کۆتایی‌دا ناوبراو، ئاماژەی بە ئاستەنگ و ململانێی لایەنە شوناسخوازەکان، بەتایبەتی پاش لێکهەڵوەشانی بلووکی رۆژهەڵات کرد و لەو نێوەش‌دا پەڕژایە سەر شێوازی پێکەوەهەڵکردنی حیزب و لایەنە شوناسخوازەکان لەگەڵ لایەنە نەریتییەکان و جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانی نەسڵی نوێ. لە کۆتایی سمینارەکەش‌دا، بەشداران بیروبۆچوون و پرسیارەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ، کە لە لایەن هەرکام لە کۆڕگێڕەکانەوە وڵامیان درایەوە.

## بەشداری هەیئەتێکی حدک لە کۆنفڕانسی پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئید

هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییەکانی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کوردستان» پە یە دە»، لە کۆنفڕانسی لقی سۆئێدی ئەو حیزبە بۆ کۆنگرەی دووی پارتەکەیاندا بەشداری کرد.

ئەو کۆنفڕانسە کە ڕۆژی یەکشەممە، ٣١ ی خەرمانان لە شاری ئۆپسالای سۆئێدو بە بەشداریی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و ئەندامانی پەیەدە دەستی پێکردو لە سەرەتای کاری کۆنفڕانس دا پەیامی پارتو ڕێکخراوە کوردستانیی‌یەکان خوێندرایەوە. لەو بەشە دا سەید عەزیز نژادیان پەیامی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێشکەش کرد کە ئاماژەی بەو ئاڵوگۆڕەکان کرد کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتۆتە ئاراوەو ئەوەی بە فاکتەرێکی بەهێز زانی بۆ ئەوەی کە کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە ببێتە خاوەن وڵات و کیانی سەربەخۆ. عەزیز نژادیان هێنانە دیی ئەو ئامانجەی بە یەکڕیزیو یەکگرتوویی حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو بیرو بۆچوون جیاوازەکانەوە بەستەوە و ئاواتی سەرکەوتنیشی بۆ کۆنگرەی دووی پارتی دیموکراتی خۆرئاوای کوردستان خواست.

# کاروچالاکییەکان لە دەرەوەی وڵات

ئاڵمان

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



کۆنفرانسی کومیتەی گشتیی حیزب دیموکراتی کوردستان لە ئاڵمان ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی ڕەزبەر بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات لەو وڵاتە لە شاری فرانکفورت بەڕێوە چوو.

لەلایەن بەرپرسی کومیتە، ڕاپۆرتی کاری کومیتەی ئاڵمان لە نیوان دوو کۆنفرانس‌دا پێشکەش کرا کە کارو تێکۆشانی ئەو ماوەیەی کومیتەی لە خۆوە گرتبوو. دواتر هەرکام لە ئەندامانی کومیتەو بەرپرسی بەشی تەشکیلات، پێوەندی‌یەکان، ماڵیو کۆمەڵایەتی تیشکیان خستەسەر کارو چالاکیەکانیانو بەشدارانی کۆنفرانسەکەیان لێ‌ئاگادار.

پاشان ئەندامانی حیزب لە ئاڵمان، ڕاپۆرتی کومیتەیان خستە بەر باسو وتووێژو بە لێکدانەوەیان، خاڵە بە هێزو لاواز و کەم وکوڕیەکانیان دەست نیشان کردو بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کارەکان بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوە بچێ، زۆر پێشنیاری بەسوودیان بۆ تێپەڕ بوون لە کەندو کۆسپەکان خستە ڕوو.

بەشی دووهەمی کاری کۆنفرانس بۆ وتاری هاشم رۆستەمی، نوێنەری کومیتەی گشتی دەرەوەی حیزبی دیموکرات تەرخان کرا.

هاشم رۆستەمی لە وتارەکەی‌دا تیشکی خستە سەر هەلومەرجی خەباتی نەتەوی کورد بە گشتیو حیزبی دیموکرات بە تایبەتی.

هاشم رۆستەمی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی بەڕێوە چوونی ئەو هەڵبژاردنانە باسێکی تێرو تەسەلی هێنایە ئاراوە و تێی‌دا سەرکەوتنی گەلی کوردی و ڕادەی ئاگاهی و پێشکەوتنی مەدەنی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا، بەرجەستە کرد.

هاشم ڕۆستەمی لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی‌دا، باسی لە هەڵبژاردنی ئەو دواییانەی سەرۆککۆماری لە ئێران کردو بە ئاماژە بە چۆنیەتیی هەڵبژێرانی حەسەن ڕووحانی گوتی ئێمە وەک گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر پێشێل کردنی مافەکانمان ناکۆکیمان هەیە، نەک لەسەر هەڵسوکەوتی سەرۆکۆمار یان کاربەدەستێکی دیکەی ڕژیم، هەر بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، تا وەدیهێنانی مافەکانی گەڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو گەڕانەوەی کیان و دەسەلاتی نەتەوەیی خۆمان، بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەینو دەسەڵاتی ئێران بە کردەوەکانی هەڵدەسەنگێنین نەک بە قسە و گوفتمانی زارەکیی ئەو.

دوابەدوای قسەکانی هاشم رۆستەمی، ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانسەکە، چەندین پرسیاریان هێنایە گۆڕێ، کە دواتر لەلایەن هاشم رۆستەمی وەڵامیان درایەوە.

شیانی باسە لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا ئەندامانی تازەی کومیتە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی حیزب لە ئاڵمان، هەڵبژێردران.

دانمارک

## پێکهێنانی سمیناریک بە بۆنەی ٢١ساڵەی تێرۆری میکونۆس



کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارک لە ٢١ساڵەی شەهید کرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکونۆس لە ئاڵمان بە دەستی تێرۆریستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سمینارێکی پێک هێنا.

ئەو سمینارە کە ڕۆژی شەممە، ٣٠ ی ڕەزبەر بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستانو نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستانو ڕیکخراوی چاوەدێری کوردوساید بۆ کاک مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبو بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵات پێک هاتبوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو خوولەکێک بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە شەهیدانی کوردو کوردستان، دەستی پێ کرد.

لەو سمینارەدا کاک مستەفا باسەکەی بە ئاوردانەوە لە وەزعی ئێران وهەڵبژاردنی رووحانی بە سەرکۆماریی ئێران دەست پێ کردو لە بەشێک لە قسەکانی دا باسی لەو خەباتە بێ وچانو قوربانی دانە بێ‌سنوورەی گەلی کورد کرد کە لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا فیدای ئازادیو سەربەستی کوردستانی کردوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەو بارەوە گوتی: ئێعتراف دەکەین کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شێکی زۆر لەو شانازییەی پێ دەبریو خۆزگەی خواست ئەوەندە شەهیدەمان نەبوایە. چونکە ئێستا ئەگەر چاو لە ڕۆژەکانی ساڵ بکەینو یا سەعاتەکانی ساڵ بینینە بەر چاوی خۆمان، هێچ ڕۆژ و سەعاتیکی ساڵ نیە کە ئێمە شەهیدمان تێدا نەدابێ. دوژمن لە ٩ی سپتامبری ١٩٦٨ی زایینی مەلا ئاوارە یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ٤٦-٤٧ ولە ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ دا دوکتوور شەرەفکەندی یان شەهید کرد. دوژمن باش دەیزانی کە شەڕەفکەندی جێگرەوەی دوکتوور قاسملووەو بە حەقیش وابوو، هەر بۆیە بۆی لە بەرنامە دابوو و سەرئەنجام لە بازنەیەکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی‌دا بۆ لە داوخستن و تیرۆر کردنی بە مەرامی گڵاوی گەیشت. شەڵماشی لە درێژەدا گوتی بەو تیرۆرە کۆماری ئیسلامی توانی زەربەیەکی قورس لە بزووتنەوەی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان بدا، بەڵام هاوکات خوێنی ئەو شەهیدانە بە فیڕۆ نەچوو، چونکی جگە لەوەی کە لە دادگایەکی سەربەخۆ دا سەرانی کۆماری ئێسلامی بە داڕێژەر و ئەنجامدەری ئەسڵی ئەو تیرۆرە ناسران، هاوکات بۆتە پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی ئەو حکوومەتەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا گوتی: حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک ئاڵا هەڵگرو ڕێکخەری سەرەکیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاوەن رابردوویەکی خوێناوی و پڕ قوربانی‌یە. ئەم حیزبە زیاتر لە سێ کەس لە ڕێبەرانی لێوەشاوەو زیاتر لە ٣٠ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری خۆی لەو پێناوەدا دەست داوە، بەڵام نەک هەر بۆ تاکە ساتێک لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوە، بەڵکوو ئێستا بە ئیمانێکی زیاتر و ئیرادەیەکی قاییمترەوە لە مەیدان دا ماوەتەوەو بەردەوامە لە خەبات.

کاک مستەفا شەڵماشی لە بەشێکی دیکەی قسەکەی‌دا باسی لە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کردوە و ئەوەی بە دەسکەوتو شانازی بۆ کورد لە قەڵەم دا کە لانیکەم ٣٩ حیزبو لایەنی کوردستانی لە دەوری یەک کۆببنەوە بۆ یەکخستنی ماڵی کورد و پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

## بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد

ڕۆژی شەممە،٢٨ی سێپتامبر، هەیئەتیکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی سوئێد، پێک هاتوو لە موژدە عەزیزی ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری بە هاوڕێیەتی شەهلا مورتەزازادە بەشدارییان لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد کرد کە لە شاری وێستروس بەڕێوە چوو.

ئەو کۆبوونەوەیە بە باسێکی تێرو تەسل لە سەر ڕۆڵ و پێگەی ژنی کورد لە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی کوردستان‌دا لەلایەن ناهید موکری دەستی پێکرد و پاشان بۆ دەوڵەمەندتر کردنی باسەکە و قسە و باسی زیاتر لە سەر بابەتەکە دەرفەت بە بەشداران درا تا ڕاو بۆچوونی خویان لە سەر باسەکەی خاتوو ناهید و بەگشتی لەسەر پرسی ژن دەرببڕن.

پێویست بە ئاماژەیە کە پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندی‌یەدا لەلایەن شەهلا مورتەزازادە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا وێڕای ڕێزنان لە تێکۆشانی ئەندامانی ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد داوا کرابوو کە ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافە جینسیو ڕەگەزیەکانی خۆیان هەنگاوەکانیان یەک خەن تا لە ڕەوتی گۆرانکاری‌یەکان کە زۆر بەخێرایی دێن و دەڕۆن دوا نەکەون. لەو پەیامەدا هەروەها هاتبوو کە ژنانی کورد بەگشتی دەبێ هەوڵەکانیان بۆ لێک نێزیک بوونەوە و یەکدەنگ بوون دژ بە هەر چەشنە ستەم و هەڵاوردنێک چڕتر بکەنەوەو تێبکۆشن شوێنەواری هەموو ئەو بڕیارە چەوتانەی کۆماری ئیسلامی بسڕنەوە کە دەیان ساڵە لە دژی ژنان سەپاندوویەتی.

ئۆریگێن- ی ئەمریکا

## بەڕێوەچوونی ریوڕەسمی ٢١ ساڵە تێرۆڕی میکۆنۆس




کۆمیتەی ناوچەی «ئۆریگێن» ی حیزبی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانو ژنانی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢٨ ی سێپتامبری ٢٠١٣، سمینارێکی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی مێکۆنوس لە ٢١ ساڵەی تێرۆری مێکۆنۆس‌دا بەڕێوە برد

سەرەتای ئەو سمینارە بە کۆپەلە شێعرێکی شێرکۆ بێکەس لەلایەن رووبار کەریمی، بەڕێوەبەری بەرنامەکەو سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکردو خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێی ئازادیی کورد و کوردستان ڕاگەیەندراو بە دانانی مۆم و گوڵ لە پێش وێنەی نەمران دوکتور شەڕەفکەندیو شەهیدانی دیکەی میکۆنۆس، ڕێزیان لە خەبات و تیکۆشانی ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانە گرت.

باسی سیاسیی سمینارەکە، کە بۆ باس لە سەر «تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و کارەساتی میکۆنۆس» تەرخان کرابوو، لە لایەن حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریو بەرپرسی کۆمیتەی باکوریی ئەمریکا پێشکەش کرا.

حەسەن حاتەمی لەباسەکەی دا، وێڕای ڕێزلێنان لە شەهیدانی برلین دکتور سادق شەرفکەندی، فەتاح عەبدولی، همایون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی، باسێکی کورتی لەسەر تێرۆڕیزمی کۆماری ئیسلامی لەنێوخۆی کوردستان، ئێران و دەرەوەی وڵات، لە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی کەسایەتیی دوکتور سەعیدو، نەخش و خزمەتی بە جووڵانەوی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکڕات.

شایانی باسە لەو سمینارە دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دڤەری ئۆریگێن، نوێنەرانی حیزبە سیاسی‌یەکانو ژمارەیەک لە ئەندامان و دۆستانی حیزب بەشداری ئەو سمینارە بوون.

بریتانیا

## بەشداریی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنفڕانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا



نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا لەسەر بانگهێشتی ڕسمیی حیزبی کرێکارانی بریتانیا بەشداری لە کۆنفڕانسی ساڵانەی ئەو حیزبەدا کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ١ ی ڕەزبەر لە شاری برایتۆن کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا بۆ بەشی نێونەتەوەیی دیدارێکی تایبەتیان پێک هێناو، ئەم کۆبونەوەیە بۆ ناساندنی تیمی نێونەتەوەیی حیزبی کرێکار بە میوانانی بیانیو شیکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزبی کرێکار بۆ میوانەکان بەڕێوەچوو.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرمان بەشێکی بەرچاو لە میوانانی بیانی بەشداری ئەو کۆبونەوە تایبەتە بوونو لەلایەن خاتوو هاریەت هارمن، جێگری سەرۆکی حیزبی کرێکارو هەروەها وزیری ڕۆشنبیریو میدیاو وەرزش و هەروەها لین مەک نیکۆل، سکرتێری گشتیی حیزبی کرێکارەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە پەراوێزی کۆنفڕانسەکەدا مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبریتانیا لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە بەشداربووان دیدار و چاوپێکەوتنی پێک هێناو لەسەر خەباتیو چالاکی‌یەکانی حیزبی دێموکرات و سیاسەت و ڕوانگەکانی حیزب، هەروەها زەبروزەنگ و پێشێلکارییەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانی دژ بە گەلەکەمان قسە و باسی کرد.

شایانی باسە نوێنەری حیزب لە بریتانیا توانی لە نزیکەوە چاوی بە خاتو کەمبێرلی نوێنەری بزوتنەوەی گۆران و دێموکراسی لە وڵاتی زیبابویێ، سکرتێری ڕێکخراوی قوتابیان لە جمهوریی کامێرۆن، پێنجەمین سکرتێری بەرەی سۆسیال دێموکراتو هەروەها بەرپرسی میلی یەکیەتیی لاوانی سۆسیالیست، دکتور ڕەزا تەبریزی، بەرپرسی کۆمەڵگای ئەنگۆلاو قەزاقستان، دانیەل لە حیزبی گەلی کۆمەلگا لە وڵاتی گینە بکەوێ.

ڕۆژی دووهەمی کۆنفرانس تەرخان کرابوو بۆ پێکهینانی کۆبونەوەی تایبەت و دیدار و چاوپێکەوتن لە نێوان بەشدارانی نێونەتەوەی و بالوێزخانە و دیپلۆماتەکان.

لە درێژەی کاری ئەو کۆنفڕانسە دا، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە لە یەکێک لە سالۆنەکانی هوتێل هیلتن کۆبونەوەیەک بۆ وەڵامو پرسیاری بەشدارانی کۆنفڕانسی ساڵانەی لیبەر پارتی ڕێک خرا. سەرەتای کۆنفڕانسەکە بە پرسیاری میوانان دەستی پێکرد و پرسیارەکان لەلایەن داگلاس ئەلکساندر ئەندامی پارلمانو وەزیری سێبەر بۆ وەزارەتی دەرەوەو، ئیفان لویس، ئەندامی پارلمانی بریتانیاو وەزیری گەشە پێدان بۆ کاروباری نێودەوڵەتیو، جیم مۆرفی ئەندامی پارلمان و وەزیری سێبەر بۆ وەزارەتی بەرگری، وڵام درانەوە.

لەو کۆنفڕانسەداو لە پیوەندی لەگەڵ سووریەدا کە زیاتر پێوەندی بەکێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە چەندین پرسیار هاتنە گۆڕێ.

شایانی باسە مەولوود سوارە، ئەندامی رێبەریو نوێنەری حیزب لەبریتانیا کە بەشداری هەموو ئەو کۆبوونەوانە بوو، توانی لە نزیکەوە لەگەڵ بەشێکی بەرچاو لە میوانان و ئامادە بووانی ئەو کۆنفڕانسە و هەروەها ستافی نێونەتەوەیی پارتی کرێکاران دا دیدارو چاوپێکەوتن بکاو لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لۆگۆی حیزبی پێشکەشی ئێد میلیباند، سەرۆکی پارتی کرێکارانی بریتانیا کرد.

تایبەتمەندییەکی دیکەی دیموکراتیک بوونی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو کە لیستو کەسایەتییەکان لە ڕووی ئیدئۆلۆژی‌و لە ڕووی سیاسییەوە گەلێک جۆراوجۆر بوون؛ لە حیزبە نەتەوەیی‌و سکۆلارەکانەوە بگرە تا حیزبە ئیدئۆلۆژی‌و مەزهەبییەکان، لە حیزبە چەپەکانەوە بگرە تا ڕاستەکان، لەم هەڵبژاردنەدا لە پێشبڕکێ دابوون.

مستەفا مەعروفی

ڕادەی ملدانی دەسەڵات بۆ ئاڵوگۆڕ لە بەستێنی ڕێزگرتن لە داخوازەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ، لە گرەوەی هاتنەمەیدانی وشیارانەی خەڵک و بوونی بزووتنەوە جۆراوجۆری ئەوان دایە. هەر بۆیە کار کردن لە سەرڕێکخستنی نارەزایەتییەکان وخستنەڕووی چاوەڕوانییەکانی خەڵکو قۆستنەوەی زەرفیەتەکان و دەرفەتەکان، دەبێ ببێتە یەک لە ئەولەوییەتەکانی تێکۆشان و خەباتی هێزێکی بەرپرسو خاوەن پێگەی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان.

کۆمیتەی ناوەندی



# ئاکارە دێموکراتیکەکانی هەڵبژاردنی پارلمانی هەرێمی کوردستان

مستەفا مەعرووفی

لە ڕۆژی ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٣دا چوارەمین دەوری هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو. لە ناوچەی دەروبەری هەرێمی کوردستاندا جگە لە وڵاتی تورکیە کە نیمچە دیموکراسییەکی تێدا هەیە، شوێنەوارێک لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیک بەدی ناکرێ. هەرێمی کوردستان لە وڵاتیکی وەکوو عێراقدا کە دەیان ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری‌و توندوتیژی دابووە، ئێستا بە شیوەیەکی دیموکراتیک چوارەمین دەوری پارلمانی خۆی هەڵ بژاردوە کە هەم لە چاو وڵاتانی دەوروبەری خۆی کە سەدان ساڵە ئەزموونی دەسەڵاتیان هەیە دێموکراتیکترە هەم لە چاو دەورەکانی پێشووی ڕێکوپێکتر و پێشکەوەتووترە. با لەوە گەڕێێن کام هێز سەرکوتووەو کامیان نا، گرنگ ئەوەیە پرۆسەکە سەرکەوتوەو ئیرادەی نەتەوەی کورد لەم بەشەدا ئەمە بووە. با لەوەش گەڕێین کە کەموکورتییەکانی ئەم هەڵبژاردنە چ بوون، چونکە هەم هەڵبژاردنی وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتیش بێ کەموکورتی نیەو هەم چاوەدێرانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان باشتر کەموکورتییەکان دەبینن کە باسی بکەن.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بزانین بەشێک لە نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد کە بە دەیان میلیۆن حەشیمەتەوە حاشا لە بوونو لە مافەکانی دەکرێ، لەم بەشەی کوردستان‌دا کە دسەڵاتی خۆی بەدەستە چۆن‌و بە چ شێویەک دەسەڵاتەکەی بەڕێوە دەبا. ئەم هەڵبژاردنە خاوەنی هێندێک ئاکارو تایبەتمەندیی دیموکراتیکە کە ئاسۆیەکی ڕوون‌و داهاتوویەکی گەشی بۆ هەرێمی کوردستان تێ‌دا بەدی دەکرێ.

پێشبڕکێیەکی توند لە نێوان ژمارەیەکی بەر چاو لە هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکان‌و کەسایەتییەکان‌دا هەبوو کە ئەمە بۆخۆی لایەنی دیموکراتیکیی ئەم هەڵبژاردنە دەگەیەنێ؛ ١١٤٢ کەس لە ٢٤ لیستدا لەو هەڵبژاردنەدا بۆ پڕکردنەوەی١١١ کورسی لە پێشبڕکێ دابوون کە ١١١٧کەس لە زۆرینەی کورد بۆ بەدەستهێنانی ١٠٠ کورسی‌و ٢٥ کەس لە کەمایەتییە نەتەوەیی‌و ئایینییەکان بۆ بەدەستهێنانی ١١ کورسی، هەوڵیان دەدا. دەزگایەکو ناوەندێکی بەرز ڕێ‌وشوێن‌و بیرو باوەڕەکانی خۆی نەکردبووە پێوانە بۆ ئەوەی بەسەر کاندیدەکانی‌دا بسەپێنێ، بەڵکوو هەر کەس نوێنەرایەتیی بیرو باوەڕێک یان حیزبێکی دەکرد کە ئازادانە تێی‌دا بۆتە ئەندام.

تایبەتمەندییەکی دیکەی دیموکراتیک بوونی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو کە لیستو کەسایەتییەکان لە ڕووی ئیدئۆلۆژی‌و لە ڕووی سیاسییەوە گەلێک جۆراوجۆر بوون؛ لە حیزبە نەتەوەیی‌و سکۆلارەکانەوە بگرە تا حیزبە ئیدئۆلۆژی‌و مەزهەبییەکان، لە حیزبە چەپەکانەوە بگرە تا ڕاستەکان، لەم هەڵبژاردنەدا لە پێشبڕکێ دابوون.




لایەنێکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بوو کە لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی‌و ئایینیەوەش جۆراوجۆر بوو؛ لە هەرێمێکدا کە زۆربەی هەر زۆری لە ڕووی نەتەوەیی‌و ئایینیەوە یەکدەستە، کارێکی وا کرابوو کە مافی کەمینە نەتەوەیی‌و ئایینییەکانی دیکەی وەک تورکمان، کلدانی، ئاشووری ئەرمەنی‌و مەسیحی بە هۆی سیستمی « کۆتا» بپارێزرێ بە گوێرەی ڕێژەی خۆیان ١١ کۆرسیان بۆ دەستەبەر بکرێ. دێموکراسی ئەو وەختە دیموکراسییەکی ڕاستەقینەیە کە مافی «کەمایەتییەکان» بپارێزرێ.

لە وڵاتێکدا کە سوننەتێکی لەمێژینەی لە پشتگوێخستن‌و تەریک خستنەوەی ژنان‌دا هەیە، بە مەبەستی چالاککردنی ژنان‌و کەڵکوەرگرتن لە تواناو لێهاتووی ئەوان لە کاروباری سیاسی‌دا، ٣٠٪ی کورسییەکانی پارڵمان بە پێی سیستمی کۆتا بۆ ژنان تەرخان کراوە. ئەم میکانیزمە لەم هەڵبژاردنەدا بێگومان یارمەتییەکی زۆر بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا دەکا.

بەشداریی زیاتر لە ٧٠٪ی خەڵک لە دەنگداندا کە بە حەزو ئارەزووی خۆیان، بێ‌ئەوەی دەسەڵاتێک بە میکانیزمی جوراوجۆر ناچاری کردبن بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، نیشانەیەکی باشە لە ئۆگریی ئەوان بە چارەنووسی سیاسیی خۆیان‌و حکوومەتی هەرێم.

ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا جێی سەرنجە، بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستان دایە. لەم هەڵبژاردنەدا ئۆپۆزیسیۆن پلەی دووەمی لە نێو لیستەکان‌دا بەدەست هێناوەو بە پێی قانوون دەتوانێ لە حکوومەتدا بەشدار بێ. ئەم ئاڵوگۆڕە نە لە ڕێگای کوودتاو نە لە ڕێگای زۆرەوە ڕووی داوە، بەڵکوو لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە ڕووی داوە کە نیشانەی ڕوون‌و ئاشکرای دیموکراسییە. ئەمە لە ناوچەیەکدا کە زیندانی وڵاتانی ناوچەکە-بۆ وێنە ئێران – پڕن لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن ئێعدام دەکرێن‌و ڕەخنەگران ناچارن وڵات بەجێ بێڵن، دەسکەوتێکی گەورەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە شوێنەواری دەیان ساڵ دیکتاتۆری‌و توندوتیژی لە عێراق ساڵانێکی زۆری دیکەی دەوێ تاکوو بە تەواوی لادەچێ، بۆیە ئەم دیموکراسییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە دیموکرسییەکی گەنجە. هەرچەند تەمرینێکی زۆری دەوێ تاکوو لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و فەرهەنگی‌دا نیهادینە دەبێ، بەڵام لەم دەیەی دوایی‌دا گەلێک کاریگەریی پۆزەتفی هەبووە؛ چالاکیی دەیان حیزب‌و ڕێکخراو بە بیروبۆچوونی جیاوازەوە، ئاسایشێک کە ژیانی دانیشتوانی پاراستوەو ئاوەدانی‌و ریفاهی ئابووری لە شوێنەوارەکانی ئەو ئازادییەن. هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەش یەکێک لە دەسکەتەکانی ئەو دیموکراسییە گەنگەیە کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە.



دڕێژەی:

## ڕاگەیەندراو لە بارەی پێکهاتنی هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەیی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

چارەیەکی دیکە جگە لە ملدان بۆ پاشەکە ونەرمکردنەوەی گوتار و هەڵویستی هەمیشەیی خۆیان، نەبوو. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە ئاماژە بە قسەکانی ڕۆحانی لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەی ناوبراو وەزیری دەرەوە وهەیئەتی هاوڕێی لەم سەفەرە دا کردیان، هەر وەها نیشانەکانی هێندێک گۆڕان لە سیاسەتە نێوخۆییەکانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، وێڕای بە گرنگ نرخاندنیان، پێی وابوو لە لێکدانەوە و داوەریکردن لە بارەی ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسییانە نابێ دوو خاڵی جەوهەری لە بیر بکرێن. یەکەم ئەوە کە ئایا ئەم ئالوگۆرانە تەنیا لە چوارچێوەی تاکتیک و مانۆڕ و زیاتر لە بەستێنی سیاسەتی دەرەکی دا دەمێننەوە یا دەبنە سیاسەتی هەمیشەیی و لەمەودوای کۆماری ئیسلامی؟ دووهەم ئایا کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆیی ولە بەستینی ماف و داواڕەواکانی خەڵکی ئێرانیش بە تایبەتی ڕووبەڕوو بوون لە گەڵ مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی نەتەوەکانی ئێران بە تایبەتی نەتەوی کوردییش دا، ئامادەیی بۆ گۆڕان وچاوخشاندنەوە بە سیاسەتەکانی خۆی دەبێ؟ پلینۆم وێڕای ورياييدان لەو بارەوە کە کۆمەڵانی خەڵک و لایەنە سیاسییەکان، لە لایەکەوە نابێ تووشی گەشبینی و خۆشبینیی لە خۆڕا و داوەریی بە پەلە بن، لە لایەکی دیکە نابێ لە بازنەی داوەرییە کلیشەییەکانیان لە بارەی کۆماری ئیسلامییەوە قەتیس بمێننەوە. داواکاریش بوو حیزبی ئێمە وهێز لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات دوو پرسی گرنگ لە بیر نەکەن و بە جیددی کاریان لە سەر بکەن. یەکەم: ئەو ئاڵوگۆڕانەی کۆماری ئیسلامی لە دوای هاتنەسەرکاری حەسەن ڕووحانی ملیان بۆ ڕادەکێشێ، لە خزمەت مانەوەی ئەو نیزامە و دوورکردنەوەی هەڕەشە و مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لەو نیزامە دان، بەڵام هەر لەو کاتەش دا، ڕێخۆشکەر دەبن بۆ کرانەوەی کەشوهەوای سیاسی و دروستبوونی دەرفەت بۆ هاتنەگۆڕی ویستەکانی خەڵک. دووهەم، ڕادەی ملدانی دەسەڵات بۆ ئاڵوگۆڕ لە بەستێنی ڕێزگرتن لە داخوازەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ، لە گرەوەی هاتنەمەیدانی وشیارانەی خەڵک و بوونی بزووتنەوە جۆراوجۆری ئەوان دایە. هەر بۆیە کار کردن لە سەرڕێکخستنی نارەزایەتییەکان وخستنەڕووی چاوەڕوانییەکانی خەڵک و قۆستنەوەی زەرفیەتەکان و دەرفەتەکان، دەبێ ببێتە یەک لە ئەولەوییەتەکانی تێکۆشان و خەباتی هێزێکی بەرپرس و خاوەن پێگەی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە درێژەی ئەو باسە دا شانس ودەرفەتە سیاسی و خەباتگێڕانەکانی بەر دەم حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاستی نێوخۆیی وناوچەیی دا، قسە و ڕاوێژی پیویستیان لە سەر کرا.

دووهەم بابەتی دەستووری کاری پلینۆمی هەشتەم، هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی ڕەهەندەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەستنیشانکردنی ئەولەوییەتەکانی تێکۆشانی ئەو حیزبە لە بەر ڕووناکایی ئالوگۆڕە پێشبینیکراوەکان لە ئاستی کوردستان و ئێران دابوو. لەم پێوەندییەدا، بەشدارانی پلینۆم خاڵە بە هێز و لاوازەکانی تێکۆشانی حیزبیان لە بوارەکانی ڕێکخستن،ڕاگەیاندن،حوزووری ڕاستەوخۆی تێکۆشەرانی حیزب لە نێو خەڵکدا، وچەند و چۆنی پێوەندیی ڕێبەری و تێکۆشەرانی حیزب بە بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خستە ڕوو و بە سەرنج و ڕێنوێنیی خۆیان بەرچاو ڕوونیان دایە کۆمیسیۆن و دامەزراوە پێوەندیدارەکان.

لە درێژەی ئەم باسە دا سکرتێری گشتی ، لە سەر ڕاسپاردنی پێشووی دەفتەری سیاسی سەرنجی بەشدارانی پلینۆمی بۆ لای پرسیارێکی جەوهەری ڕاکێشا کە ئەویش داهاتووی ناڕوونی نفووز و کارتیکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر کۆمەڵگە لە درێژەی دوورە پەرێزیی ئەوان لە کایە و ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی وڵات دا بوو. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە بارەی چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی حیزبی ئێمە لە گەڵ دەرئەنجامەکانی ئەو دۆخە و پێشوازی و پشتیوانی لە فکرەی بەستێنسازی بۆ شێوە پشتگوێخراوەکانی خەباتی خەڵک، دەفتەری سیاسی و کۆمیسیۆنە پیوەندیدارەکانی ڕاسپارد وێڕای کۆکردنەوەی داتای پێویست لە سەر زەمینە و هۆکارەکانی کێشە و پرسە سیاسی، نەتەوەیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئێستای کۆمەڵگە، پڕۆژە و پلانی بۆبەڕێخستن، ڕێنوێنی یا پشتیوانیکردنی حەرەکەتە ئیعتڕازییەکان هەبێ. ئەمەش بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە گواستنەوەی قورسایی تێکۆشان بۆ ژوورەوە، ناسینی ورد و ڕوونی ئاڵوگۆرەکانی نێوخۆی کوردستان و ئێران و هاندانی ژمارەیەکی هەرچی زیاتری چین و توێژ و بەشەکانی کۆمەڵگە بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانیان هەیە. لەم ڕاستایە دا پلینۆم دووپاتی کردوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەک دۆست و یارمەتیدەر لە چالاکان و تێکۆشەرانی سیاسی، کولتووری و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە نادەولەتییەکانیان دەڕوانێ و لەو باوەڕە دایە کە پێویستە لە داهاتوو دا زیاتر لێیان نزیک بێتەوە.

هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، سێهەمین برگە لە دەستووری کاری خۆی بۆگوێلێڕاگرتن و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی هەوڵ و چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دا تەرخان کرد.پلینۆم، هەر لەو کاتە دا کە خوێندنەوە و تێبینی و ڕەخنەکانی دەفتەری سیاسیی لە بارەی چەند و چۆنی هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ پێکهێنانی ئەم کۆنگرەیەو جێگەو پێگەی تەرخانکراو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە دروست زانی، هاوکاری و هاوهەنگاویی حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستانی لە گەڵ یەکتر لە چوارچێوەی کۆمیتەی ئامادەکاردا، بە نموونەیەکی سەرکەوتوو و ڕێخۆشکەر بۆ کاری دیکە لە داهاتوو دا، ناوبرد.لەم پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندی، وێڕای بە بەرپرسانە ناوبردنی هەنگاونان لە پێناوی دروستکردنی ئیرادەی نەتەوەیی و گوتاری هاوبەش لە ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستاندا، لە سەر پیویستیی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک ئوسوول و پرەنسیپی لە کۆنەوە جێکەوتووی حیزبی دیموکرات لە قەرار و بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەکە دا پێی داگرتەوە.

هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی ئاوڕێکیشی لە پێوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزب و ڕیکخراوە سیاسییەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دایەوە و بەر ڕووناکایی گرنگترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لەهەر کام لە بەشەکانی کوردستان، ڕێنوێنی و تێبینی و ڕاسپاردەی پیویستی لە ڕاستای بەردەوامی و بە هێزکردنی پیوەندییە کوردستانییەکانی حیزب ، دایە دەفتەری سیاسی.

لە چوارەم برگە لە کاری پلینۆمی ئەمجارە دا، بەشداران لە بارەی چەند پرسێکی نیوخۆیی و تەشکیلاتی، ئالوگۆڕی بیروڕایان کرد و بەرچاوروونیی پێویستیان بە دەفتەری سیاسی دا.

هەشتەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەیەم، دوانیوەڕۆی سێشەمە ٩ی ڕەزبەر(١ی ئۆکتۆبر) بە دوای ١١ کۆبوونەوەو دانیشتن و ئالوگۆڕی ڕاشکاوانە و بەرپرسانەی بیرورا لە بارەی گرنگترین پرسەکانی پیوەندیدار بە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣**
**١٠ی ڕەزبەری ١٣٩٢**

**ئەگەر بە وردی سەیری پێوەندیی ئێرانو ئەمریکا لە ٣٥ساڵی ڕابردوودا بکەین دەبینین ئەم دوو وڵاتە زۆرترین پێوەندییان چ بە شێوەی ئەرێنیو لە هێندێک بابەتدا بە شێوەی ئەرێنی، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر هەبووە. ئەگەر بە شێوەی ئاسۆییو ستوونی لەم مێژووە ٣٥ ساڵەیە بڕوانین، خاڵی زەقو بەرچاو کارابوونی پێوەندییەکان (ئەرێنیو نەرێنی)ی ئێرانو ئەمریکایە.**

ئارەش لۆرستانی

**وایدانێین هەڵوێست و کردەوەکانی ڕێژیم تاکتیکێکن بۆ ڕزگار بوون لە هەلومەرجی ئێستای خۆی. ئەگەر بە ڕاستی قسەکانی ئیسرائیل ڕاست بێ و وەسفی ئەوان بۆ سەرۆک کۆماری ئێران (گورگێک لە بەرگی مەڕدا) ڕاست بێ و کردەوەکانی ڕێژیم بۆ فریودانی ڕای گشتیی جیهان و کڕینی کات بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بێ، بە وەبەرچاوگرتنی قسەکانی ئۆباما و نێتانیاهۆ (سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل) و سەرنجی تەواوی ئیسرائیل بە هەڵسوکەوتی ئێران، ڕێبەرانی تاران ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بەو یارییە بدەن**

موختار نەقشبەندی

# هەڵسەنگاندنی ڕەوتی نوێی پێوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکا



ئارەش لورستانی

و: سیروان موساپوور

پێوەندییەکانی ئەمدواییانەی ئێرانو ئەمریکا لەباری سیاسییەوە بە چ شێوەیەک شیاوی لێکدانەوەو شرۆڤەکردنەو داخوا ئەم پرۆسەیە وەک خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بە شێوەیەکی تایبەتو دنیای سیاسەت بە شێوەیەکی گشتیی دێتە ئەژمار؟ ڕۆڵی وڵاتانی سێهەم لەم دانوستانانەدا چیە؟ ڕاگەیەنە گشتییەکانو شرۆڤەکاران چ کاریگەرییەکیان لەسەر ڕەوتی وتووێژەکان هەبووەو دەبێ؟

ئەگەر بە وردی سەیری پێوەندیی ئێرانو ئەمریکا لە ٣٥ساڵی ڕابردوودا بکەین دەبینین ئەم دوو وڵاتە زۆرترین پێوەندییان چ بە شێوەی ئەرێنیو لە هێندێک بابەتدا بە شێوەی ئەرێنی، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکتر هەبووە. ئەگەر بە شێوەی ئاسۆییو ستوونی لەم مێژووە ٣٥ ساڵەیە بڕوانین، خاڵی زەقو بەرچاو کارابوونی پێوەندییەکان (ئەرێنیو نەرێنی)ی ئێرانو ئەمریکایە. پێوەندییەک کە لەوانەیە بگوترێ ئەمریکا لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ کەمتر وڵاتێک وەها پێوەندییەکی ئەکتیڤو کارای هەبووەو کەمتر پێوەندییەکی سیاسیی توانیویەتی لەم ئاستەدا کارتێکەرو کارتێکراو بێ.

کێشەی سووریەو ڕادەی شوێندانەریی ئێران لە سیاسەتی ناوچە، بەهێزکردنی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییو تیرۆریستییەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەو ڕۆڵی کاریگەری ئێران لە تێکدانی نەزمی نوێی جیهانی کە زلهێزەکان بە تایبەت ئەمریکا دەیانەوێ لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاری بێنن، چەند ساڵێکە بە شێوەی یەکێک لە گرنگترین ئەولەوییەتە سیاسییەکانی ئەمریکاو زلهێزە جیهانییەکانی لێهاتووە. ئەگەر سەیری وڵاتانی دراوسێی ئێران بکەین دەبینین لە تەواوی ئەو وڵاتانەدا ئەمریکا یان هێزی جێگیر کردووە یان ئەم وڵاتانەی کردوونە دۆستو هاوپەیمانی خۆی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دیسانەکەش کۆماری ئیسلامی توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێو ناوچەکە هەروا بە نائارامی بێڵێتەوە. تێپەڕبوونی لە سەدای شەست (٦٠٪)ی وزەی دنیا لە گەرووی هۆرمز کە لە سنووری کۆنترۆڵی کۆماری ئیسلامی دایەو هاوپەیمانی لەگەڵ سووریەو لوبنانو هێندێک لە لایەنە گرنگەکانی فەلەستین بۆ نائارام کردنو قەیراناوی کردنی کەناڵی سوئێز، بارودۆخێکی باشو دڵخوازی بۆ کۆماری ئیسلامی خوڵقاندووەو بە ڕێکەوت نیە کەسێکی وەک مێهدی تائێب دەڵێ: ئەولەوییەتی پاراستنی سوریە بۆ کۆماری ئیسلامی لە خوزستان زیاترە.

کاریگەریی بزووتنەوەی سەوز لەسەر ڕاپەڕینەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبیو پاراستنی بەشار ئەسەد لەلایەن کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بزووتنەوەی بەربەرینی جەماوەرییو کەشی ڕەخساوی نێونەتەوەیی بۆ قبووڵکردنی ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی سووریە، پێوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکای خستە فازێکی نوێو قۆناغێکی دیکەوە کە تێیدا دەبێ ڕەوشی هاوسەنگیی هێزو ڕادەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکاو کۆماری ئیسلامی بە هەمان شێوە کە ڕووحانیو ئۆباما لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جەختیان لەسەر کردەوە، دیاری بکرێ.

ئۆباما وەک زۆر لە سەرۆک کۆمارەکان کە لە خولی کۆتایی دەسەڵاتداریی خۆیاندا بەدوای وەدەسهێنانی میراتیی سیاسی کە ئیعتبارو پرستیژی درێژخایەنیان بۆ لەگەڵ خۆ بێنێ، لە بەرژەوەندیی خۆیو حیزبەکەیدا تێدەکۆشێو هەروەها قەیرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندتر بووە، ئیزنی کەمتەرخەمیی یان کردەوەی نزیکو دوور بە گەورەترین هێزیی سیاسیی دنیا نادا چونکە «دوای بەهاری عەرەبی»و قەیرانی سووریە، ئەمریکاو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەبێ بۆیان ڕوون بێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ ڕۆڵو پێگەیەکیان هەیەو بەرژەوەندییەکانیان لە هەستیارترینو ئیستراتیژیکترین ناوچەی جیهان چۆن سەرلەنوێ پێناسە دەکەنەوە.

هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەپێناو بەرنامەی ناوکی، بەهێزکردنی هێزە زەمینی، هەوایی، دەریایی، ئیتلاعاتیو ئەمنییەتییەکان کە لە بواری نیوخۆییو دەرەکی بتوانن بە شێوەیەکی کارا بێنە مەیدانو زەقتربوونەوەی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەداو هەروەها، ئەو بوارە گونجاوەی کە قەیرانە داراییە نێودەوڵەتییەکان لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدا هێنایەئاراوەو کاتو دەرفەتی زیاتریان بۆ بەهێزکردنو ڕێکخستنەوەی هێزەکان بە کۆماری ئیسلامی دا، ئەمریکای ناچار کرد کە گەورەترینو بێپێشینەترین گەمارۆ ئابوورییەکان بخاتە سەر ئێرانو تەنانەت تێچووی زۆر گەورەو گرانیش بۆ ڕازیکردنو بەشداری پێکردنی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەم پرۆسەیە بدا.



ئەگەر لەم ڕووبەڕووبوونەوەو کێشمەکێشانە بڕوانین دەبینین کێشەکە تەنیا لەسەر بەرژەوەندییەکانی دوو سیستەمی دەسەڵاتدارەو لە بنەڕەتدا مافی مرۆڤو دروشمە مرۆڤدۆستییەکان تەنیا وەک دروشم دەخرێنەڕوو و بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە هەواڵدەریی فارس لە زمان کامران باقری لەنکەرانی، سەرۆکی توێژینەوەکانی سیاسەتدانانی سەلامەت لە خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی نووسی: ڕۆژانە ٦٣ کەس بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆ لە ئێران دەمرن و دوو هەزار کەسیش بریندار دەبن کە لە سەدا شەستیان لە ڕێگەوبانەکانی دەرەوەی شارەکانەو ژمارەی مردووەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەشت ساڵی ڕابردوو لە کوژراوانی شەڕی ئێرانو عێراق زیاترە. یان هەواڵدەریی ئیسنا لە زمان فەرشیدی یەزدانی، ئەندامی ئەنجوومەنی پشتگیری لە مافی منداڵان دەنووسێ: «ڕادەی هاوسەرگیریی منداڵان بە بەراورد لەگەڵ گشت هاوسەرگیرییەکان لە ساڵی ٨٥ بۆ ٨٩، لە سەدا ٤٥ زیادی کردووە.» نموونەی لەم چەشنە گەلێک زۆرن کە دەری دەخەن وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت ئەمریکا هەرگیز دەرحەق بە کارەساتە مرۆییەکان کەدەتوانرێ نێوی «وەچەکوژی» لێ بنرێ، دژکردەوەیەکی شوێندانەری نیشانی نەداوە و تەنیا بەرژەوەندییەکانی هێزە سیاسییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن و تەواوی کردەوە و قسەکانیان لەسەر ئەم بنەمایە پێناسە دەکەن.

لەم نێوەدا دوو گرووپی دیکەش ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە و لە ئاراستەکردنی هاوکێشە سیاسییەکان بەشدارن. یەکێکیان وڵاتانی سێهەم وەک ئیسرائیل کە بە ئانقەست بە هەڵوێست و کردەوەگەلی لە چەشنی ناتانیاهوو هەوڵ دەدەن بە قەیراناویترکردنی بارودۆخ، هاوکێشەو ئاڵوگۆڕەکان لە بەرژەوەندیی خۆیانو هاوپەیمانەکانی وەک ئەمریکا بەکار بێننو، بە کردەوە ئەمریکاو هاوپەیمانانیشی لە هەر بارودۆخێک لە وڵاتانی وەک ئیسرائیل کە وەک گرەنتیی کۆنترۆڵی کەناڵی سوئێز و ئامرازی گوشار لەسەر هێزە هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە بۆ کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بەکار دەهێنرێن، پشتگیرییان لێ بکرێ. گرووپی دووەم ئەو شرۆڤەکارانەن کە لە ڕاگەیەنەکاندا بە ڕەخساندنی کەشەکە لە بەرژەوەندیی ئەمریکا یان ئێران پەرە بە قەیرانەکان دەدەن یان بیروڕای گشتی بە ئاراستەیەکی تایبەت کە لە بەرژەوەندیی هەریەک لەم وڵاتانە دابێ، ڕێنوێنیی دەکەن.

لەم هەلومەرجەدا گرنگترین خاڵو ئەرکی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی کە وەک ئەکتەرە سیاسییەکان بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران هەوڵ دەدەن ئەوەیە کە لە بارودۆخی ئارایی لەپێناو خستنەڕووی داواکارییو کێشەکانیانو پێویستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران کەڵک وەرگرنو کردەوەو هەڵسوکەوتیان تەنیا لەپێناو بەرژەوەندییەکانی تەواوی نەتەوەکانی ئێران بخەنەگەڕ و بە چاوی دەرفەت لە هەر پێشهات و قەیرانێک کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران دایە، بڕوانن بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان وەک کاراکتێر نەک تەنیا شرۆڤەکار بە دروستی بگێڕن.

# پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا، گۆڕانی ستراتێژی یان تاکتیک



موختارنەقشبەندی

و: مەسعوود ڕەواندووست

دوابەدوای سەفەری ڕووحانی بۆ نیۆیۆرک بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و گۆڕانی لەحن و قسەکانی سەرۆک کۆمارەکانی ئێران و ئامریکا و، چاوپێککەوتنی ٢٥ خولەکیی وەزیرانی دەرەوەی ئەم دوو وڵاتە و هەروەها قسە هیوابەخش و ئاشتیخوازانەکانی دیپلۆماتەکانی هەردوولا لە وتووێژەکانیان لەگەڵ ڕاگەیەنەکان‌دا و لە هەمووی گرنگتر وتووێژی تەلەفۆنیی چاوەڕوان نەکراوی ئۆباما و ڕووحانی کە دەنگدانەوەیەکی بەرینی لە ڕاگەیەنەکان‌دا هەبوو، ڕای گشتیی لەگەڵ پرسیارێکی گرنگ بەرەوڕوو کردەوە کە داخوا ئێران خەریکە ستراتێژیی خۆی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا بگۆڕێ یان ئەمانە تەنیا تاکتیکن؟

مێژووی پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا خاڵی تاریک و ڕەشی زۆری تێدایە کە گرنگترینیان کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە ئێران لە لایەن ئامریکا و، هێرشی دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمی تاران بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران لە ساڵی ١٣٥٨ و بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتە ئامریکاییەکانن. بەڵام ئەوەی لە چەند دەیەی ڕابردوودا بۆتە هۆی دوژمنایەتیی ئێران و ئامریکا دژایەتی و دژ بە یەکبوونی بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بووە.

لە پێکهاتەی سیاسیی دنیادا پێوەندیی نێوان وڵاتەکان بەستراوەتەوە بە بەرژەوەدنەی نەتەوەیی و بەرژەوەندی حکووتی وڵاتەکانەوە. لە هەڵسوکەوتی ئامریکا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە تا ئێستا بەو ئاکامە دەگەین کە ستراتێژیی ئامریکا زاڵبوونی تەواوی ئابووری، نیزامی، سیاسی و کەلتووری بووە بەسەر هەموو جیهان‌دا و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە زۆرجاران پرەنسیپ و بنەماکانی لیبراڵ دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردوە، یان لانیکەم بایەخێکی ئەوتۆی بە مافی مرۆڤ نەداوە. ستراتێژیی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاراستنی ئیسرائیل و ئەمنییەتی هەناردەکردنی نەوت بۆ ڕۆژئاوا و پاراستنی بەرژەوەندە ئابوورییەکانی خۆی و نفووزی فەرهەنگی و سیاسی لە ناوچەکەدایە، کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە کەمترین بایەخی بە مافەکانی مرۆڤ داوە. بۆ نموونە چەندین ساڵ کوشتاری گەلی کورد لە سووریە، تورکیە، ئێران و عێراقی بۆ گرنگ نەبوو و تورکیە و عەرەبستان وەک هاوپەیمانە نزیکەکانی ئامریکا، مافەکانی مرۆڤیان بە توندی پێشێل کردوە.

ستراتێژیی ئێران دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ و بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی گۆڕا. جیا لەم پرسیارانە کە هۆکاری شۆڕشی گەلانی ئێران بوون، داخوا بە دوای لەق بوونی پێگەی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران‌دا، ڕۆژئاوا لە ترسی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆمۆنیستەکان لە ئێران یارمەتیی ئیسلامخوازەکانی دا کە بە دەسەڵات بگەن؟ داخوا دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی لە دراوسێیەتیی شوورەوی یەکێک لە بەرنامەکانی ڕۆژئاوا بوو؟ ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا حکوومەتێکی مەزهەبییە و هەر بەو پێیەش ستراتێژیی ئێران لە پێناو پاراستن و پەرەپێدانی بنەماکانی حکوومەتە مەزهەبییەکەی‌دا دیاری کراوە. بە وردبوونەوە لە کردەوەکانی ڕێژیمی تاران و قسەکانی ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ پەرەسەندی سیاسەتە مەزهەبییەکانی ڕێژیم لە هیچ کارێک دریغیان نەکردوە. بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی ئێران لە سەرەتاوە دەیانزانی بۆ پەرەپێدانی سیاسەتە مەزهەبییەکانیان دەبێ بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زاڵ بن، کە ئەم ئامانجەی تاران بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دەخستە مەترسییەوە. ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ترسی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان لە لایەن ئامریکاوە و هەروەها بە هۆکاری ئیدئۆلۆژیکییەوە پێوەندییان لەگەڵ ئامریکا بڕی کە ئەم سیاسەتەی ڕێژیمی ئێران بووە هۆی تێکدانی هاوسەنگیی هێز لە نێوان ئێران و عێراق و بە دوای ئەودا ٨ ساڵ شەڕیماڵوێرانکەری لێ کەوتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی ئێران بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی موسوڵمانەکانی جیهان و نفووز لە وڵاتانی ئیسلامی‌دا دەستی دایە پشتیوانی لە فەلەستین و دژایەتی لەگەڵ بنەمای وڵاتی ئیسرائیل کە ئەم کردەوەیەی ڕێژیم بووە هۆی ئەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئێران ئامریکا بکەوێتە ژێر کاریگەریی پێوەندییە دوژمنانەکانی ئێران و ئیسرائیل. ڕێبەرانی ڕێژیم لە هەر دەرفەتێک‌دا بۆیان بڕەخسێ بۆ دەربڕینی دژایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل کەلک وەردەگرن و بە ئاشکرا باسی لەناوچوونی ئیسرائیل و نەتەوەی ئیسرائیل دەکەن و هەرگیز پشتیوانیی خۆیان لە گرووپە توندڕەوەکانی ناوچەکە وەک حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس نەشاردۆتەوە و بەردەوام لە ڕێگەی سوورییەوە هەوڵی پڕچەک کردنی حیزبوڵڵایان داوە و، بە پشتیوانیی ماڵی و سیاسی لەم گرووپە، بە کردەوە دەست لە کاروباری نێوخۆی لوبنان وەردەدەن.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە لایەن ئامریکاوە، ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتەی مەزهەبیی ئەم وڵاتە کە زۆربەیان شوێنکەوتووی مەزهەبی شیعەن، توانی ببێتە دەورگێڕی سەرەکیی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و بە باوەڕی زۆربەی کارناسانی کاروباری عێراق، نفووزی ئێران لە عێراقدا لە نفووزی ئامریکا زیاترە.

پشتیوانیی ئێران لە گرووپە شیعەکان لە وڵاتانی دەوری کەنداو و دەستتێوەردانی ئێران لە ئەفغانستان و پشتیوانیی ئاشکرا لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بۆتە هۆی تووڕەیی وڵاتانی ناوچەکە و حەساس بوون بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران. لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە هۆی هاوکاری نەکردنی ئێران لەگەڵ ئاژانسی وزەی ئەتۆمی کۆمەڵێک گەمارۆی توندی ئابووری لە لایەن ئامریکاوە بەسەر ئێران‌دا سەپاوە و بۆتە هۆی ئەوەی ئێران لەو ماوەیەدا لەگەڵ وەستانی ئابووری ڕووبەڕوو بێتەوە بەجۆرێک کە بە پێی ڕاپۆرتی بانکی ناوەندی ئاوسانی ئابووریی ئەمساڵ لە سەرووی ٣٥٪ بووە. ئەم گوشارە ئابوورییانە وێڕای تەریک کەوتنەوەی سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بۆتە هۆی ئەوەی ڕێبەرانی ڕێژیم لەحن و قسەکانیان بگۆڕن و ئەوە هێندێک هیوای لە ناوچە و جیهان بە چارەسەری ئاشتییانەی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران دروست کردوە، بەڵام هێشتا ڕوون نیە

ل ٧

**کاتێک بنەماڵەیەک منداڵێک هەڵدەگرنەوە، بەو هەوست و نیازەوە قەبووڵی دەکەن کە بیکەنە منداڵی خۆیان و دایک و باوکایەتی بۆ بکەن، قانوونیش تائێستا هەر بەو ئامانجەوە ئەو منداڵانەی بەبنەماڵەکان سپاردوە، بەڵام ئەو قانوونە دێ ئەو پیرۆزییە دەشێوێنێ کە لە نێوان دایک و باوک و ئەو منداڵەدا هەیە.**

**کوێستان فتوحی**

**دەوڵەتەکان بە درێژایی مێژوو نەک لە گەڵ جیابیرانی خۆیان کۆتا نەهاتوون، بەڵکوو بە توندترین شێوە ڕەفتاریان لە گەڵ ئەو کەسانە کردوە کە بە تاوانباری سیاسی دانراون، هەر بۆیە لە سەرەمی ئێستادا مرۆڤایەتی هەوڵی داوە دەوڵەتەکان پابەند بکا کە لانیکەم لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی وەک کەسانی ئاسایی لە سزاداندا هەڵسوکەوت بکرێ.**

**عومەر باڵەکی**

# گەڵاڵەیەکی دزێو لە چاوەڕوانی پەسند کردن‌دا!



**کوێستان فتووحی**

هەواڵو لێکدانەوەکان لەسەر دیپلۆماسیی ئێران لە دوای هاتنەسەرکاری رووحانی، باس‌وخواسی گەرمی چەند رۆژی ڕابردووی راگەیەنەکانە جیهانی‌و ناوخۆییەکان بوون، بەتایبەتی سەفەری رووحانی بۆ نیۆیۆرک‌و رووداوەکانی دوای تەلەفۆنە مێژووییەکە! وای کرد لەم چەند رۆژەدا مەسەلە نێوخۆییەکانی ئێران زۆر بەبێبایەخییەوە یان زۆر کەم ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگو جێی سەرنجانەی کە لەم رۆژانەدا کەوتە پەراوێزی ئەو باسانەوە، مەسەلەی قانوونی کردنی زەماوەندی سەرپەرست لەگەڵ منداڵی قەبووڵکراو «فرزندخوانده« بوو، بەڵام لەهەمان کاتیش‌دا چالاکان و پشتیوانانی مافەکانی منداڵان لە ئێران، نەیانهێشت ئەو مەسەلەیە بەبێدەنگی تێپەڕێ.

مجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران رۆژی یەکشەممە ٣١ی خەرمانان گەڵاڵەیەکی لە ژێر ناوی «پشتگری لە منداڵان‌و مێرمنداڵانی بێ‌سەرپەرست و خراپ‌سەرپەرست» بۆ پەسند کردن ناردە شورای نیگابان. هێندێک لە ماددەکانی ئەو گەڵاڵەیە لەلایەن چالاکانی مافەکانی ژنان و منداڵان کەوتە بەر رەخنەی توندو بە دژە ئینسانی، دژە ئەخلاقی، دژە بەهاکان و ڕێخۆشکەری توندوتیژی جنسیی پیاوان دژی ژنان و منداڵان ناوی لێنرا.

ئەو مادانەی ناڕەزایەتیی داکۆکیکارانی مافەکانی منداڵانی لێکەوتۆتەوە، مادەی ٢٢ و ٢٧ی ئەو گەڵاڵەیەن کە بەناوی « پشتگری لە منداڵان‌و مێرمنداڵانی بێ‌سەرپەرست» ناردراوەتە شورای نیگابان. بە پێی مادەی ٢٢ی ئەو گەڵاڵەیە «منداڵی وەرگیراو «فرزندخواندەگی» دەبێ لە شناسنامەی ئەو کەسەدا کە منداڵەکە هەڵدەگرێتەوە، سەپت بکرێ، واتە بنووسرێ ئەو منداڵە لە بێهزیستی وەرگیراوە. مادەی ٢٧یش کە زۆرترین ناڕەزایەتی لێکەوتۆتەوە، ئەوەیە؛ پێی حوکمی دادگاو لەسەرخواستی ڕێکخراوی بێهزیستی ئەوکەسانەی لە بێهزیستی منداڵ وەردەگرن‌و دەیکەنە منداڵی خۆیان، قانوون دەبێ ڕێگەیان پێ بدا کە منداڵەکە باڵغ بوو، سەرپەرست دەتوانێ بیکاتە هاوسەری خۆی!

یەکەم جار گەڵاڵەی پشتیوانی لە منداڵان‌و مێرمنداڵانی بێ‌سەرپەرست لەلایەن ڕێکخراوی بێهزیستی‌یەوە ئامادە کرابوو و ساڵی ١٣٨٨ لە لایەن مەجلیسی شورای ئیسلامییەوە پەسند کرابوو. لە پەسەندکراوەکەدا زەماوەند لەگەڵ منالّی قەبووڵکراو «فرزندخوانده» قەدەغە کرابوو. ئەو گەڵاڵەیە پاش پەسەند کردنی ناردرایە شوورای نیگابان، بەڵام شورای نیگابان بە ناوی ئەوەی کە کێشەی شەرعی هەیە، ناردیەوە بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامی.

لە ڕاستی‌دا مەبەستی کێشەشەرعییەکەی شورای نیگابان هەمان ئەو غەدەغەکرانی ئیزدواجی سەرپەرست لەگەڵ منداڵی قەبووڵکراو «فرزندخوانده» بوو، کە شورای نیگابان ئەو خاڵەی بە خیلافی شەرع زانیوەو دەسکاری کردوەو ڕێگە (حەڵاڵ) کراوە منداڵی قەبووڵکراو لەلایەن بنەماڵەوە.

دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە پەسند بکرێ و بەو ئیسلاحاتەوە کە شووورای نیگابان کردوویەتی ئەوە یەکێکە لە کارەساتەکانی قانوون نەک هەر لە بواری پێشێلکردنی مافەکانی ژنان، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێشێل کردنی ئاشکرای مافی منداڵانیش.

## منداڵانی بێ‌سەرپەرست هێندەی دیکە بێ‌پەنا دەبن

کاتێک بنەماڵەیەک منداڵێک هەڵدەگرنەوە، بەو هەوست و نیازەوە قەبووڵی دەکەن کە بیکەنە منداڵی خۆیان و دایک و باوکایەتی بۆ بکەن، قانوونیش تائێستا هەر بەو ئامانجەوە ئەو منداڵانەی بەبنەماڵەکان سپاردوە، بەڵام ئەو قانوونە دێ ئەو پیرۆزییە دەشێوێنێ کە لە نێوان دایک و باوک و ئەو منداڵەدا هەیە. چۆن دەکرێ کەسێک لە قانوون‌دا هەم دایکو باوک بێ هەمیش لە داهاتوودا هاوسەر؟! چ عەقل و تێگەیشتنێک ئەوە قەبووڵ دەکا کە پیاوێک، ژنێک کە قەرارە بۆ منداڵێکی بێ‌پەنا باوکایەتی، دایکایەتی بکا، بەڵام قانوون ئەو مەجالەی بۆ پێک بێنێ دواتر زەماوەندی لەگەڵ بکاو پێوەندیی جینسی لەگەڵی هەبێ؟ ئەوە چ قانوونێکە هەردووی ئەوانەی تێدا جێگیر دەکرێ؟! واتە لە قانوونێکدا بیهێنیەبەرچاو هەم دایک و باوک بی هەمیش لە داهاتوودا هاوسەر!

(ڕێگەپێدراویی زەماوەندی منداڵە قەبووڵکراوەکە لەگەڵ باوک یان دایک) ئەگەر لە قانوون‌دا پەسند بکرێ، تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەش جێگیر نەبێ، بەڵام بەداخەوە دزێوی ئەو کردوەیە وردە وردە لە بیرو زەینی کۆمەڵگەدا دەسرڕێتەوەو ڕەنگە لەداهاتوودا جێ بگرێ، کە دواتر ئەوە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی دەستدرێژی جنسی بۆ سەر منداڵان. پاشان ئەو ئێعتمادو ئەمنییەتە دەروونییەو ئەو هەستەی کە لەو منداڵەدا دەبێ دروست بکرێ، کە ئەو یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵە واتە جگەرگۆشەی ئەو دایکو باوکەیە، تا گەورەتر دەبێ کەمڕەنگتر دەبێتەوە. پاشان زۆر لەو ژنانەی تا ئەمڕۆ وەک دایک هەستیان دەکرد ئەو منداڵەی وەریان گرتوە هەستی دایکایەتییان بۆی هەبوو، لەپەنای‌دا هەستێکی دیکە لە ناخیان‌دا جێ دەگرێ، ئەویش ئەوەیە ئەو کچەمنداڵەی ئەمڕۆ دەیبەنەوە نێو بنەماڵە، چۆن بزانێ لە داهاتوودا نابێتە هەوێی ئەو! هەربۆیە ئەمەش دەتوانێ ببێتە هۆی زۆرتر بوونی توندوتیژیی ئەو ژنانەی بە دژی ئەو منداڵانەی بە منداڵی‌خۆ قەبووڵیان کردوە. پاشان زۆر ژن و پیاو کە منداڵیان نابێ، ئەو شانسە لەخۆیان دەستێننەوە و مەیلی ئەوەیان نابێ کە منداڵ هەڵگرنەوە، هەم بۆخۆیان هەست بە دایکو باوکایەتی بکەن، هەمیش منداڵێکی بێپەنا پەناگەیەکی ئارامی دەست کەوێ.

مادەی ٢٢ مۆرێک بە ناوچاوانی منداڵانی قەبووڵکراو «فرزندخوانده»

لە ئیسلاحکراوەکەی گەڵاڵەکە لە مادەی ٢٢دا هاتوە: «لە شناسنامە (پێناس)ی ئەو ژنو پیاوەی سەرپەرستی منداڵەکە وەعۆدە دەگرن دەبێ ناو و شۆرەتی منداڵە قوبووڵکراوەکە «فرزەندخوانده» بنووسرێ. کە نووسینی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵگیرانەوەی ئەو منداڵە لەلای منداڵەکە ئاشکرا بێ. پاسان ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان هەیە و بە هۆکاریک دراونەتە ناوەندی بێهزیستی، دەبێ هەم ناوی دایکو باوکی ئەسڵییان بنووسرێ هەم ئەوانەی سەرپەرستی منداڵەکە قەبووڵ دەکەن، کە ئەمەش هەمووکات وەک نیشانەیەک بە ناوچاوانی ئەو منداڵەوە دەبێ. ئەو منداڵە بەردەوام هەست بە نیگەرانی و بیرکردنەوە و دڵەڕاوکێ دەبێ، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێران کە ئێستاش بەچاوێکی ئەگەر نەڵێین سووک، بە بەزەیی چاو لەومنداڵانە دەکرێ، کە دواتر و لە دەورانەکانی تەمەنی ئەو منداڵەدا کۆمەڵێک کێشەی دەروونی بۆ دروست دەبێ. دیارە ڕێگای جۆراوجۆر هەیە بۆ پاراستن و سەپتی ئەو زانیاریانە لەهەمان کاتیشدا شاراوە هێشتنەوەیان،

> **دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەو گەڵالەیە پەسند بکرێ و بەو ئیسلاحاتەوە کە شووورای نیگابان کردوویەتی ئەوە یەکێکە لە کارەساتەکانی قانوون نەک هەر لە بواری پێشێلکردنی مافەکانی ژنان، بەڵکوو دەبێتە هۆی پێشێل کردنی ئاشکرای مافی منداڵانیش**

بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاودا بەو کەسە رابگەیەندرێ. دیارە لەباری کاریگەرییەکانی ئەو مەسەلەیە دەروونناسان باشتر دەتوانن لایەنە خراپەکانی شیبکەنەوەو باسێکی زۆریش هەڵدەگرێ.

بەو هیوایە نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران توسقاڵێک ویژدانیان بکەنە قازیو ئەو کچە منداڵانەی لە چاوڕوانی ئامێزی گەرمی دایکو باوکێکن، نەکەنە سووژەی جینسی‌و، بەهاجوانە ئینسانییەکان بە پەسندکردنی ئەو جۆرە قانوونانە نەخەنە ژێرپێ. هەروەها پارێزەرانی مافەکانی منداڵان، ژنانو هەموو ئەوانەی لەخەمی ئارامی و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێران دان، دەنگیان یەک بخەن بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەم گەڵاڵەیەو نەیەڵن ئەو قانوونە پەسند بکرێ.



# ئایا سیاسی بوون تاوانە؟



**عومەر باڵەکی**

سیاسەت کردن، سیاسی بوون، وەدەستخستنی زانیاریی سیاسی، بەشدار بوون لە کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی، دروست کردن‌و پێکهێنانی ڕێکخراو یان حیزبی سیاسی‌و سەرەنجام هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، مافی هەر تاکێکە لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی. ئەوە مافی هەر تاکێک یان هاووڵاتی هەر وڵاتێکە کە دەتوانێ ئامانجێکی ئاوای هەبێ کە بتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر وەزعییەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی‌و بەو شێوەیە بەشدار بێ لە پێشکەوتن‌و شارستانییەتیی کۆمەڵگایەکەی خۆی؛ بەواتایەکی دیکە هەر مرۆڤێک بە بوونی مافی سیاسی لە کۆمەڵگادا دەتوانێ بۆ وەدەستهێنانی مافو ئامانجەکانی خۆی خەبات بکاو لەلایەکی دیکەوە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی باش بە قازانجی کۆمەڵگای خۆی کەڵک وەربگرێ.

لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا کە بەشێوەی دێموکراتیک بەڕێوەدەچن، سیاسەت‌و سیاست کردن لە بوارەکانی بەڕێوەبەری، ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەوە وەک بنچینەی بەڕێوەبەریی وڵات دەژمێردرێ، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو کە بەشێوەی دیکتاتۆری بەڕێوەدەچن زۆر جاران سیاسەت بە عەیب و تاوان دادەنرێ‌و لەو جۆرە وڵاتانەدا زۆرجار سیاسەت‌و سیاسەتمەدار بە درۆزن، پیاوی بێگانە، خۆفرۆش، فێڵباز و هتد لە قەڵەم دەدرێ.

لێرەدا پێویستە پێناسەیەک لە سیاسەت بکەین، هەرچەند تا ئێستا پێناسەیەکی ڕوون‌و یەکدەست لە سیاسەت نەکراوەو بەدەستەوە نیە، چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوەو پێ‌بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، پێناسەو هەڵسەنگاندنەکان‌و لێکدانەوەکان لەسەر رووداوەکان فەرقی کردوەو بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکان، پێناسەکانیش لە سیاسەت جیاوازییان لە گەڵ یەکتر هەیە، بەڵام بە پێویستی دەزانین چەند پێناسەیەکی کورت لە سیاسەت لێرەدا باس بکەین:

**سیاسەت یانی کار کردن بۆ ڕێکوپێک کردنی شتێک بەهۆی ئەو ڕێکارانەی کە دەیانگرینە پێش.**

**سیاسەت لە بنەڕەت‌ڕا لە واژەی «سیاس – سیوس»ی یۆنانی وەرگێڕاوە بە مانای ئیدارە کردنی وڵات.**

**لە ڕوانگەی دەیویدئیستونەوە، سیاسەت بریتیە لە خوێندنەوەو موتاڵای چۆنیەتیی دابەش کردنی بایەخە جۆراوجۆرەکانی هێز لە کۆمەڵگادا.**

**لە ڕوانگەی هارۆڵد لاسوئیلیشەوە، سیاسەت بریتیە لە خوێندنەوەو موتاڵای هێزو خاوەنانی هێز یان خوێندنەوەی ئەو هێزەیە کە لە مەسەلەکانی ناو کۆمەڵگایەک لادەکاتەوە.**

**زانستی سیاسی بریتیە لە گرتنە پیشی ئەو ڕێکارانەی کە بەرژەوەندیی خەڵکی لە خۆ گرتبێ‌و ئامانجیشی ڕوون و دیار بێ، بابەتی سیاسەت بابەتێکی بەربڵاوە کە بابەتی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێ، بەڵام پێناسەی زانستیی سیاسەت زۆرتر پێوەندی بە چۆنیەتی ئیدارە کردنی وڵاتەوە هەیە.**

ئەگەر ئەو پێناسانەی سەرەوەو چەندین پێناسەی دیکە لە سیاسەت وەک پێناسە وەربگرین، ئەدی چۆنە لە هێندێک وڵات سیاسەت کردن بەتاوان دادەنرێ؟! بۆ نموونە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەو کەسانەی وەک کاربەدەستانی نیزام، لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وڵاتدا بیرناکەنەوە لە ژێر ناوی جۆراوجۆر دەستبەسەر دەکرێن‌و سزای قورسی وەک زیندانیی هەتاهەتایی یان ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێ‌و ئەوە لە حاڵێک دایە کە تاوانی سیاسی پێناسەیەکی ڕوونی بۆ نەکراوەو لای زۆرێک لە یاسازانان ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە «سیاسەت یان سیاسی بوون تاوانە یان نا؟و ئەگەر بگوترێ سیاسی بوون تاوانە دەبێ بە دەقی یاسایی ڕوون بکرێتەوە کە ئەو کردارە یان گوفتارە لە حاڵەتی کردن یان نەکردن‌دا دەبنە تاوان. ئەوە لە حاڵێک دایە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا و لە ئەسڵی ١٦٧دا باس لە چۆنیەتیی دادگایی کردنی تاوانبارانی سیاسی دەکا. «پێڕاگەیشتن بە تاوانی سیاسی‌و چاپەمەنی بەشێوەی ئاشکرایەو بە ئامادەبوونی دەستەی یاریدەدەر[ی دادوەران] (هیأت منصفه) لە دادگاکان‌دا بەڕێوەدەچێ. شێوەی هەڵبژاردن، هەلومەرجو دەسەڵاتی دەستەی یاریدەدەرو تاوانی سیاسی، قانوون بەپێی ڕێوشوێنی ئیسلامی دیاری دەکا».

لێرەدایە یەکێک لە گرفتە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە تاوانی سیاسی لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا دەردەکەوێ، ئەویش ئەوەیە نە تەنیا دیاری نەکراوە تاوانی سیاسی چیە؟ شێوەی دادگایی کردن‌و دیاریکردنی سزای بۆ تاوانباری سیاسی بە ماددەیەکی یاسای بنەڕەتی دیاری کردوەو لە هەمان حاڵدا هەر لەو ماددەیەدا دەڵێ تاوانی سیاسی بەپێی ڕێوشوێنی ئیسلامی دەستنیشان دەکرێ‌و ئەوە خۆی نیشانەی ئەوەیە کە دەبێ بۆ پێناسەی تاوانی سیاسی لە دەقە شەرعی‌و ئایینیەکاندا بەدوای‌دا بگەڕێین کە ئەوە خۆی دەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئاواڵە کردوە کە جیابیرانی خۆیان بەتاوانی دژایەتی لەگەڵ خواو دەقە ئایینیەکان بەرنە ژێر پەتی سێدارە. گرفتی دیکە ئەوەیە کە جگە لەوەیکە دەبێ تاوانی سیاسی بەپێی ڕێوشوێنی ئیسلامی بێ، تاوانی سیاسی لەگەڵ تاوانی ئەمنییەتی تێکەڵ دەکرێ‌و ئەوە مەترسییەکی گەورەیە کە زۆربەی تاوانە ئەمنییەتیەکان مانای سیاسی لەخۆدەگرن.

دەوڵەتەکان بە درێژایی مێژوو نەک لە گەڵ جیابیرانی خۆیان کۆتا نەهاتوون، بەڵکوو بە توندترین شێوە ڕەفتاریان لە گەڵ ئەو کەسانە کردوە کە بە تاوانباری سیاسی دانراون، هەر بۆیە لە سەرەمی ئێستادا مرۆڤایەتی هەوڵی داوە دەوڵەتەکان پابەند بکا کە لانیکەم لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی وەک کەسانی ئاسایی لە سزاداندا هەڵسوکەوت بکرێ کە بە تێپەڕبوونی زەمان ئەو بۆچوونە گەشەی کردوەو ئێستا هەوڵ بۆئەوە دەدرێ کە سیاسەت بە تاوان نەژمێردرێ و ئەگەریش هەر بە تاوان دانرا دەبێ سزای تاوانباری سیاسی سووک بێ‌و لە دادگادا بە بەشداری دەستەی یاریدەدەری «هیات منصفه» دادگایی بکرێ.

هەروەک لە پێشەکی‌دا گوترا لەو وڵاتانەی کە بە شێوەی دێموکراتیک بەڕێوەدەچن تاوانی سیاسی بە شێوەی پێشوو مانا نادا، چونکە ئەگەر کەسێک لە دەسەڵات ناڕازی بێت لە هەڵبژاردن‌دا دەنگی پێ‌ناداو ئەگەر زۆرینەی خەڵک ناڕازی بن ئەو دەسەڵاتە سیاسییە دەگۆڕدرێ. بەڵام لەو وڵاتانەی کە بە شێوەی دێموکراتیک بەڕێوەناچن‌و دەسەڵات گوێ لە قسەی خەڵک ناگرێ، هەر دژایەتییەک لە گەڵ دەسەڵاتداران دەچێتە خانەی تاوانی سیاسییەوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە لەو جۆرە وڵاتانەی کە بە ناوی تاوانباری سیاسی کەس یان کەسانێک لە لایەن دەسەڵاتەوە دەستبەسەر دەکرێن‌و بێ‌ڕێزیان پێدەکرێ، بە پێچەوانەی دەسەڵات ڕێز و حورمەتی ئەو کەسانە لای بەشێکی کۆمەڵگا دەچێتە سەرێ‌و بەچاوی ڕێزو پێزانینەوە سەیری هەوڵو چالاکیان دەکرێ‌و تەنانەت بە چاوی قارەمان‌و نوێنگەی کارو کردەوەی خۆیان چاویان لێدەکرێ. هەر بۆیە ئەو پرسیارە لەجێی خۆیەتی ئەگەر بگوترێ ئایا سیاسەت کردن تاوانە؟ ئەگەر تاوانە چۆنە کۆمەڵگا ڕێز لە تاوانبارێکی سیاسی دەگرێ‌و تەنانەت لە هەلومەرجی گونجاودا هەر ئەو تاوانبارە سیاسییە دەبێتە خاوەن دەسەڵات.

**پاکەتی نوێی دێموکراسیزاسیۆنی تورکیە، وەنەبێ خەوشی لە کەم و کورتیی دالآنەکانی سیاسیی ئەو وڵاتە بڕیبێ و ئێمەش ڕاست بەو چاوە لێی بڕوانین کە ئاپەکە بە هەنگاوێکی مەزن و دەگمەنی دادەنێ و زەقی دەکاتەوە، ئەوەش نییە بڵێین هیچی بۆ کورد تێدا نییە. وێڕای ئەوەی هەرگیز وەڵامدەری کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان لە باکوری وڵات دا نییە، بەڵکو ناشتوانین بە هێچی دابنێین و بێ بایەخ لێی بڕوانین.**

# پاکەتی دێموکراتیزاسیۆنی تورکیە و کێشەی کورد



عەزیز مەعروفی

ئەو پاکەتەی لە مێژ بوو بە مزگێنییەکی گەورە لێی دەڕوانرا و وەک کرانەوە و خولقانی قۆناخ و دەرفەتێکی زێڕین بۆ گەشە و برەوپێدانی دێموکراسی لە تورکیە، خەڵکی تورک و بە تایبەت نەتەوەی کوردی لە چاوەڕانی دا هێشتبۆوە، پاش ئەوەی چەندین مانگ لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە، بە سەرۆک وەزیر، ڕاوێژکار، جێگر و کابینەوە قسەی لە سەر دەکرا، سەرئەنجام ڕۆژی ٣٠ی ئەیلول لە لایەن سەرۆک وەزیری تورکیەوە، تەیپ ئەردۆغان ڕاگەیەندرا. ئەو پاکەتە بە بی بەشدار کردنی پارتەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەت بە هەڵاواردنی پارتی ئاشتی و دێموکراسی (بەدەپە)، ساغ کرابۆوە.

سەرۆک وەزیری تورکیە ڕۆژێک بەرلە ڕاگەیاندنی پاکەتەکە وتی:» ئەو پاکەتە، جێگای ڕەزامەندیی هەموو لایەنێک لە تورکیە دەبێ» و لە کاتی ڕاگەیاندنەکەشدا وتی:» ئەمە یەکەم پاکەتی ئێمە و دوایین پاکەتیشمان نابێ». مەبەستی ناوبراو، ئاوڕدانەوە لەو ئاڵوگۆڕ و چاکسازییانە بوون کە پارتەکەی لە ١١ ساڵ دەسەڵاتی دا لە تورکیە کردوونی. ئەو ئاڵوگۆڕانە ئەوەندە قووڵ و ڕیشەیی نین کە وەڵامدەری کێشەی لە مێژینە و ڕەوای ٢٠ میلیۆن کورد بن کە بە بڕبڕەی کێشەکانی وڵاتیک دێتە ئەژمار کە لانیکەم لە ١٠٠ ساڵی ڕابردووی خۆیدا، زۆرترین کۆدەتای سەربازی بە خۆوە دیتووە و بە دەست کێشەی تواندنەوەی فرەچەشنیی نەتەوەیی و ئایینی نالاندویەتی. بەڵام هەر لەو کاتەش دا گرنگیی خۆیان هەیە کە لەم وتارە دا هەول دەدری، لە هەر دوو ڕوانگەوە تیشکیان بخرێتە سەر.

لە یەکەم تێڕوانین بۆ پاکەت و ڕیفۆرمەکانی ئەو پارتە چەند ڕاستییەک زۆر بە زەقی خۆی دەنوێنن، یەکەم: ڕیفۆرمەکانی ئەو پارتە زۆرتر ئابوورین تاکو ئاوڕدانەوە لە ڕاستییەکانی نێو تورکیە. دووهەم: پاکەتەکانی، ئەوەندی لە خزمەت کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکان دا بۆ ئەو پارتە دان ئەوەندە لە خزمەت چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکە بووەکانی تورکیە دانین. سێهەم: « تورکیە لە هەموو شتێک گەورەترە»، ئەمە وتەی ناسراوی سەر زاری ئەردۆغانە و بۆ تورکیەیەکی بە هێز هەموو لایەک دەبێ بە پێی قسە و پاکەتەکانی ئەو وەجوڵێن و بۆ ئەم مەبەستەش هەر وەک لە سەرەتای ڕاگەیاندنی پارتەکەی لە ساڵی ٢٠٠١ دا بەڵێنی بە گەلی تورکیە داوە بە ئامانجی « یەک ئاڵا یەک وڵات و یەک نەتەوە» وەفادار دەمێنیتەوە.

ڕێفراندۆم بۆ یاسای بنەڕەتی لە ١٢ی ئەیلولی ٢٠١٠، هێشتا وەک ڕیفراندۆمێک ماوەتەوە، ڕەنگە بڵێین پاکەتی ئەو دوایيە بە لوتکەی هەتا ئێستای ئەو ڕیفراندۆمە دابنرێ. کاتێک چاو لە ئاکام و بەرهەمی ٣ ساڵی ئەو ڕیفراندۆمە دەکەین و چاوێک بە جووڵانەوە و بەربەست داتاشینی ئەو پارتە دەگرێتەوە و ئاپەکە ڕاستەخۆ دەتوانێ دەست بە جێبەجێکردنیان بکا.

گرینگترین ئەو بەند و خاڵانەی بە شێوەی ڕاستەوخۆو لاوەکی پێوەندییان بە کێشەی کوردەوە هەیە بریتین لە:

یەکەم: قسە لە سێ بژاردە بۆ ڕیژەی دەنگ و چوون بۆ پاڕلمان دەکرێ. بژاردەی یەکەم ڕێژەی ١٠٪ وەک خۆی بمێنیتەوە، بژاردەی دووهەم ئەو ڕێژەیە بۆ ٥٪ دابەزێنرێ و سەرجەم تورکیە دابەشی ١١٠ناوچەی تەسکی پێنج هەرێمی بکرێ، بژاردەی سێهەم، ڕێژەی ١٠٪ بە تەواوی هەلگیرێ و سیستمی هەرێمی تەسککراو بێتە گورێ. لە هەر کام لەو بژاردانە دا، پارتەکان دەتوانن یارمەتیی ساڵانە لە حکوومەت وەربگرن ئەگەر بە مەرجێک ٣٪ دەنگ بهێننەوە ( ئەم ڕێژە پێشتر ٧٪ بوو). تێکۆشانی کوردەکان، بۆ نەهیشتن قوتابخانە تایبەتییەکاندا، ڕیگە بە فێربوون و خوێندن بە زمان و زاراوەکان دەدرێ. خوێندن و فێر بوونی زمانی زگماکی یەکێک لە سەرەکی ترین و بە بڕشتترین داوای سەرجەم پارت و ڕێکخراوەکانی باکوری کوردستانە. بەڵام، پەرۆشی و تامەزرۆیی کوردەکان بۆ فێربوون و خویندن بە زمانی دایک بە پاساوی ئەوەی کە داننان بە زمانی کوردی « وڵات لەت و پەت دەکا» هەمیشە هۆیەک بووە بۆ یەکگرتنی پارت و دەسەڵاتدارانی تورکیە لە دژی. دوو حەوتوو لەوەپێش بوو، پارتەکانی ئاکەپە، جەهەپە و مەهەپە، ڕێک کەوتن کە زمانی کوردی بە ڕەسمی نەناسن و بەم شێوەیە ڕێ لە « لەت بوونی تورکیە بگرن». ئەو نیمچە داننانە بە زمانی کوردی چەند ساڵێکە لە گۆڕێ دایە کە زۆر جارییش خۆیان لێ دزیوەتەوە. ئاڵتان تان درێژایی دەیان ساڵ بۆ بوونە ئەندام لە پارتی دڵخواز دە لاقی خەڵک هاڵێنرابوو، دەشکێنرێ. لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، جیا لە زمانی تورکیە ڕێگە بۆ زمان و زاراوەکانی دیکەش کراوەیە. نێوی کۆن و مێژوویی ناوچە و مەڵبەندەکانی کوردستان دەگەڕێندرێنەوە و بە تورکی کردنی ئەو ناوانە کۆتایی پێ دەهێنرێ کە بە زەبری گوللە و سێدارە لە دوای کۆدەتای کەنعان ئەڤرەن لە ساڵی ١٩٨٠ بە سەر کوردستان دا داسەپینران. لە قوتابخانەکان دا « سرودی نیشتمانی « هەڵدەوشینرێتەوە. لە رامبەر ئەوانە دا « شەڕی دژی جیاییخوازی- بێ گومان مەبەستی کوردەکانە- بە توندی دژی دەوەستینەوە و ناوەندی بەرامبەری و یەکسانی دادەمەزرێ».

وەک لە سەروە وتمان، ئەو پاکەتە وەڵامدانەوە بە قۆناخی دووهەمی لە کۆمسیۆنی نووسینەوەی ڕەشنووسی یاسا دابخشێنین ، ڕاستییەکانی ئەو سێ خاڵەی لە سەرەوە قامکمان لە سەر دانان، دەسەلمێنن.

سەرجەمی پاکەتی دیموکراتیزاسیۆنی نوێی تورکیە کە دەکرێ بە وەڵامدانەوەی ئاکەپە بە قۆناخی دووهەمی پرۆسەی ئیمرالّی- ئانکارا چاوی لێبکرێ، چەند بوار لە خۆ دەگرێ. پاکەتەکە لایەنی یاسایی و ئیداری لە خۆ دەگرێ. لایەنە یاساییەکان دەبردرێنە پاڕلمان و لە وێ ساغ دەکرینەوە و لایەنی ئیدارییش هێندێک ڕیفورم یان دابەزینی ڕێژەی ١٠٪ بە یەکیک لە تەوەرە سەرەکییەکان دادەنرێ، تاکو ئێستا نەیان توانیوە بەو ڕێژەیە بگەن و لە بەرئەوەی ڕێژەی دەنگەکانیان لە خوار ٧٪ بووە پارتەکەیان لەو هەزینەیە بێ بەش کراون.

دوو بژاردەکەی تریش بە پێی ئاست و چۆنییەتی دەنگ هێنانەوەی ئاکەپە لە سەرجەم تورکیە دا خراوەتە ڕوو. ئەمە وەکو ئەوە وایە کەسێک سەرپشک بکەی لە نێوان خەراپ و خەراپترین دا یەکیان هەڵبژێرێ. دووهەم: ئەو پاکەتە دەڵێ:» لە تێکۆشەرێکی باکوور دەڵێ:

« ٩٠٠ مامۆستای کوردی، ناوی خۆیان نووسیوە کە دەتوانن لە قۆتابخانەکان وانەی کوردی بڵێنەوە، بەڵام دەوڵەت وەری نەگرتوون و دای نەمەزراندوون». هەر لەو ڕاستایەدا سێ پیتی، ق، و، خ – باسی پیتی ژ نەکراوە- بایکۆتی هەشتاو پێنج ساڵەیان لە سەر هەڵدەگیرێ. سێهەم: سیستەمی هاوسەرۆکی، ئەو سیستەمەی بەدەپە، دەتەپە و کەجەکە ئێستا لە پارتەکەیان دا کاری پێ دەکەن، لە تورکیە بە ڕەسمی دەناسرێ. ئەو زنجیرەی بە پرۆسەی ئیمرالّی- ئانکارایە. هەرچەند تەیپ ئەردۆغان ناوێکی لە کورد نەبرد و تەمومژی زۆر بە قسەکانییەوە دیار بوو و خۆی لە باسی ئەو پرۆسەیەی بوارد، دەڵێ: « با لە جیاتی توند و تیژی ڕوو لە سیاسەت بکەین» پەیامەکەی بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی گیراوی پەکەکە لە نەورۆزی ئامەد وەبیر دەخاتەوە کە وتی» لە جیاتی چەک سیاسەت قسە بکات». سەرەڕای ئەوەی ١٠ مانگە ئەو پرۆسەیە بەڕێوەیە و تاکو ئێستا پیشڤەوەچوونەکان بە مایە لەخۆدانانی پەکەکە و کوردەکان بەرەوپێش چووە و شەڕ وخوێنڕشتن وەستاوە، سەرۆک وەزیری تورک لەو پاکەتەدا، خۆی لە قەرەی ماف و ئازادییەکانی کورد نەدا، باسی لە ئازادیی هەزاران گیراوی سیاسی، شارەوانی و پاڕلمانی کورد نەکرد، باسی لە گیرانی زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەنووسی کورد نەکرد. ئاوڕی لە داننان بە مەسەلەی هاووڵاتیبوونی کوردەکان لە تورکیەی ئێستا دا نەدایەوە. بۆ لای یاسای دژە ترۆری نێو دەستووری تورکیە نەچوو. تخوونی قەرەبووکردنەوەی کورد لەو زەرەرو و وێرانییەی بە دەیان ساڵ حوکمی سەربازیی – بە دەسەلاتی ١١ ساڵەی خۆشییەوە- لە نەتەوەی کوردیان داوە نەکەوت، کۆمەڵکوژی ڕۆبۆسکی هەر ئاوڕی لێ نەدرایەوە.

پاکەتی نوێی دێموکراسیزاسیۆنی تورکیە، وەنەبێ خەوشی لە کەم و کورتیی دالآنەکانی سیاسیی ئەو وڵاتە بڕیبێ و ئێمەش ڕاست بەو چاوە لێی بڕوانین کە ئاپەکە بە هەنگاوێکی مەزن و دەگمەنی دادەنێ و زەقی دەکاتەوە، ئەوەش نییە بڵێین هیچی بۆ کورد تێدا نییە. وێڕای ئەوەی هەرگیز وەڵامدەری کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان لە باکوری وڵات دا نییە، بەڵکو ناشتوانین بە هێچی دابنێین و بێ بایەخ لێی بڕوانین. هەر بۆیە:

یەکەم: ئەگەر تەواوەتی ئەو پاکەتە بەو ئۆتۆنۆمییە ناگات کە کورد لە باشوور لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وەدەستی هێنا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایە کە کورد لە باکوور خۆی لێ نەبان بکات یان ناهومێدی ڕووی تێ بکات. گرینگتر ئەوەیە کورد چۆن دەتوانێ خۆی زیاتر دەربخاتو بوونی خۆی بسەلمینێ و وتاری نەتەوەیی خۆی بۆ دونیای دەرەوە بگوێزێتەوە. دووهەم: کورد بە گشتی و بە تایبەت پەکەکە، بەدەپە، دەتەپە بڵێی پێیان وابێ تورکیە قەت ئەوەندە پەرە بە دیموکراسی لە تورکیە بدات و ئاوڕێکی وەها قووڵ و ریشەیی لە کێشەی کورد بداتەوە کە بە هۆی ئەوەوە پەکەکە واز لە چەک بهێنێ و ڕوو لە کاری سیاسی بکات؟ هەر پێڕێ پاڕلمانی تورکیە دەنگی دا بە درێژکردنەوەی مۆڵەتی هێرشی سەربازی بۆ سوریە و بنکەکانی پەکەکە لە قەندیل و باشووری کوردستان لە ئەگەری پێویست دا. کەواتە لەو پرۆسەیەدا کە ویدەچێ دوور و درێژ بێو خاویو سستیی زۆری دەوڵەتی تورکیەشی پیوە دیارە، پرسیارێک بۆ بەدەپە بە جێ دەهێڵین : ئایا خۆتانو خەڵکتان بۆ قۆزتنەوەی گشت دەرفەت و پێشهاتەکان ئامادە کردوە؟



درێژەی:

# پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا، گۆڕانی ستراتێژی یان تاکتیک

ئەم کردەوەی ڕێژیم گۆڕانی ستراتێژیی ڕێژیمە یان تاکتیکێکە بۆ هەڵاتن لە قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان. بە لێکدانەوەی هەر دوو لایەنەکە تاڕادەیەک نییەتی ڕێژیم و ڕووداوەکانی دوای ئەومان بۆ روون دەبێتەوە:

١ـ وایدانێین هەڵوێستەکانی ئەم دواییانەی ڕێژیم ئاکامی گۆڕانی ستراتێژیی ڕێژیم بن. ئەگەر ڕێژیمی ئێران لە سەرەتاوە بە دوای چەکی ناوکییەوە نەبووە یان بە دوای گەمارۆکان و تەریک مانەوەی سیاسیدا ناچار بووە دەست لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکێشێتەوە، دەبێ ببینین پێگەو داهاتووی ئێران لە ناوچەدا بێ چەکی ئەتۆمی چۆن دەبێ؟ ئێستا وڵاتانی ئامریکاو ئیسرائیلو تورکیەو عەرەبستان و ئێران دەورگێڕە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن کە بە شێوەیەکی سروشتی بۆ زیاترکردنی نفووز و هێزی خۆیان لە ناوچەکەداو بە هەموو توانا و ئیمکاناتەوە رکەبەرایەتی دەکەن. لەم نێوەدا تورکیە لە دەیەی ڕابردوودا بە هاتنە سەرکاری حیزبی داد و گەشە، لەباری ئابوورییەوە گەشەیەکی خێرای سەندوە و زیادبوونی توانای نیزامی و چاکسازیی سیاسی بە کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتەی نەریتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە زۆربەیان مەزهەبی سوننەیان هەیە بارودۆخێکی باشتری بە بەراورد لەگەڵ ئێران بە تورکیە بەخشیوە و لە ئاکامدا بەرەبەرە هێز و نفووزی تورکیەی لە ناوچەکەدا زیاتر کردوە. سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠١٠ بەرهەمی پوختە نەکراوی نێوخۆیی تورکیەی (بە پێی نرخی دراوی تورکیە) ٧٢٩ میلیارد دۆڵار و عەرەبستانی ٤٣٤ میلیارد دۆڵار و ئێرانی ٣٣٧ میلیارد دۆڵار ڕاگەیاند و بودجەی نیزامیی ساڵی ٢٠١١ی تورکیە ٢٥ میلیارد دۆڵار و عەرەبستان ٤٥ میلیارد دۆڵار و ئێران ١٠ میلیارد دۆڵار بووە. پێویست بە ئاماژەیە کە وڵاتانی تورکیە و عەرەبستان بە کڕینی چەکی ڕۆژئاوایی لە باری چەندێتی و کوالیتیی چەکوچۆڵەوە لە ئێران لەپێشترن و بە دامەزراندنی تۆڕی مووشەکی تا ڕادەیەکی زۆر توانای مووشەکیی ئێران لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕدا پووچەڵ دەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە هاوپەیمانانی ئێران لە ناوچەکەدا لە خراپترین دۆخی خۆیاندان. ڕێژیمی بەشار ئەسەد کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا قەبووڵی کرد چەکە شیمیاییەکانی لەناوبەرێ، ٣ ڕێگەی زیاتر نیە کە هەرسێکیان ڕاستەوخۆ زیان بە ئێران دەگەیەنن و لە بەرژەوەندیی تورکیە و عەرەبستان‌دان:

١] ڕێگەی ئاشتی بگرێتە بەر کە بە هۆی زیاتر بوونی دژبەران بەرەبەرە لە مەیدانی سیاسیی سووریە وەلادەنرێ.

٢] ڕێگەی شەڕ بگرێتە بەر کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ناتوانن لەبەر گوشاری ڕای گشتی هەتا هەتایە لە بەرامبەر کوشتاری خەڵکی سووریەدا بێ دەنگ بن و سەرەنجام بەشار ئەسەد لە قەزافی باشتر نابێ. ٣] سووریە دابەش ببێ کە ئەوەش بە هۆی بەرتەسک بوونەوە و کەم بوونەوەی هێزی سووریە بە زەرەری ئێرانە. بە وەبەرچاوگرتنی بێ توانایی ڕێژیمی ئێران لە ڕکەبەرایەتی لەگەڵ تورکیە و عەرەبستان لە ناوچەدا و ناکارامەیی و بێ توانایی ڕێژیم لە چارەسەریی مەسەلە بنەڕەتییەکانی ئێران و یەک لەوان دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکانی نێوخۆی ئێران وەک کورد، ئازەری، بەلووچ، عەرەب و تورکەمەن و، نادڵخوازبوونی ئارمان و سیستمی سیاسیی ڕێژیم بۆ نەسلی نوێ، بەرەبەرە نفووزی تورکیە و عەرەبستان دەگاتە سنوورەکانی ئێران و لە کۆتاییدا هەلومەرجی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێک دێ.

٢ ـ وایدانێین هەڵوێست و کردەوەکانی ڕێژیم تاکتیکێکن بۆ ڕزگار بوون لە هەلومەرجی ئێستای خۆی. ئەگەر بە ڕاستی قسەکانی ئیسرائیل ڕاست بێ و وەسفی ئەوان بۆ سەرۆک کۆماری ئێران (گورگێک لە بەرگی مەڕدا) ڕاست بێ و کردەوەکانی ڕێژیم بۆ فریودانی ڕای گشتیی جیهان و کڕینی کات بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بێ، بە وەبەرچاوگرتنی قسەکانی ئۆباما و نێتانیاهۆ (سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل) و سەرنجی تەواوی ئیسرائیل بە هەڵسوکەوتی ئێران، ڕێبەرانی تاران ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بەو یارییە بدەن و بە دڵنیاییەوە لەگەڵ توندتر بوونی گەمارۆکان و تەنانەت هێرشی نیزامی ڕووبەڕوو دەبنەوە. بەداخەوە ڕێبەرانی گەندەڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سیاسەتە هەڵەکانیان بوونەتە هۆی دواکەوتوویی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی ئێران و، هیچ ڕێفۆرمێکی سیاسی بە ئاکام ناگا مەگەر بە وەلانان و ئیسلاحی چەند بەند لە یاسای بنەڕەتیی ئێران بە تایبەت ئەسلی ١١٠ی یاسای بنەڕەتی.

کوردستان
٨
ژمارە: ٦١٧
١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٢
٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣
سیاسی

قەیرانی سووریە نموونەیەکی باشە بۆ جیهانیانو بە تایبەت گەلی کورد کە ئیدی بیر لە چەک (دیارە بەکارهێنانی چەک لە لایەن کوردەوە هەمیشە حاڵەتێکی بەرگریکارانەی هەبووەو هیچ کات بە دڵخوازی خۆی دەستی بۆ نەچووە) و بەکارهێنانی توندوتیژی نەکاتەوە و گوتارێک و شێوازێکی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕەچاو بکا.

تەها ڕەحیمی

بە پێی ئامار ئەو کەسانە وا خۆدەکوژن زۆرتر لە نێو ئەو تاقمە دان کە تووشی نەخۆشیە جۆراوجۆرە دەروونییەکانو بە تایبەت خەمۆکی بوون. لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەگەر تەنیا لە یەک ڕوانگەوە بۆ بابەتەکە بڕوانین تەنیا بە لاڕێدا ڕۆیشتووین. لە دنیای ئەوڕۆدا بۆ هەر دیاردەیەک کە دێتە ئاراوە کۆمەڵێک فاکتەری جیاجیا هەن لە ڕوودانیان دا.

فەردین کەریمی

# مرۆڤ لە نێوان بەرداشی گۆڕانو نەگۆڕاندا

ئاڵەشین

گۆڕان وەڵامێکە بۆ پێداویستییە بنەڕەتیی هەنووکەییەکانی سەردەم و دۆخی ئارایی، کە لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە بەم پێداویستییانە ڕەوتی ژیان تووشی گرێو گۆڵ دەبێو ڕووداو و هزری دووبارە بووە باڵ بە سەر بیر و مێشکاندا دەکێشێ. مرۆڤەکان چ وەک تاکو چ وەک ئەم تۆڕە ئاڵۆزە پێچەڵاوپێچەی بە دەوری داری ژیانیاندا هاڵاندوە بەردەوام پێویستە ئاڵوگۆڕ بکەنو خۆ دەگەڵ پێداویستی هزری و فەرهەنگی و ...... ژیان بگونجێنن. بەڵام ئایا گۆڕان لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا هەروا سووک و ئاسان ڕوو دەداو مرۆڤەکان دەگەڵ ئەوەی هەستیان بەوە کرد کە دەبێ لە ئاستی بیر و هزر و کردەوە و هەڵوێستەکانیاندا گۆڕانکاری بکەن بێ یەک دوو ملی بۆ ڕادەکێشن؟ ئایا مرۆڤەکان بە ئاسانی دەست لەو نۆرمو پێکهاتەو هزرانە هەڵدەگرن کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەگەڵیان ژیاونو پیرۆزییەتیان پێبەخشیون. لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە مرۆڤ هەمێشە هێزێکی نادیار لە ناخەوە بەرەو بەها کۆنەکان ڕایدەکێشێ و هەر ئەمەشە دەگەڵ پێشەوە چوونو ئاسانبوونەوەی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژی ژیان، مرۆڤ هەر خۆزگە بۆساڵی پار دەخوازێ. مرۆڤ لە نێوان بەرداشی گۆڕانو نەگۆڕاندا دابەش بووەو گرووپێک کە قازانجو بەرژەوەندییان لە نەگۆڕانی ڕەوشی ئارایی دایە بە توندی بەرهەڵستی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک دەکەنو نایانەوێ دۆخی ئارایی لە دەست بدەن چونکی پێیان وایە گۆڕان دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە مەترسییەوەو چونکی توانای گۆڕینی هزر و بیر و جۆری بیرکردنەوەیان نییە ڕەگەڵ ئەو ڕەوتە ناکەون. ئەو سیستمانەی لە بەر بنەمای هزر و بیری دوگم و نەگۆڕ دادەمەزرێنو تەمەنێک هەوڵی بە پیرۆز کردنی پرەنسیپەکانیان دەدەن زۆر لە شەپۆلی گۆڕان دەترسنو نایانەوێ بە هیچ نرخێک خۆ لە قەرەی بدەن. هەر بۆیەشە ئەگەرچی سوودەکانی گۆڕان هەمیشە لە زیانەکانی بەرچاوترە بەڵام سیستمە سیاسییە ئایدیۆلۆژیکەکان زیاترین زەبری لێدەبینن و زۆربەی جاران ئەم سیستمانە بە جێی ئەوەی بە گوێرەی چاوەڕوانییەکان خۆ بگۆڕن بە دژایەتی هەر چەشنە گۆڕانێک، دەبنە هۆی پێکهاتنی هێزێکی دژبەری توندوتیژ لە کۆمەڵگەدا کە نەک هیچ قازانجێک بە کۆمەڵگە ناگەیەنن بەڵکوو دووبارەبوونەوەی ئایدیۆلۆژییەکی نالەبارتر بۆ کۆمەڵگە دەخوڵقێننو یان ئەوەی گەردەلوولێکی گۆڕانکاری بە چەشنێک دەیانپێچێتەوە کە نەک هەر دەبێتە هۆی لە نێوچوونیان بەڵکوو نەریتێکی خراپیش لە دوا خۆیان بۆ نەوەکانی داهاتوویان جێ دەهێڵن کە دەرچوون و داماڵینی تۆزێ ئەستەمە و نرخی دەوێ. سیستمی ئایدیۆلۆژیکی کە بەمە بە ناوبانگە بەردەوام دوژمن بۆ خۆی داتاشێو پرەنسیپەکانی خۆی بە پیرۆز دەکا تا بەردەوامی بە بوونی خۆی ببەخشێ، لە ڕەوتی گۆڕان دا دەبێ نرخێکی زۆر زیاتر لەو سیستمانە بدا کە مەیلەو پێشکەوتن و گۆڕانخوازن. کۆماری ئیسلامی ئێران وەک سیستمێکی ئایدیۆلۆژیک زیاتر لە سێ دەیەیە شەیتان لە هەناو و مێشکی لایەنگران و دەستوپێوەندییەکانی دا چێ دەکا و خۆی بە لایەنی بەرهەق و لایەنێکیش بە دژەهەق دەشوبهێنێ و تەنیا چارەش بە لە نێوچوونی لایەنی بەرانبەر دەبینێ و دەگەڵ ئەوەشدا بۆ زیاتر هەڵفریواندنی هێزەکانی لایەنێکی ڕوحانی و ئیلاهی بە کار و کردەوەکانی دەدا و هەموو ئاکار و کرداری دەباتەوە ئاسمان و پیرۆزییەتییەکی تایبەتیان پێ دەبەخشێ. زیاتر لە سێ دەیە کارکردن لە سەر ئەم بیروبۆچوونانە هێزێکی هێندە دەمارگرژ و مێشک وشکی بۆ کۆماری ئیسلامی بەرهەم هێناوە کە تەنانەت بە گوێی پیاوانی ئایینی پێشڕەویشیان نەکەن و هەروەک بینیمان پێوەندییەکی تەلەفونی ڕووحانی و ئۆباما لنگە کەوشی بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خۆیان بە دوا خۆدا هێنا. کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بێگومان لە سەر چۆنییەتی هزر و بیر تاکەکانی کۆمەڵگە بێکاریگەر نەبووە، ئۆپۆزیسیۆنیش کە بەردەوام پوتانسییەلی خۆی لە کۆمەڵگە وەرگرتوە لەم جۆرە تاک ڕەهەندی بیرکردنەوە بێبەش نەبووە. ئەگەرچی ناکرێ بە شێوەیەکی ڕەها بڵێین دژکردەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش کۆپی کۆماری ئیسلامی بووە چونکی سەرانسەری ڕابردووی ئەم چەند دەیەی خەباتی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی هێزە کوردییەکان خاوەن گوتارێکی ئاشتیخوازانە و نیشتمانپەروەرانەی بێ دەمارگرژییە. بەڵام دیسانیش ئەگەر هێندێک بە وردی و پارێزیشەوە چاوێک بە هەڵوێست و مەوزەعی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشینی کۆماری ئیسلامیش دا بخشێنین دەبینین بە داخەوە (سەرەڕای ڕێز و حورمەت بۆ هەموو تێکۆشان و کۆڵنەدانیان) سەرەڕای ئیدعای دیمۆکراسیخوازی ئەم بەرەیەش؛ تاڕادەیەک دە داوی نەگۆڕی و دوگم بوون و تاک ڕەهەندی لە بیرکردنەوە کەوتووە و لە زۆربەی دەرفەت و هەلە ڕەخساوەکان نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست کەڵک وەرگرێ و بە کورتی نەیتوانیوە سیاسەت بە مانای ڕاستەقینەی خۆی پراکتیک بکا و ئەگەر سیاسەت هونەری کەڵک وەرگرتن لە مومکینات بووە، لەم ماوەیەدا زۆربەی هەلەکانی بە بیانووی ئیدویلۆژیک بوونی کۆماری و ئیسلامی و سەرکردەکانی لە دەست داوە و ئێستاشی دەگەڵ دابێ وەک گەمەیەک ئەم پرۆسەیەی وەرنەگرتوە و زیاتر کاری لە مژارێکی تاک ڕەهەندی کردوە کە دیارە وەدیهاتنی زۆر ئەستەم و دژوار دەنوێنێ کە ئەویش هەوڵی ڕووخاندن و شۆڕشی بنەڕەتی لە ئێراندا بووە. بە هەر حاڵ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی خۆی دا زۆر باش توانیویە گەمەی سیاسی و هەڵبەزدابەز دەگەڵ نەیاران و بەرەی دژ بە خۆی کە زیاتر ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەگرێتەوە بەرێتە پێش و بە هەموو دوگم و نەگۆڕی خۆی زۆر جاران و لە بەها و نۆرمەکانی خۆی پاشگەز بۆتەوە و لە پێناو پێکانی ئامانجەکانی دا گۆڕانکاری بە سەر سیاسەتی و ئاکار و کردار و وتاری خۆی دا هێناوە و بە خواردنەوەی پیالە ژەهرێک، تەمەنی ئەو سیستمەی بەردەوام درێژ کردۆتەوە و لە قەیرانەکانی پەڕاندۆتەوە. مەلا فتوادەرەکانی کۆماری ئیسلامی دیسانیش و هەروەک بۆ زۆر کەس و لایەن چاوەڕوان دەکرا دوایین ساڵەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ببینین، بە گۆڕینی هەڵوێست و گوتاری دەرەوە و نێوخۆ سیستمی کۆماری ئیسلامییان لە دژوارترین هەڵدێر تا ڕدەیەک دەکرێ بڵێین ڕزگار کرد و بە ساتوسەودا و گۆڕینی ئەدەبیات و پاشەکشەی تاکتیکی ڕوانگەی جیهانیان سەبارەت بە خۆیان گۆڕی. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە پاش هەڵبژاردنی خولی یازدەیەمی سەرکۆماری و ئەو دیپلۆماسی و (نرمشە قهرمانان)ەیە کە هەموو جیهان و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆشی دڵخۆش کرد. ئەم خاڵە بەهێزەی گەمەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە کە بۆ دەربازبوون لە قەیرانو درێژکردنەوە تەمەنی خۆی دەینوێنێ. ئێستاشی دەگەڵدابێ زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە چاوەڕوانی ئەوەیە لاسارییەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بە تایبەت ئەمریکا ناچار بکا، گورزی سەربازی دژی کۆماری ئیسلامی بەکار بێنێ؛ بابەتێک کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەمێژە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تاقییان کردۆتەوەو ئێستاش تێیدا چەقیونو لێی دەرناچن. قەیرانی سووریە نموونەیەکی باشە بۆ جیهانیانو بە تایبەت گەلی کورد کە ئیدی بیر لە چەک (دیارە بەکارهێنانی چەک لە لایەن کوردەوە هەمێشە حاڵەتێکی بەرگریکارانەی هەبووەو هیچ کات بە دڵخوازی خۆی دەستی بۆ نەچووە) و بەکارهێنانی توندوتیژی نەکاتەوە و گوتارێک و شێوازێکی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕەچاو بکا. قەیرانی سووریە کە زیاتر لە دوو ساڵە بەردەوامەو لەم ماوەیەدا زیاتر لە سەت هەزار کەس کوژراوە هێشتاش بە هەڵپەسێرداروی ماوەتەوەو ڕێکنەکەوتنی زلهێزەکانی وای کردوە ئەم کێشەیە بەرۆکی وڵاتانی دراوسێش بگرێتەوە. دانەبەزین لە ویست و داخوازیی وای لە بزووتنەوەی کورد کرد کە تاراوگەنشین بێ و هەر ئەم تاراوگەنشینییە تاڕادەیەک دابڕانی بزووتنەوەو خەڵکی کوردی لێکەوتەوە. لەو ماوە دوورودرێژە دابڕانە لە نێوخۆ بۆشاییەکی بەرین لە هەناوی کۆمەڵگەدا پێک هات کە کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە باشی توانیوە بۆ هەرچی زیاتر کەمڕەنگ کردنەوەی هێزە ڕەسەنەکان کەڵکی خۆی لێ وەرگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دامودەزگە ئەمنییەتییەکانەوە هەوڵی دا زیاتر فشار بخاتە سەر ئەو کەسانەی گومان دەکرا سەر بە پارت و لایەنە سیاسی و مافخوازەکانی تاراوگەنشین بن. کۆماری ئیسلامی بە باشی لەم خاڵە لاوازەی بزووتنەوە گەیشتووە کە هەتا بکرێ ئەم بزاڤە لە خەڵک دوورتر بکاتەوە کوردستانی زیاترو باشتر بۆ کۆنترۆڵ دەکرێ. هەر بۆیە سیاسەتی گوشارهێنان بۆ سەر چالاکانو لایەنگرانی ئەم پارتانە بۆ بنبڕکردنی ڕایەڵی پێوەندیی ئەم لایەنانە کۆمەڵگەی کوردی بوو. ئێستا و لە قۆناخەدا کە شیمانە دەکرێ گۆڕینی سیاسەتی دەوڵەتی ڕوحانی هێندێک کرانەوەی بە کەشی کۆمەڵگەی ئێران ببەخشێ ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا ئەگەر گۆڕینی هەڵوێست و مەوزەعی بنەڕەتی و دیپلۆماسی بۆ سیستمێکی وەک کۆماری ئیسلامی ڕەوایە، یان ئەگەر باس لە ئاشتی و لێکنزیکبوونەوەو هەڵکردنی ئاشتیانە دەتوانێ ببێ بە مژاری بەرباسی سەرانی کۆماری ئیسلامی، بڵێی ئۆپۆزیسیۆنیش، بە تایبەت بزووتنەوەی کورد نەتوانێ کەڵک لەم دەرفەتە وەرگرێ و وێڕای ئاشتبوونەوەیەکی تاکتیکی دەگەڵ کاربەدەستانی تاران و بە ئابدەیتی گوتاری خۆی هەمان هێزی ڕزگاریدەری سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بێ. ئایا تێچووی گەڕانەوە بۆ نێو هەناوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە پێی پرۆژە و لێکدانەوەیەکی ژیرانە لە شەڕی چەکداری و تاراوگەنشینی زیاترە کە بزاڤی کوردی بیری لێناکاتەوە. یان ئەمە ریسکێکەوە و کەس ناوێرێ خۆی لێدا.

# خۆکوژی



فەردین کەریمی

ڤیکتۆر فرانکل، دەروونناسی خەڵکی ڤییەنو خاوەنی کتێبی بە ناو بانگی «مرۆڤ بە دوای مانادا» «mans search for meaning » دەڵێ هەر کات نەخۆشێک دەهاتە لام یەکەم پرسیار لێم دەپرسی بۆچی خۆت ناکوژی؟ لە وەڵامەکەیدا هەمیشە مانایەکم بۆ درێژەدان بە ژیانو زیندوو بوون دەدۆزیەوە کە هێزێکی زۆر بوو بۆ درێژە دان بە ژیان. فرانکل چەند ساڵ لە کەمپی کاری زۆرەملی نازییەکاندا لە پرۆسەی هۆلۆکاستدا دەستبەسەر بوو و بەرەوڕووی دڕندانەترینو نەشیاوترین شێوازی هەڵسوکەوت بووەوە و بە وتەی خۆی هەندێ جار تەنیا شانس دەبووە هۆی زیندوومانەوە. فرانکل هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستبەسەربوونیەوە بڕیاری دا کە خۆی بە سیمەکارەباییەکانی دەوروپشتی کەمپەکاندا نەدا. لەوێ باو بوو هەر کەس بیویستایە خۆی بکوژێ، خۆی دەدا لەو سیمانە بەرقی بە وڵتاژێکی زۆرەوە لێوەسڵ بوو و دەستبەجێ کەسەکەی دەکوشت. فرانکل دەڵێ لە دژوارترین کاتەکانی ژیانداو لە خەیاڵیشدا نەدەگونجا مروڤێک بتوانێ بەرگەی ئەو هەموو ئێشو ئازارو ئەشکەنجەو دڕندەییە بگرێ. لە بەر خۆمەوە دەمگوت: «ئێستا لە دەرەوەی ئێرە، دایکێ، خۆشکێ یان خۆشەویستێ چاوەڕوانە کە سەربەرزانە ئەم ئێشو ئازارە تێپەڕێننو سەربەرزانە بگەڕینەوە ئامێزی ئەوانو هەر ئەمەش دەبووە هۆی هەڵکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا. لە ئاکامدا فرانکل بە زیندوویی لەو کەمپە دێتە دەرەوەو ناوندێکی دەرمانیی تایبەت بە خۆی دابین دەکا، بە ناوی «ماناداەرمانی» «Logothraphy» کە سەرەکیترین بابەت کە ئێستا وەک پارادایمێکی جیاواز لە دەروونناسیدا بە دی دەکرێ، ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ لە هەر هەلومەرجو لە هەر بارۆدۆخێکدا کە بۆی دێتە پێشێ، مانایەک بدۆزێتەوە. بەواتایەکی دیکە ڕای وابوو کە لە ئاکامی ئەو هەموو ئەشکەنجەو ئازارە ئەمە خودی فرانکلە (یان مروڤ بە گشتی) کە بڕیار دەدا ڕەنجەکان تەحەموڵ بکا یان نزیکترینو هاسانترین ڕێگا هەڵبژێرێ، کە خۆ لەناو بەردنە. ئەم تەوەرە بە تەواوەتی هەڵگری ئەو وتە بە نرخەی نیچەیە کە دەڵێ: «ڕەنج بەشێکی سەرەکی ژیانی مرۆڤەو لێی جیا نابێتەوە. ئەمە لە حاڵێک دایە کە لە دنیای ئەوڕۆی ئێمەدا ڕۆژانە ١٠ تا ٢٠ میلیۆن کەس هەوڵی خۆکوشتن دەدەنو لەوانە یەک میلیۆن کەسیان هەوڵەکەیان سەردەکەوێ.

ئایا بە خۆکوشتن کێشەکان چارەسەر دەبن؟ ئایا خۆکوژی دەتوانێ هۆکاری گۆڕانکاری لەکۆمەڵگادا بێ؟ لە بەرامبەر خۆکوژییتاکەکاندا کێ بەرپرسیارە، کۆمەڵگا یان تاکەکان؟ هۆکاری کۆمەڵایەتی یان دەروونی خۆکوژی چیە؟ مرۆڤ بۆچی پەنا دەباتە بەر خۆکوژی؟ ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاری لەمجۆرە، لە کاتێکدا دێنە گۆڕێ کە دیاردەی خۆکوژی هەر دەم لە پەرەسەندن دایەو ڕۆژانە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا، گوێبیستی هەواڵی خۆکوژی دەبین.

## خۆکوژی چیە؟

ئەگەرچی زۆرن ئەو کەسانەی کە لە هەوڵی پێناسە کردنی خۆکوژیدا بوون، بەڵام لێرەدا ئاماژە بەهێندێکیان دەکەین:

خۆکوژی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، تەنیا ڕێگاو دوایین ڕێگای لەنێوبردنی«خود»ە کە بە شێوەیەکی ئاگایانە لە لایەن تاکەوە بەڕێوەدەچێ. یان بە مانای ئەنجامدانی کردەوەیەکە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە ژیانی تاکە بەدەستی خۆی. خۆکوژی بە شێوەیەک لە مردن دەگوترێ کە ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ دەرئەنجامێکی دیارو بەرچاوی هەیە، ئەم کردەوەیە تاکی خۆکوژ ئەنجامی دەداو خۆشی ئاگاداری ئاکامی کردەوەکەی خۆیەتی.

ئەنستیتۆی نەتەوەیی بێهداشتی دەروونی ئامریکا دەڵێ: «خۆکوژی هەوڵێکی ئاگاهانەو بە مەبەستی لە ناوبردنی تاکە کەس بە ئانقەست بە دەستی خۆی ڕەنگە ئەم هەوڵە بچێتە خانەی پراکتیزە کردنەوە یان وەک هەستێک لە مرۆڤدا بمێنێتەوە.»

سەرەڕای ئەوەی کە دیاردەی خۆکوژی دەبێ لە چەند ڕەهەندەوە شیبکرێتەوە بەڵام دوو جەمسەری سەرەکی زۆرتر لەم بابەتەی کۆڵیوەتەوە کە بریتین لە:

١- دەروونناسی: فرۆیدو دەروونناسانی دیکە دەچنە ئەم خانەوە کە ئەوەش بۆخۆیو لە پلەبەندییەکی جیاوازدا دەتوانێ دابەش بکرێتە چەند پلە. بۆ نموونە فرۆیدو (ڕوانکاوان) لە لایەکو ڕفتارگەراکان لە لایەکی دیکەوە.

٢- کۆمەڵناسی: کە دورکهایم، ئشتنگڵو هتد دەکەونە ئەم خانەوە.

بە کورتی دەستەی یەکەم تاکە کەس بە تاوانبار دەزانن. دەستەی دووهەم کۆمەڵگا.

ئیمیل دوورکیم، کە وەک دامەزرێنەری کۆمەڵناسیی مۆدێرن پێناسە دەکرێ، لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناوی «خۆکوشتن» بە شێوەیەکی زانستیانە باس لە خۆکوژی دەکاو لەمبارەوە دەڵێ: «خۆکوشتن کردەوەیەکی تاکەکەسیو کۆمەڵایەتییە کە دەتوانرێ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسییانەی بۆ بکرێ.

بەبێلەبەرچاوگرتنی«هۆکار»ی شەخسیی تاکەکان بۆ خۆکوژی، تەنیا بە یارمەتیی کۆمەڵناسی دەتوانین پەی بەو هۆکارانە ببەین کە دەبنە هۆی ئەوەی ڕادەی خۆکوژی لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، جیاواز بێ. هۆکارگەلێک کە لە نەبوونی پێڕاگەیشتنو لە دانەمرکانەوەی هەستە جیاجیاکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ.

دورکیم جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە تاوانباری سەرەکی لە خوکوشتنی تاکەکاندا کۆمەڵگایە. لە لایەکی دیکەوە دەروونناسان سەرەڕای کۆمەڵگا تاکە کەسیش بە یەکێ لە هۆکارەکانی خۆکوشتن دەناسن. بۆ نموونەو بە پێی ئامار ئەو کەسانە وا خۆدەکوژن زۆرتر لە نێو ئەو تاقمە دان کە تووشی نەخۆشیە جۆراوجۆرە دەروونییەکانو بە تایبەت خەمۆکی بوون. لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەگەر تەنیا لە یەک ڕوانگەوە بۆ بابەتەکە بڕوانین تەنیا بە لاڕێدا ڕۆیشتووین. لە دنیای ئەوڕۆدا بۆ هەر دیاردەیەک کە دێتە ئاراوە کۆمەڵێک فاکتەری جیاجیا هەن لە ڕوودانیان دا. بۆ نموونە خۆکوژی دەکرێ لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، ئابووری، کەلتووری و هتد کاریگەریان هەبێ لەسەری.

ئەم دیاردەیە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو ساڵانێکە وەک کێشەیەکی بەرچاو بەرۆکی هەموو کۆمەڵگای جیهانیو یەک لەوان کۆمەڵگای کوردستانی گرتۆتەوە کە لە ئاکامی کێشە کۆمەڵایەتیو تێکچوونە دەروونییەکانی مرۆڤەوە سەر هەڵدەداو بە یەکێک لە کێشە گرنگەکان دەژمێردرێو پێویستیبە لێکۆڵینەوە، خەسارناسیو بەدواداچوون هەیە.

بە پێی ئامارەکان، لە جیهاندا لە هەر چل چرکە یەک نەفەر خۆدەکوژێ. چوونەسەری ئاماری ئەو کەسانە وا پەنابۆ خۆکوژی دەبەن، بووە هۆی ئەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٣، ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی (world health organization) WHo ڕۆژی ١٠ی سێپتامبر وەک ڕۆژی بەرگری کردن لە خۆکوشتن دابنێو لەم ڕۆژەدا بۆ هەندێ وڵاتان بەرنامەیەکیکی تایبەت دیاری دەکرێ.

بە پێی پێشبینیەکی ڕێکخراوی (WHO) لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ڕادەی ئەوانە وا خۆدەکوژن دەبێتە یەک میلیۆن و نیم. ئەم جۆرە خۆکوشتنە یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی مردنە لە لاوان و مێرمنداڵاندا و بە گشتی تەمەنی کەمتر لە ٣٥ ساڵو دەهەمین هۆکاری مردنە لە دنیا. ئەگەرچی ژنان هەشت بەرابەر زیاتر لە پیاوان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، بەڵام پیاوان سێ بەرابەر زیاتر لە ژنان لەم کارەدا سەردەکەون. لە نێو وڵاتانی جیهاندا وڵاتی هێند زۆرترین ڕێژەی خۆکوشتنی هەیە. لە ئێرانداو بە پێ ئاخرین ئاماری وەزارەتی تەندروستی ڕۆژانە ١٣ کەس خۆدەکوژن کە تەمەنیان نێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵانە. ڕێژەی پیاوانیش زۆرترە لە ژنان. تووش بوونی بیست وپێنج لە سەدی کۆمەڵگای ئێران بە نەخۆشینە دەرونییەکان هەڵگری ئەو ڕاستییە تاڵەیە کە ئێران بە کومەڵگای خەمۆک ناودێر کراوە. لە نێو شارەکانی ئێراندا زۆرترین ڕادەی خۆکوشتن لە پارێزگا کوردنشینە کان دایە بۆ نموونە ئیلام زۆرترین ڕێژی خۆکوژی هەیە و لە پاش خووزستان دوو ئوستانی گەورەی کوردنشین واتە لوڕستان و کرماشان پلەی سێهەم و چوارەمیان هەیە.

گرینگترین هۆکاری خۆکوشتن لە ئێراندا لە ساڵانی پێشودا نەخۆشیی خەمۆکی بوو. کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەک بێکاریو هەژاری بۆتە بەشێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم نەخۆشییە. بە پێ ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردپا لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٢ تا ئێستا ٦٥ کەس لە ناوچە کوردنشینەکاندا خۆیانیان کوشتوە. (ئاخرین ئامارەکان تا ناوەڕاستی مانگی خەرمانانی ٩٢)یە.



بە پێی سەرچاوەی ئەم ئامارانە و بە لە

ل ٩


**ئەزموونگەرایی میل بووە هۆی ئەوەی بەستێنێکی فەلسەفیی پێویست بۆ چەمکی سوودگەرایی پێک بێت. میل وەک ئەزموونگەراکان پێی وابوو کە هەرچەشنە شارەزاییەکانی ئێمە لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەزموونە. ئەم بنەمایە رەنگە پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە بێت، بەڵام تەنانەت خودی بەڵگەهێنانەوەش بەرهەمی ئەزموونە. ئێمە لەرووی مێژوویی، دەروونناسی و فەلسەفییەوە، هۆ و هۆکارەکان لە دەرەنجامی گەڕانی زۆرەوە دەدۆزینەوە.**

# ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

**(٣-٧)**

ن: پاڵ ستراتێرن

و:مادح ئەحمەدی




جۆن ستیوارت میل لە ساڵی ١٨٤٣دا «سیستمی لۆژیک» ی بڵاو کردەوە و ناوبانگی پێ دەرکرد. ئەم بەرهەمە لەسەر نەریتی ئەزموونگەراییی ئینگلیزیی «لاک، برکلی و هیوم» دا دەڕوات، بەڵام ئاوڕ لە فەلسەفەی مێتافیزیکیی دواتری ئەڵمانیا ناداتەوە کە بووە هۆی دروستبوونی کانت و هێگل. (میل باوەڕی بە مێتافیزیک نەبوو، بەڵام مێتافیزیکی ئەڵمانی یەکێک لەو بابەتە دگمەنانە بوو کە بەقووڵی کاریان تێ کرد. هەر وەک لەم بارەیەوە دەڵێ ئۆگری بە فەلسەفەی هێگل «عەقڵ تێک دەدات.») ئەزموونگەرایی میل بووە هۆی ئەوەی بەستێنێکی فەلسەفیی پێویست بۆ چەمکی سوودگەرایی پێک بێت. میل وەک ئەزموونگەراکان پێی وابوو کە هەرچەشنە شارەزاییەکانی ئێمە لە ئەنجامدا بەرهەمی ئەزموونە. ئەم بنەمایە رەنگە پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە بێت، بەڵام تەنانەت خودی بەڵگەهێنانەوەش بەرهەمی ئەزموونە. ئێمە لەرووی مێژوویی، دەروونناسی و فەلسەفییەوە، هۆ و هۆکارەکان لە دەرەنجامی گەڕانی زۆرەوە دەدۆزینەوە. واتە گشتگیریان دەکەین، کە ئەمەش بۆ خۆی دەرەنجامی گەڕانە. دەبینین کە رووداوی ئەلف (هەتاو) لە رواڵەتدا رووداوی ب (توانەوەی سەهۆڵ)ی لێ دەکەوێتەوە. هەزاران جار ئەم حاڵەتە دەبینین. بەم پێیە بەو ئەنجامە دەگەین کە «ئەلف» هۆی «ب»یە (هەتاو سەهۆڵ دەتوێنێتەوە.) لە روانگەی میلەوە، هەرچەشنە رامانێکی زانستی بەم پرۆسەیەدا دەرباز دەبێ: یاساکانی لە رێگای ئەزموونی مەیدانییەوە دادەنا.

میل دەیزانی کە ئەنجامگیریی»استقرایی» هەڵەهەڵگرە. بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە چەند جار بینەری رووداوی هاوچەشن بووبین، بەڵام ئەمە وا ناکا لەوە دڵنیا بین کە جارێکی دیکە شتێکی جیاواز روو نادات. «هەموو قوو (قاز)ەکان سپین» هەمیشە وا دادەنرا ئەمە راستە. تا ئەو کاتەی کە ئۆستراليا دۆزرایەوە و ئەوروپییەکان لە کۆتای سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا بەرەو ئەوێ کۆچیان کرد، دەرکەوت کە قووی رەشیش هەیە. لە مەعریفەی «استقرایی»دا هەمیشە ئەگەری روودانی هەڵە هەیە. سەرەڕای ئەمەش میل پێداگر بوو کە وەها مەعریفەیەک دەکرێ لە چەند رووەوە جێگای متمانە بێ. ئەمەش لە رێگای چۆنیەتیی بەدەستهێنانی ئەو مەعریفەیەوە و هەروەها ئەو بەڵگەی کە پێشکەشی دەکات، دەکرێ بەمیتۆدی ئەزموونی بسەلمێنرێت. ئەگەر مەعریفەیەک لە پێکهێنانی مەعریفەدا پتردا نەخشی هەبێ، دەردەکەوێ کە بنەماکەی بەهێزترە. پارادایمە گشتییەکانی ئەزموون دەتوانن «یاساکان»ی سروشت ئاشکرا بکەن و ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان دەتوانن لە ئاشکراکردنی یاساکانی دیکەی سروشتدا بەکەڵک بن. ئەوە کە زۆربەی ترشەکان لە بەرامبەر تفت (قلیا)کان خوێ بەرهەم دێنن، ئەو گریمانەیە لای کیمیازانان پێک دێنێ کە رەنگە هەموو ترشەکان لەخۆیاندا توانای ئەوەیان هەبێ لە دژکردەوە لە بەرامبەر تفتەکاندا، خوێ بەرهەم بێنن. دەکرا ئەمە دواتر تاقی بکرێتەوە و زۆر دژکردەی تایبەت لەم رێگاوە ئاشکرا بکرێت.

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە کاربڕە تەنانەت لە بوارە نازانستییەکانیشدا رەنگە روو بدات. یەکەم: ئەنجامگیریی ئێمە لە کۆمەڵە رووداوێکی بەردەوامی تایبەتدا ئەزموونێکی سادەی تاکە کەسییە. بۆ وێنە بۆمان دەردەکەوێ کە خواردنەوەی زۆری بیرە مرۆڤ سەرخۆش دەکا. دواتر ئەمە دیسان دووپات دەبێتەوە و بەیارمەتیی ئەزموونەکانی ترمان پارادایمێکی تەبا دروست دەکا. خواردنەوەی برێکی زۆری شەرابی سێو یان شەرابی ترێ یان ویسکیش مەستمان دەکات. ئەمە بەرەوە دەرەنجامی دیکەمان دەبات: کەواتە خواردنەوەی زۆری هەرچەشنە کحوولێک مەستمان دەکات.


لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کەوا کۆمەڵێک ئەنجامگیریی تریش لەمەڕ سەرجەم ئەزموونگەلی خۆمان دەکەین. بەگوێرەی ئەزموونە بەردەوامەکانی خۆمان دەگەینە ئەو ئەنجامە کەوا هەر دیاردەیەک پەیڕەوی هاوئاهەنگییەکی گشتییە. هەڵسوکەوتەکان لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا هاوئاهەنگن. بۆمان دەردەکەوێ کەوا سروشتیش بۆ خۆشی لەگەڵ زنجیرە یاسایەک گشتیی دیاردا هەماهەنگە. لە ئەنجامی ئەم هەموو ئەزموونە بەردەوام و بەرینەدا تێ دەگەین کە هەر بەهۆیەک هۆیەکی هەیە. ئەم ئەنجامەش لەرووی مێژووییەوە لە قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی ئێمەدا پەیدا دەبێ، دەبێتە بەشێک لە سیستمی ئەقڵیمان و کار دەکاتە سەر خوێندنەوە فەلسەفییەکانمان. دەبێتە بەشێک لە شێوەی ژیان و بوون و بیرکردنەوەمان.

کاتێکە گەیشتینە ئەم ئەنجامەی هۆیەتی (علیت)، دەتوانین هەنگاوی دیکە هەڵبگرین و لەگەڵ «ئەنجامگیریی دەفعی (دەردراو)» لە رووی زانستییەوە شتی زیاتر بدۆزینەوە. ئێمە رووداوێک ئەزموون دەکەین و رەنگە چەند هۆکاری بۆ بدۆزینەوە. یەکێک دەمرێ: ئێمە هەموو ئەو هۆکارانەی کە رێیان تێ دەچێ، تاقی دەکەینەوە. ئاژەڵێک تۆی دەبڕێتەوە، بەدوای کۆمەڵە هۆکارێکدا دەگەڕێین و هەندێک هۆکاریش لەبەرچاو ناگرین. هۆکارە جیاوازەکان یەکە یەکە دەخەینە لاوە تا دەگەینە وەڵامی راست. ئەمە لە خۆیدا کاردانەوەی دەبێ و باوەڕی ئێمە بەرامبەر بە یاساکانی هۆیەتی بەهێزتر دەکا. بەڵام هەر وەک دەتوانین دەبینین، تەنانەت ئەم «ئەنجامگیرییە دەفعی «ـەش بە تەواوەتی لەسەر بنەمای «ئەنجامگیریی استقرایی»ی پێشوو دانراوە.

بە باوەڕی میل، ئەنجامگیریی»استقرایی» لاوەکی سەرچاوەی سەرجەم مەعریفەی زانستیی ئێمەیە. ئێمە دواجار پشت بەم مێتۆدە دەبەستین. کە لە دوو توخمی بنەڕەتی ـ ئەزموون و یادەوەری ـ سوود وەردەگرێ.

بەڵگەهێنانەوەی میل زۆر بەهێزە، بەڵام خاڵی لاوازیشی هەیە. سەرەڕای ئەنجامگیریگەلی لاوەکی ـ وەک تەبایی و هۆیەتی ـ بەڵام ئەمە بەڵگەهێنانەوەی جۆن لەسەر ئەزموونگەرایی سەرەکیی هیوم، وەڵامدەری داهاتوو نییە. هەموو مەعریفەی ئێمە کە بەرهەمی ئەنجامگیرییە تەنیا لەسەر هاوئاهەنگیی رووتی رابردوو و ئێستایە. لە سەر ئەو گریمانەیەش دانراوە کە داهاتوو لەگەڵ ئێستا و رابردوودا هاوئاهەنگ دەبێ. بە ڕای میل ئەو گریمانەیە کە داهاتوو هەر وەک رابردوو دەبێ، پێوەندیی بە مەعریفەی «استقرایی» لاوەکی ئێمەوە پەیدا دەکات. بەڵام ئەمە خاوەن دەورێکی لۆژیکییە. ئەستەمە کەوا «استقرا»یەک ئەوە بسەلمێنێ کە داهاتوو وەک رابردوو یان ئێستا دەبێ ـ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە کە سەرجەم پرۆسەی «استقرا» لەسەر ئەم گریمانەیە وەستاوە!

هەڵەی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ خودی زانایان. مێتۆدی ئەوان لە دۆزینەوەی یاسا نوێیەکاندا، لەراستیدا پێوەندییەکی لاوازی بە ئەنجامگیریی «استقرایی»ەوە هەیە، یان بەگشتی هیچ پێوەندییەکی نییە. زانا راستییە ئاڵۆزەکان تاقی دەکاتەوە و گریمانەیەک بۆ شیکردنەوەیان پێشکەش دەکا. دواتر بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە لەگەڵ راستییەکانی تر دەگونجێن یا نا، تاقییان دەکاتەوە. ئەگەر بگونجێن ئەوا گریمانەکەی وەک لۆژیک، یاسای زانستی، یان تەنانەت وەک یاسای سروشت دەچەسپێت. بەڵام میل بەم شێوەیە چاو لێ ناکات. بە ڕای ئەو هەر گریمانەیەک هەمیشە دەکرێ گومانی لێ بکرێت. رەنگە گریمانەی دیکە هەبن کە لەگەڵ سەرجەم راستییەکان بگونجێن. مێتۆدی گریمانەیی بۆ ئەوە کە دەبێ کام گریمانە قبووڵ بکرێ، هیچ رێنوێنییەکی تێدا نییە. (سەرەڕای رەخنەی میل، سەرجەم ئەنجامگیریگەلی دووەمی تێکەڵکەر کە بەرهەمی ئەنجامگیریی «استقرایی»ن ئەم کەمایەسییەیان پێوە دیارە.)



مێتۆدی پراکتیکیی میل، پرسیارێکی رووخێنەری دیکە دەخاتە بەردەم ناوبراو: چۆن دەزانن ئەو دیاردانەی کەوا ئەزموونیان دەکەین، جیا لە ئەزموونی ئێمە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەدی دەکرێن؟ یان با بڵێین، چۆن دەکرێ بزانین کە شتێک وەک جیهانی راستەقینە و راوەستاو هەیە؟ میل بەردەوام خۆی لەو گریمانەیە دەدزییەوە کە وای دابنێت لەو دیو وشیاریی ئێمەوە جیهانێکی ئەبەدی هەیە. لە باتی ئەوە پێشنیازی دەکرد «مادە» وەک «ئیمکانی بەردەوامی هەست» لە قەڵەم بدەین. ئەو دڵنیا بوو کە «ئەم بۆچوونە لەمەڕ مادە تێکڕای ئەو پێناسانە دەگرێتەوە کە لە جیهانی ئاساییدا بۆی دەکرێت.» رەنگە چیدیکە خەڵکی ئەم جیهانە گشتییە ئەوەندە بەمە قایل نەبن. میل قسەکەی ئاوا تەواو کرد کە مێنتەڵێتیش بریتییە لە» ئیمکانی بەردەوامی هەستکردن». مێشکی ئێمە بریتییە لە زنجیرەیەک لە هەست و هۆش کە وەک « هەودای وشیاری» دەکرێ خۆی بناسێ. بەهەڵکردنی سەرەداوی ئەم هەودایە، یاردەوەری بۆ زەین دروست دەبێت.

ئەم شرۆڤەیە وەڵامی ئەوە ناداتەوە کە لەرووی رۆحی و جەستەییەوە روو دەدا. بەو حاڵەش دەستەواژەی «هەودای وشیاری» بەوشێوەیە کە میل ئاماژەی پێ کردووە، زۆر رەنگی پێشگۆیی پێوە دیار بوو. نیو سەدەی خایاند تاکو «ویلیام جیمز»، دەروونناسی ئەمریکی روونکردنەوەیەکی باشتری سەبارەت بە مێشک و «رەوتی تراو (بزۆز)ی وشیاری» پێشکەش کرد. میل رەنگە یەکەم هەنگاوی بەرەو لای ئەم هەڵێنجانە داهێنەرانە و رۆشنگەرانەیە نابێ.

بە باوەڕی میل ئێمە یاساکانی لۆژیک لە رێگای ئەنجامگیریی «استقرایی»ەوە دەدۆزینەوە. یاساگەلێک وەک یاسای شوناس ـ شتێک لە یەک کاتدا ناتوانێ خۆی و شتێکی دیکە بێ ـ بەشێوەی ئەنجامگیریگەلی لاوەکی، بەرهەمی ئەزموونی ژیانی رۆژانەیە. بەهەمان شێوە یاساکانی بیرکاری، بەرهەمی لۆژیکی ئەنجامگیری دیاردەکانە. ژمارەی یەک ئەو گشتیکردنەیە کە بەرهەمی بینینی تاکە تەنەکانە. بەم شێوەیە ژمارەی دوو، ئەو گشتیکردنەیە کە بەرهەمی بینی جووت تەنەکانە. ئەم دوو گشتاندنە جیاوازە هەرلەبنەڕەتدا پێوەندییان پێکەوە نییە، یان بەرهەمی زنجیرەیەک چەمکی ساکاری بنەڕەتیی بیرکارین. کەواتە ٢=١+١ ئەمە دەرەنجامێکی رووتی ئەزموونە و لە هیچ بارێ□کەوە لەرووی لۆژیکی و بیرکارییەوە «زەرووری» نییە. لیرەدا تەنیا ناسینەکە بەرهەم هاتووە، وەک «سەرجەم قووەکان سپین». بەپێی بۆچوونی میل ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا دەرکەوێ کە ١+١ یەکسان نەبێ بە ٢. بەڵام لە سۆنگەی ئەزموونی زۆری تاکو ئێستامانەوە، ئەو راستییە سەلمێنراوە کە ٢=١+١، بۆیە لە دروستیی ئەم بابەتە تەواو دڵنیاین.

لە راستیدا لێرە میل بەپێچەوانەی بۆچوونی باوکی، کە لە بیرکاریدا نۆمینالیست بوو، بەڵگەی دەهێنایەوە. جیمز میل پێی وا بوو کە ١+١ تەنیا پێناسەیەکی ٢ یە و سەرپاکی بیرکاری لەسەر ئەم جۆرە پێناسانە دانراوە. جۆن ستیورات میل کەوتە بەر لێشاوی رەخنە و تووڕەیی ژمارەیەکی زۆر لە بیرکاریزانانی سەدەی نۆزدە. بەتایبەت کەسێکی وەک «ویلیام هیوئێل» کە مامۆستایەکی دیاری کامبریج بوو و روانگەیەکی «شهوودی»ی بوو. بە باوەڕی «شهوود گەراکان»، ئێمە قەت ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن ١+١ ناکاتە ٢. ئەمە هەر لەبنەڕەتدا گومانی لەسەر نییە. بەم پێیە ١+١ دەکاتە ٢. دەبێ وابێ و رێگایەکی دیکە نییە. سەرجەم بیرکاری لەسەر بنەمای دڵنیایی تەواوی ئەم جۆرە شهوودە بنەڕەتییانە دانراوە.

میل بۆ دەربڕینی دژایەتیی خۆی لەم بارەیەوە، رای گەیاند کە ئێمە ئێستاکە شارەزای زۆر چەمکین کە پێشان هەر بە خەیاڵیشماندا نەدەهاتن. لە سەرپاکی سەدەگەلی ناوەڕاستدا بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کە زەوی خڕ بێ و بەدەوری خۆردا بسووڕێتەوە. هەتاکو نیۆتۆن هێزی راکێشەری زەویی نەدۆزییەوە، بەبیری کەسدا نەدەهات کە زەوی لە مەودایەکی یەکجار دوورەوە کار بکاتە سەر خولانەوەی مانگ.

بەڵام روانگەی ئەزموونگەرانەی میل بۆ بیرکاری، چەند رەخنەیەکی لەسەرە. رەخنەی سەرەکی لە گرێدانی ژمارەکان بە ئەزموونگەریی ئیمەوە، دەگەڕیتەوە بۆ ناوەرۆکی بیرکاری. لە سنووری ئەزموونی ئێمەدا ژمارەی شتەکان دیارە. لە لایەکی دیکەشەوە دەزانین کە لە بیرکاریدا ژمارەکان بێ بنن. رەخنە و کێشەیەکی لەم چەشنە لە هەندسەی نوێوە سەری هەڵدا کە هەر لەو سەروبەندەدا لە لایەن «لۆبا چڤسکی» بیرکاریزانی روسەوە دۆزرابووەوە. ئەمەش زەبرێکی کوشندە بوو لە روانگەی ئەزموونگەرایانە لەمەڕ بیرکاری. لۆبا چڤسکی ئەوەی سەلماندبوو کە هەندسەی ئۆقلیدسی لەسەر رووپەڕێکدا دەکێشرایەوە و «تەخت» بوو، تاکە فۆرمی هەندسە نییە. هەندەسەگەلی تەواو جیاوازی دیکە هەن کە لە رووبەرگەلی کەوانەییدا دەکێشرێنەوە. ئەمانە زۆر کەمتر پێوەندییان بە جیهانی سروشتییەوە هەیە. فەزای بیرکاری و فەزای سروشتی هیچیان لە یەکیان ناچێ. ئیدی لێرەدا جیاوازیی تەواوی ئەزموون و بیرکاری دەردەکەوێ.

کوردستان
ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦١٧
١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٢
٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٣

# ناسیونالیزم و ئەدەبی کوردی



عەلی لەیلاخ

وشەی «ناسیونالیزم» کە لە دوو بەشی «ناسیون» بەمانای «نەتەوە« + (ایسم) کە بەمانی «ناسین» پێکهاتووە کە بەزمانی سادەتر ڕێبازی ناسینەوەوپاراستنی بەرژەوندیی نەتەوەییە، ناسیونالیزم وەکوو چەمکێک کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە نێو ئەو گەلانە سەری هەڵدا کە هۆشیارییان پەیدا کرد، سەبارەت بە هووییەتو شوناسی نەتەوەیی خۆیان بە بێ ئەوە دەوڵەتی نەتەوەییشیان هەبێ، بە زمانی سادەتر بریتییە لە دڵسۆزیو خۆتەرخان کردن بۆ نەتەوە یان نیشتمان.

لە ڕێبازی ناسیونالیزمدا «نەتەوە» وجوودێکی گیاندارەو وەکوو هەر گیاندارێکتر خاوەنی یاساو تایبەتمەندیی ژیانی خۆیە. بە پێی ئەم وتەیە دەتوانین بڵێین: ناسیونالیزم ئایینی ناسینو زیندووکردنو پاراستنی میللەتە.

لە سەرەتادا ناسیونالیزم لە جیهاندا دژکردەوەیەک بوو بەرانبەر بە داگیرکەران! ئەگەرچی کاکڵو بنەمای دووروردرێژترە بەڵام هەتا شۆڕشی فەرانسە وەکوو بزووتنەوەیێکی گشتیو خەڵکی نەبوو. تاکوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدە وڵاتانی دیکەی گرتەوەو لە کۆتایی هەمان سەدە بە هۆی ئەوە کە بە سەرتری فەرهەنگیو ڕەگەزیی پاساو کرا، ڕژیمە توتالیتەکانی «نازیزم» لە ئاڵمانو «فاشیسم» لە ئیتالیای لێکەوتەوە. بەهەمان شێوە لەنێو تورکو عەرەبو فارس ناسیونالیزمی داڕێژراو بەسەر «خۆسەرتربینینی ڕەگەزیی»بیرۆکەی «پان تورکیزم «و»پان عەرەبیزم» ی لێکەوتەو کە هەرکام لەم سیستەمە حکومەتییانەدا، بۆ سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکە وەکوو کوردو ئەرمەنی، هەوڵی زۆریان داوە.

جێی ئاماژەیە کە ناسیونالیزمی هزریی لە رووخانی ئوردووگای سوسیالیزمی مارکسیزم لێنینیزم ڕۆڵیکی بەرچاوی هەبوو. چۆنکە خەڵکی بەشدار لەم بزووتنەوە کە بە پاساوی یەکگرتنی جیهانی، بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیانیان تێدا نەدەبینی. لە ئێرانیش لەدوای شکست هێنانی ئێران لە شەڕ لەگەڵ ڕووسیا، ناسیونالیزم هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیو وەکو چەمکێکی هەرە گرنگ چاوی لێدەکرا.

ئەدەبی کوردی شوێنی سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی

ناسیونالیزم کە بۆ خۆی دیاردەیەکی فیکرییو مۆدێرنەو سەرەتا لە لایەن چەند بیردۆزو زانایانی ئەم بوارە تیوریزەو شرۆڤە کرا، کەسانێک وەکوو «ئارنست گێڵنەر» و»بەندیک ئەندرسۆن»و ئیریک هۆبزبام» کەهەر کام بە جۆرێک ئاوریان لەم بابەتە نوێیە داوەتەوە چۆنکە خودی ناسیونالیزم لایەنو بۆچوونی جۆراوجۆری تێدا هەیە. ئەگەرچی ڕێبازی ناسیونالیزم بە پێچەوانەی زۆرێک لە ڕێبازەکانی دیکە وەکوو»لیبرالیزمو سۆسیالیزو کۆمۆنیزم و هتد، کە هەر کام لەمانە فیلەسوف وتیۆریسینی تایبەتیان هەبووە بەڵام ئەم چەمکە هەرە گرینگە تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بێ فیلەسوفو ڕۆشنبیری تایبەت بووە، هەتا لە سەرەتای هەشتاکان ئەو چوار بیردۆزە بیرۆکەو کتێبی تایبەتیان لەسەر ناسیونالیزم نووسی.

بەدوای بڵابوونەوەی بیرۆکەی ناسیونالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو گۆرانکارییە جیهانییەکان کوردیش بەرەبەرە لەگەڵ ئەم چەمکە فیکرییو سیاسییە ئاشنابوو. هەروەکوو وڵاتانی دیکەیش ڕۆشنبیرانو نووسەرانو هەڵسورانی بواری فیکرییو فەرهەنگی ببوون بە جڵەوکێشو پێشەنگی ناسیونالیزمی کوردیو بانگەشەی نەتەوەخوازیو سەربەخۆ بوونیان دەکرد.

ئەگەر یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی نەتەوەیەک «زمان و ئەدەبیات» بێت و بووژانەوەی زمان، زیندووکردنەوەی میللەتێکو ناسنامەی مێژوویی لە بەرچاوبگرین کەوایە ئەحمەدی خانی» شاعیرو نووسەری کورد ڕێبەرێکی مەزنو ناودارە لەم بارەوە.

ئەحمەدی خانی کە لە ساڵی ١٦٥٠ لە دایک بووە پێش لە تیۆریسیونە جیهانییەکان هەستی بە گرنگایەتی زمان کردووەو هەوڵی بۆ داوە، ئەو بە نووسینی چیرۆکی»مەم وزین» زمانو ئەدەبی کوردی بەشێوەی (مکتوب)و نووسراوە، وورووژاندوە کە بۆ خۆی دەڵێ:

«دا خەلق نەبێژێتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتنو بێ ئەسڵو بونیاد»

هەربۆیە چیرۆکی «مەم وزین» سەرنجی مێژوونووسانو ڕۆژهەڵاتناسانی ڕاکێشاو لەو پەیوەندییەدا «ئۆسکارمان»ڕۆژهەڵات ناسی ئاڵمانی دەڵێت:»مەم وزین» ڕەنگینترین شوێنەوارو میراتی ئەدەبی کوردییە«

ئەگەر قسەی «لۆرد ئەکتۆن» لەبەرچاوبگرین کە دەڵێ: تاراوگە«تەبعید» بێشکەی ناسیۆنالیزمە« هەروەها «بەندیکت ئەندرسۆن» ئەم بۆچوونە قەبوڵ دەکاتو لەگەڵ چەند تیوریسیەنی دیکە کە ناسیۆنالیزمی ئەورووپا لە دەرەوەی ئەورووپاوە لەدایک بووە، دەتوانین بڵێین بەپێی ئەمانە ناسیونالیزمی کوردیش لەدەرەوەی سنوورەکانی کوردستان شکڵی گرتو پەروەردەکراو دوایی شۆڕبووە بەناوکۆمەڵگای کوردی! بەرچاوترین کەس دەتوانین ئاماژە بە «حاجی قادری کۆیی» بکەین کە بە پێچەوانەی ناوەکەی نەچوو بۆ تەوافی کەعبەی ئایینی بەڵکوو وەکوو نیشتمان خۆشەویستێک کاتێک بە هۆی باری نالەباری کۆمەڵگای خۆی کە ئەویش دیاردەی «کۆلونالیزمی» داسپاوی ئەوکاتی عوسمانی بوو، سەری خۆی هەڵدەگرێو لە ئەستەمبوڵ نیشتەجێ دەبێ.

شاعیرو تێکۆشەر حاجی قادرکۆیی (١٨١٧/١٨٧٩) یەکێک لە ناسراوترین ڕۆشنبیرانی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردییە، کە کاتێک لە دوورەوڵات گیرسایەوە، لە قەرەباڵغیو غووربەتی ئەستەمبوڵ خۆێ ون نەکرد، بەڵکوو بە تیرامانو ڕوانینی سەردەمیانە بوو بە یەکێک لە گەورەترین داهێنەرانی بزاڤی نەتەوە خوازی. حاجی قادر وەک شاعیرێکی ڕەخنەگر سەرەتا بە گژ کەمتەرخەمیو خەمساردی مرۆڤی کورددا دەچێت هەتا پڵتۆکێکیان لێبدا بۆ بەخەبەر هاتنەوە لە خەونی ڕەشو ناخۆشی دواکەوتوویيو ژێرچەپۆکەیی کە دەڵێ:

گەڵێکم بیستووە پەستیو بڵندی دەوڵەتتان ئەمما
جیهان نەیدیوە پەستی وا میسالی حاڵی کوردستان!

حاجی قادر لە ئەستەمبوڵ بە چەمکی» نەتەوەو، دەوڵەت نەتەوە« ئاشنا دەبێتو هەروەها دەبێتە مامۆستای منداڵانی تاراوگەنشین، بەتایبەت منداڵانی بەدرخانییەکان کە ئەو منداڵانە بە پێی ئامۆژگاری و دڵسۆزییەکانی حاجی قادر لە کۆتایی سەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە ئاستی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی دا.

ئەگەر هەستی دوورەوڵاتی شاعێرێک وەکوو نالی کە دەچێتە ئەستەمبوڵ، نوستالیژیایەکە فەردی و لە وەسفی ڕابردوو دایەو ویستی نیشتمانیی نالی لەدەشتی شارەزوور زیاتربااڵ ناکات.

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری (شارەزوور)

بە پێچەوانەوە ئیحساسی حاجی قادر ناسیونالیزمێکی گشتیو نیشتمانییەو هەنگاونانێکە بەرەو داهاتوو.

پێویستە بگوترێ ئەوەی حاجی قادر لە ئاستی ئەدەبیاتو شێعر باسی لێدەکاتو هەر لەم ڕێگایشەوە دەچێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە، دوابەدوای ئەو خەباتکارانێک وەکوو شێخ عوبەیدوڵای نەهری دێنە میدانی خەبات وتێدەکۆشن بە کردەوە خەونو خۆزگاکانی حاجی قادر بە دی بێنن!

هەربۆیە «ئۆلسن» شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵا بە لە« دایکبوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد دەزانێت».

کەسایەتێکی دیکەی بواری ئەدەبو شێعر کە بۆ هەستی نەتەوایەتی کورد هەوڵی زۆری داوە، «پیرەمێردە« (١٨٦٧/١٩٥٠). پێرمێرد دوای ئەوە کە نزیک بە ٢٥ساڵ کە لە دوورە وڵات ژیاوە، کە دەگەڕێتەوە شاری خۆی هەگبەیەکی بە نرخی هەیە لە بیروباوەری نیشتمان پەروەرییو ناسیونالیزمێکی هزرییوسەردەمیانە هەمان دەرکردنی «ڕۆژنامە« و تێکۆشانی «ڕۆژنامەگەری یە «

پیرەمێرد بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەی جیهان لەوسەردەمەدا باش دەزانی کە بۆ زیندووکردنەوەی رەگ وریشەی داری نەتەوەخوازی تەنیا بە چاپ کردنی ڕۆژنامە نیە، هەربۆیە بۆ بەخشینی هەستی شانازیو سەربەرزی چین وتوێژەکانی کومەڵگا دەست دەکابە سازکردنی کۆمەڵێک سەمبۆلی مێژوویی لە ئەفسانەو حەقایەتەکان بە باشی بۆ پێش بردنی هەستی ناسیونالیزمی کوردی کەڵک وەردەگرێت. چیرۆکی کاوەی ئاسنگەرو ئاگری نەورۆز و...

لە لای پیرەمێرد کەلتوور ڕەمزی نەتەوەییەو لە لای حاجی قادر زمان. هەرچەند ئەم دوانە گرێدراوی یەکترنو لە خاڵە هاوبەشەکانی ناسیونالیزمن.

جێگای ئاماژەیە ئەگەرچی کورد بە درێژایی مێژوو لەسەر پاراستنی خاک و وڵاتی خۆی هێرشی کراوەتەسەرو بە سەدان و هەزارانی لێکوژراوە، بەڵام تاکاتێک پرۆسەی ناسیونالیزم دەستی پێنەکرد ئەو کوژراوانە شەرەفی «شەهید»یان لەسەر دانەنا بوو. ئەمە «پیرمێرد»ی شۆڕشگێر و شاعێر بوو کە یەکەمجار «شەهید» بە مانای گیان بەخشین لە پێناوی خاک و وڵاتی هێنایە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە!

پێ ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا دەژین!

بە وتەی «ئەندرسۆن» (زمان و بوارەکانی زمانەوانی /چاپ) بنچینەی وشیاریی نەتەوەیی دادەڕێژن، ئەمیش هەر ئەو فاکتەرانەیە کە «پیرەمێرد لە ئاستی نەتەوەخوازیدا زەحمەتی زۆری بۆ کێشا.

بەدوای ئەحمەدی خانیو حاجی قادرو پیرەمێرد زۆر شاعیری دیکەیش وەکوو قانع، هێمن، هەژار، پەشێو، شێرکۆ بێکەسو.... بە هونەری خۆیان خزمەتیان بەم بزووتنەوە کردووە، تائێستاش هەر لەڕێگەی هونەرمەدانو نووسەرانی دەرووستەوە ئەم ڕەوتە لە ئارادایەو ڕۆژبەڕۆژ ناسیونالیزمی کوردی بە وێنەی بزووتنەوەیەکی فیکرییو فەرهەنگی بۆ دەسکەوتێکی بەنرخی سیاسی» بەرەوئاقاری بەرینوباشتر دەڕوات. هەروەها چۆن فەرهەنگوئەدەب یەکەم بێشکەی پەروەردەو ڕاهێنانی نەتەوەخوازی کورد بووە، هەتا ئێستا ناسیونالیزمی کوردی بە پێچەوانەی نەتەوەکانی دیکە وەکوو تورک وعەرەب، فیکری ترین وئینسانی ترین ناسیونالیزمە. کە هیچکات نەتەوەی کوردی بەرزتروسەرتر لە نەتەوەکانی نەزانیوەو تەنیا دژ کردەوەیەک بوە بەرانبەر بە «کولونالیزم» ودەسەڵاتی داسەپاو.

سەرچاوە:ناسیونالیزم وسەفەر/مەریوان وریا قانع/گزیدەای از مقالات «لوکاچ»

هەڵچنینی

# شامگا و گونجیشک نەوەی ئێستا و داهاتوو بە لێدان نادەن



مستەفا شێخە

باش و خراپ دوو وشەی زۆر سەیر و سەمەرەن. ڕەنگە ئەو خوێنەرە بەڕێزە خوێندەوارانەی بەقەرایی تووکی سەری پیاوێکی سەر رووتاوە کتێبیان خوێندووەتەوە و خولەکانی خوێندنیان تێپەڕاندووە و کۆمەڵێک بەڵگەنامەیان لە سەریەک کەڵەکە کردووە، بەم ڕستەیە پێبکەنن و بڵێن جا باش و خراپ بە کوێدا سەیر و سەمەرەن.

منی قەڵەم بێبڕشتی کۆڵەواری زەینکوێر، هەر ئەوەندە دەزانمو زەین و فکرو هۆشم لەوە زیاتر بڕ ناکات. دەزانم هەم وشەی «باش» سەیرە و هەم وشەی «خراپ» زۆر سەیرە. دیارە کەس مافی ئەوەی نییە بیروباوەڕ و بۆچوونی خۆی بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێت. هەر بەم هۆیەشە داوا ناکەم ئێوە بەم دوو وشەیە پێبکەنن. ئەم دوو وشەیە لەوپەڕی سەیر و سەمەرەییدا زۆریش هەژارن. نەک ئەوەی لەبواری مانابییەوە هەژار بن، بەڵکوو هەژارییەکەیان لەوەدایە، دەکرێ هەر کەس بەمەیلی خۆی سواری ملیان بێت. ئەم دوو وشە سەیر و سەمەرانە لە زمانی کوردیدا وەک ئاوەڵناو کەڵکیان لێوەردەگیرێتو هەمیشە بەدوای ناوێک دادێن. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە دەکرێ لە دوای یەک ناودا جێگۆڕکێ بە هەردووکیان بکەی و بەمەش کەس ئەنگوستی سوڕمان نانێتە دەمیەوە. هەموو خوێنەرانیش لە نەخوێندەوارێکی ئەڵف و بێتکە نەدیتووەوە تا دەگاتە مامۆستایەکی خاوەنی بەڵگەنامەی بەرز بەرز بەرزی خوێندەواری پێیان سروشتییە و پێی پێناکەنن. هەر لەناو خۆماندا کە زیندەوەرێکین دوای چەندین ملیۆن ساڵ توانیومانە لە سەر دووپێ ڕاوەستینو لە کاتی بێکاریدا دوو دەستیشمان بە ئەم لاو ئەولای خۆماندا شۆڕ بکەینەوە، باش و خراپمان تێدایە. دەکرێ هەموو ئەو ڕستانەی ئاوەڵناوی «باش»یان تێدایە، جێگەی ئاوەڵناوەکەیان بە ئاوەڵناوی بەرانبەر واتە «خراپ» بگۆڕین. بۆ وێنە دەتوانین بڵێین پیاوی باش یان پیاوی خراپ و ژنی باش یان ژنی خراپ.

دوای ئەوەی هەم ژن و هەم پیاوی ئەم سەردەمەمان پیاوخراپ کرد، دەکرێ ئەم ئاوەڵناوە بۆ شتی بێگیانیش بگوازینەوە. بۆ وێنە لە ڕستەیەکدا کە وشەی تەلەفزیۆنی وەک ناو تێدایە، بڵێین تەلەفزیۆن باشە، یان تەلەفزیۆن خراپە. من سەبارەت بە تەلەفزیۆن تێدا ماومەتەوە و نازانم بڵێم باشە یان خراپە. بەڵام لەو کاتەدا پێکەنینم زیاتر دێت. چونکە ئەم تەلەفزیۆنە جارهەیە باشە و جار هەیە خراپە. لێرەدا ناچارین بەدوای وشەیەکی دیکەدا بگەڕێین کە ئەویش وشەی «ڕێژە»یە. ئەم ڕێژەیەش کە زیاد و کەمیی هەیە و لە بەرزی و نزمی دایە، ئەوەندەی دیکە کارەکەمان لێ چەتوون دەکات. ببوورن ئەم وشەی «چەتوون»ەشم لە «چەتین»ی تورکانەوە دزیوە، یانی من نەمدزیوە، نازانم چەند ساڵ بەر لەمن دزیویانە. با بگەڕێینەوە سەر ئەم تەلەفزیۆنە کە بە «ڕێژە»یەکی بەرچاو ژیانی پێ تاڵ کردووین. شەڕە حیزبمان پێشان دەدات. ژنان فێری مۆدەی جۆراوجۆری جلو بەرگ دەکات. بە پێشاندانی فیلمی دڵداری، هاوسەرە ئاشق و مەعشووقەکانمان لێ دەکاتە دوژمنی قەستە سەری یەکتری. زمانمان دەشێوێنێت و زمانی نەتەوەکانی دیکەمان بەسەردا زاڵ دەکات.

بەڵام لە نیشتمانی ژێردەستەی ئێمەدا ئەم تەلەفزیۆنە خێرێکی زۆری بۆ منداڵان هەیە. ئەویش نازانم «باش»ـە یان «خراپ»ـە. هەر ئەوەندە دەزانم منداڵانی لە کۆڵ کوتان و لێدانی ماموستای قوتابخانە کردووەتەوە.

ئێستا کە چەند ڕۆژێکە وەرزی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردووە، ئەم تەلەفزیۆنە کاری منداڵانی زۆر هاسان کردووە. هەرچەندە «خوێندن بە زمانی خۆمان سووچ و توانە بۆمان» و خوێندن بە زمانی فارسییە، بەڵام بە هۆی تەلەفزیۆنەوە منداڵانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەر لەوەی بچنە بەر خوێندنی مەدرەسە، باش لەم تەلەفزیۆنە فێری فارسی دەبن. دیارە لە ئاکام دا ئەوانیش وەک دایک و باوکیان کوردییەکەیان وەک تورک دەڵێ قارشمیش دەبێت و بە سەرەد و بێژینگ و هێلەگیش کوردی و فارسیەکەیانت بۆ لێک ناکرێتەوە.


ئەوەی جێگەی سەرنجی منە ئەوەیە ئیدی ئەوان وەک گەورەکان نین کە لە بێ کارەبایی و بێ تەلەفزیۆنیدا دەستیان بە خوێندن دەکرد و وەک ئەوان بێ پێشەکی بەسەر زمانی فارسیدا ناکەون. بەر لە چوونە مەکتەب دەیان سروودیان بە مەبەستی پتەوکردنی زمانی شیرینی فارسی فێر دەکرێتو کەمتر روو دەکەنە ئەم زمانە مێوخۆشەی خۆمان. لە ناکاو و بێ پێشەکی بەسەر وشەی «شامگا»دا ناکەون و وەک ئێمەی فارسی نەزان وانازانن کارێکی لەمجۆرەیان لەگەڵ شاهەنشا کردووە و ناکەونە بەر شووڵی تەڕی ماموستا. یان لەکاتی دابەش کردنی بڕگەکانی وشەی گونجیشکدا، بە دەربڕینی بڕگەی یەکەم لەفڕقەی پێکەنین نادەنو قینو غەزەبی مامۆستا ناوروژێنن. لێرەدایە دەڵێم تەلەفزیۆن بە «ڕێژە»یەکی بەرچاو» باش»ـە. ئەوکاتەی ئێمە دەستمان بە خوێندنی زمانی فارسی کرد ئەم تەلەفزیۆنو ڤیدیۆ و کامپیۆتێرو شتانە نەبوون. بۆیە هەتا مەشکەی زگمان ئێشا بە وشەی شامگا و دابەشکردنی دوو بڕگەکەی گونجێشک پێکەنین و دوو لەڕووی ئێوە، پەرژینێکی بەگوڵ بێت، لەڕوومان هەڵنەدەهات پاژی یەکەمی بە تەنیا بڵێینەوە. منداڵانی ئەمڕۆش بە پێچەوانە وردە وردە وایان لێدێت بە زمانی خۆمان پێبکەنن، بۆیە دەڵێم باش و خراپ زۆر سەیر و سەمەرەن.

# نووسینێکی بەپێزو وەرگێڕانێکی بەهێز

لەم دوایانەدا وەرگێڕانێکی نوێی «داغستانی من» لە نووسینی «ڕەسووڵ هەمزەتۆف» بڵاوبۆوە. وەرگێڕی ئەمجارەی «داغستانی من» حەسەن دانیشفەرەو بەرهەمەکەش لەلایەن چاپخانەی ڕۆژهەڵات بڵاوبۆتەوە. پێشەکیی ئەم وەرگێڕانە نوێیە بە قەڵەمی مامۆستا عەبدواڵڵا حەسەنزادەیە. حەسەنزادە لە بارەی ئەم وەرگێڕانە نوێیە دەڵێ: وەرگێڕانێکی نوێی «داغستانی من».

ئەمنو زۆر لە ئێوە خوێنەرانی بەڕێز لەمێژە کاک حەسەن وەک شاعیرێکی خۆشمرخو زمان پاراوو ناسکخەیاڵ دەناسین. ئەو لە وەسفدا دەستێکی باڵای هەیە، شێعری نیشتمانی زۆر بەهێزی هەن، لە شێعری دڵداریدا یەکجار بەتوانایەو با لێی لەهەرا بدەم لە شێعری داشۆرین «هجو»یشدا [هەرچەند زۆر باوی نەماوە]، قوتابییەکی باشی شێخڕەزای تاڵەبانییە. بەڵام بەشبەحاڵی خۆم لەمەوبەر کاری وەرگێڕان «ترجمە«م لێنەدیبوو.

ئەمجارە کاک حەسەن لەمەیدانی وەرگێڕاندا تواناکانی خۆی تاقی کردنەوەو چونکە دەخۆشی ڕا دەدی لەجیاتی ئەوەی لەو وردە کارانەوە دەست پێبکا یەکپێ بەگژ کارێکی گەورەدا چوو. ئەو «داغستانیمن»ی ڕەسووڵ هەمزەتۆفی کردە کوردیو چاکیشی کردە کوردی. چونکە پێیوابوو لە پێوەندی کاری وەرگێڕاندا ئەمن ئەزموونێکم هەیەو دەتوانم تێبینیو ڕێنوێنییەکەم لەسەر کارەکەی هەبێ، وەرگێڕاوەکەی پێش چاپ بەمن نیشان داو داواشی لێکردم هەر تێبینییەکم هەبێ بەڕاشکاوی لەگەڵی باس بکەم. ئەمن ئەو هەلەم بە دەرفەتێک زانیو بەخۆشحاڵییەوە قەبووڵم کردو سەرتاپای وەرگێڕاوەکەم خوێندەوە. پێشتر باسی نیوەرۆکی کتێبەکەو کارەکەی هەمزەتۆفم کردو پێویست





ناکا وەردی بدەمەوە. بەڵام لەسەرکارەکەی وەرگێڕی بەڕێز، دەبێ بڵێم نایشارمەوە لەبڕێک شوێن هێندێ وردە تێبینیم لەسەر کارەکەی هەبوون کە بە دڵفرەوانییەکی بێوێنەوە پێشوازی لێکردن. بەڵام هەقی خۆیەتی بڵێم ئەو وردە تێبینییانە هەر بەشی ئەوەندە بوون کارێکی جوانیان پێ جوانتر بکرێ، ئەگینا تێبینییەکانم ئەوەندە کەم بوون کە بە کتێبێکی ٦٠٠ تا ٦٥٠ لاپەڕەییەوە هەر دیار نەبن.

لێرەدا بەباشی دەزانم یەک دوو تێبینی لەسەر دەر ببڕم. یەکەم: ئەم کتێبە لە زمانی فارسییەوە کراوەتە کوردیو ئەگەر وەرگێڕاوەکە کەموزۆر جیاوازییەکی دەگەڵ دەقە ئەسڵییەکە هەبێ، وەرگێڕە فارسییەکە لێی بەرپرسە، چونکە کاک حەسەن بە ئەمانەتی تەواوەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. دووهەم: کاک حەسەن لەناوچەی پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووەو هەوڵی داوەو چەند ساڵێکیشە لەهەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان دەژی، کە هەردووکی ئەم ناوچانە لە باری شێوەزارەوە بەسۆرانی دەمێردرێنو سروشتییە کە کەمتاکورتێک شوێنەواری ئەو شێوەزارە بەزمانی وەرگێڕانەکەیەوە دیار بێ. بەڵام بەباوەڕی من چەندی پێویستە خۆی لە شوێنەواری ناوچەیی دوور ڕاگرتووە بەڕاستی نەک شێوەزارێک، بەڵکوو زمانی کوردیی لەکارەکەیدا بەکار هێناوە.

ئەوەی سەرەوە بۆچوونی من لەسەر کاری نووسەرو وەرگێڕی کتێبی «داغستانیمن» بوو کە حەزم کرد دەریببڕم. پێم وایە زۆر لە ئێوە خوێنەرە بەڕێزەکان دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکان لەگەڵم هاوڕا دەبنو سروشتییشە کە هێندێ کەس ڕایەکی دیکەیان هەبێ. بۆ هەردووکی ئەوانە ڕێزو خۆشەویستیو بۆکاک حەسەنی بەڕێزیش ئاواتی سەرکەوتنم هەیەو چاوەڕوانی بەرهەمی تازە بەتایبەتی دیوانی تێکڕای شێعرەکانی لێدەکەم کە تائێستا چاپو بڵاوی نەکردوونەوە. ئێستا بۆچیو لەبەر چی؟ دەبێ بۆخۆی وەڵام بداتەوە.

عبدالله حسنزادە
ژوئەن [حوزەیران]ی ٢٠١٣

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 617 7 Oct 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# کارەساتی لامپیدوسا، زەنگێک بۆ وەخەبەرهێنانی ویژدانە نووستوەکان



قادر وریا

لە هەر جێیەک مەرگو کوژرانی مرۆڤەکان دەبێتە بەشێک لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە، خەڵک وردە وردە عادەتیان پێدەگرنو ئەو هەستیاریو دژکردەوانەیان نامێنێ کە پێشتر بەرامبەر بە هەواڵی ئەو جۆرە ڕووداوانە هەیانبووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەتوانین تەقینەوەکانی عێراق، ئەو تەقینەوانەی ڕووژانە لە بەغدا و کەرکووک گیانی خەڵک دەستێنن بە نموونە بێنینەوە. یا پەلاماری بەکریگیراوانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر موجاهیدینی خەلق لە کەمپەکانی ئەشرەف و لیبرتێ لە نێو خاکی عێراقدا. یا کوشتنی کۆڵبەرانو کاسبکاران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کە بووە بە فەقەرەیەک لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە.

سەردەمانێک، سەربڕینی مرۆڤە جیابیرەکان بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسان، نووسەران، هونەرمەندان لە ئەلجەزایر بە هۆی ئیسلامییە توندڕەوەکان، ئەوەندە ببوونە ڕۆژانە کە خوێنەران، گوێگرانو بینەرانی ڕاگەیەنەکان، عادەتیان پێکردبوون. تیرۆری ڕێبەران و تیکۆشەرانی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، تورکیەو ئورووپا، لەو تیپە ڕووداوە ڕۆژانانە بوون کە ئەگەر بۆ ماوەیەک دووپات نەببانەوە، نائاسایی دەهاتنە بەر چاو. تەنیا ئەو کاتانە گۆمی ڕاهاتن بەم تاوانو کارەساتانە، دەشڵەقا کە ڕووداوە خوێناوییەکان، گەورەتر ببانو ژمارەی قوربانییەکانیان ئەوەندە زۆر بوایەن کە خەڵکی دەوروبەرو ویژدانی گشتیان ڕاتڵەکاندبا. لەو کاتانە دابوو کە هەستت دەکرد ویژدانەکان تا ڕادەیەک جووڵاونو خەریکە جموجۆڵێک، هەوڵێک، تەکانێک بۆمشوورخواردن لەو تاوانانە یا لانیکەم کەمکردنەوەیان، وەڕێ دەکەوێ.

مەرگی پەناخوازان، ئەو کەسانەی لە دەست هەژاریو ستەم و توندوتیژی وڵاتی خۆیان بە جێ دێڵنو بە دوای ئەمنییەتو کارو ئازادیدا، ڕوو دەکەنە ئورووپاو ئوسترالیاو هتد، ساڵانێکی دوور و درێژە بووە بە شتێکی ئاسایی. وای لێهاتووە بڵاوبوونەوەی هەواڵو ڕاپۆرتی مەرگی تاقولۆقەو چەندین کەسیی ئەوان، سەرنجی کەمتر بینەرو خوێنەرێکی میدیاکان ڕادەکێشێتو تەنیا ئەو کەسانە بە بیستنو بینینیان دڵیان دادەخورپێ کە کوڕو کچیان،خوشکو برایان، ژنو منداڵیان، دایکو باوکیان، لەم ڕێگایانە دان. دەبێ چەند جاری دیکە، پەناخوازان، بەلەم بەلەم و پاپۆڕ پاپۆڕ لە نزیک لێوارەکانی ئەندۆنێزی، ئوسترالیا، ئیتالیا،دوورگەکانی سیسیلو لە ئاوەکانی نێوان تورکیەو یۆناندا بخنکێن، تا ڕاگەیەنەکانی جیهانو ویژدانە خەوتووەکان، بۆ ماوەیەک خۆیانی پێوە خەریک بکەن؟

ئەو کارەساتەی شەوی٣ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ (١٠ی ڕەزبەر) لەنزیک دوڕگەی لامپیدوسای ئیتالیا بە سەر نزیکەی ٥٠٠ پەناخوازی سۆمالیاییو ئێریترەیی هاتو مەرگ و بێسەروشوێنبوونی زیاتر لە ٣٠٠کەس لەوانی لێکەوتەوە، خەریکە دەبێتە ئەو ڕووداوەی کە ویژدانە نووستووەکان وەخەبەر دێنێ. ڕاگەیەندرانی ماتەمینی گشتی لە ئیتالیاو هاودەردیی پایەبەرزترین کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە گەڵ لێقەوماوان، هەر وەها بەرزبوونەوەی دەنگی ڕەخنە لە یاساکانی ئیتالیا دژ بە پەناخوازانی نایاسایی لە نێو خەڵکی ئەو وڵاتەدا، بەشێک لە کاریگەرییەکانی ئەو کارەساتە لە سەر ویژدانی گشتیی خەڵکی ئەو وڵاتەن. بەڵام شەپۆلی کاریگەرییەکانی ئەو کارەساتە، لە ئتالیا تێپەڕیوەو بووە بە شەپۆلێکی جیهانی. چونکە وەک ئانجلینۆ ئالفانسۆ وەزیری دەرەوەی ئیتالیا گوتی ئەم تراژیدییە هەر تایبەت بە ئیتالیا نییەو هی هەموو ئورووپایە.

ئانتۆنیۆ گۆتریس بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کۆچەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وێڕای قەدرزانی لە دەوڵەتی ئیتالیا سەبارەت بە هەوڵەکانی بۆ ڕزگارکردنی پەناخوازە لێقەوماوەکان باسی گەشەی ڕوو لە زیادبوونی پەناخوازان وبەرەوژوورچوونی مردنی پەناخوازان لە ئاوەکانی دا کرد. فرانسیس کرپۆ، لێکۆڵەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی یەکیەتیی ئورووپا لە بارەی پەنابەرانەوە گرت و وتی:» دەکرا پێش بە مەرگی ئەو پەناخوازانە بگیرێ». ناوبراو لە کۆڕی گشتیی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا وتی: تەنیا بە هەنگاوی سەرکوتکەرانە ناتوانین لە گەڵ کۆچکردن بە شیوەی نایاسایی بەربەرەکانی بکەین، ئەم سیاسەتە تەنیا دەسەلاتی قاچاغچییەکانی دەریا زیاد دەکا. کرپۆ داوای لە کۆمەڵگەی نیودەولەتی کرد ئیمکاناتی کۆچکردنی قانوونی زیاتر بکا. ئەو گوتی «گەمارۆکان نابێ ئاوارەکان و کۆجبەرانی نایاسایی بگرنەوە، بەڵکوو دەبێ ڕوویان لەو خاوەنکارانە بێ کە کار بە کۆچبەرانی نایاسایی دەدەن. بەڵام هێندێک لە هەڵوێستە سیاسییەکان لە بەر دەم ئەو ئامانجە، ڕێگرن.» ئەو گەورە کاربەدەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێی وایە کە دەبێ وڵاتانی پەنادەر(خانەخوێی پەناخوازان)یش بیرکردنەوەیان لە بارەی جۆراوجۆریی کولتوورەکان بگۆڕێ.

سەرنجراکێش ئەوەیە لە کاتیکدا دنیا سەرنجی خۆی بڕیوەتە سەر چارەنووسی دڵتەزێنی مسافیرانی ئەو کەشتییە، لە ئیتالیا هێندێک کەس و لایەن هەڕەشەی ئەوەیان کردوە دژی داڵدەدان و وەرگرتنی ١٥٥ پەناخوازی ڕزگاربوو لە لایەن دەولەتی وڵاتەکەیان، سکالا دەکەن! بولدرینی سەرۆکی پارلمانی ئیتالیا لەو پێوەندییە دابوو کە وتی سەرکوت، هیچ گرفتێک چارەسەر ناکا. دەبی بیر لە هۆکارەکانی ئەو ڕاکردنانە بکرێتەوە. هۆکارەکە پێشێلکرانی مافی مرۆڤە. بەڵام بیرو ڕای چەوت و سەقەت، لە گەڵ ئەمە دا نین!

لە ساڵی ٢٠١٢ جیهان، خاوەنی ٤٥ میلیۆن پەناخواز یا کۆچەر بووە. هەر لە ساڵی ٢٠١٣ دا کە هێشتا چەند مانگیشی ماوە ٣٥ هەزار پەناخوازی ئێریترەیی، سۆماڵیایی و سووری بە شیوەی نایاسایی هاتوونە نیو وڵاتی ئیتالیا. ژمارەی ئەو پەناخوازانەی هەر لە مانگی سێپتامبردا، لە ئاوەکانی مێدیتەرانە دا خنکاون، نزیک بە هەزار کەس دەبێ.

چارە چییە؟ چ بکرێ بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کارەساتانە دووپات نەبنەوە و ویژدانی مرۆڤایەتی تووشی ئازار نەبێتەوە؟ بێگومان چاوخشاندنەوە بەو یاسا و بەربەست و ڕێوشوێنەتوندانەی لەبەردەم کۆچی نایاسایی هەن، ئەم جۆرە کارەساتانە و قوربانیانی ڕێگای چوونی نایاسایی بۆ ئورووپا و ئوسترالیا وئەمریکا و هتد کەم دەکەنەوە. بەڵام ئایا دەکرێ هەر وڵاتێک شەڕو توند و تیژی و قاتی و قڕی و برسییەتی وبێکاری و بێنانی و بێمافیی لێیە، خەڵکەکەی هەمووی بار بکەن و بچنە ئەو وڵاتانەی ژیان و ئاسوودەییان تێدایە؟ چ بکرێ بۆ ئەوەی خەڵکی هێندێک بە شی جیهان، بە لێشاو ڕوو نەکەنە هێندێ بەشی دیکە و لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە؟

بەڵێ دەبێ بیر لە هۆکارەکانی راکردن لەو ولاتانە و لەو بەشانەی جیهان بکرێتەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. چارەسەری زۆر لەو کێشە و گرفتانەش بێ پشتیوانی و یارمەتیی جیهانی، لە توانای خەڵک و دەوڵەتان خۆیان بەدەرە. جا ئەو کێشە و گرفتانە چ لەسەرکاربوونی سیستەمی سیاسیی زۆردار و بێکیفایەت بن، چ قەیرانی ئابووری، شەڕی نیوخۆیی ، زۆربوونی حەشیمەت و هتد.

## لە شاری مەریوان شانۆی سەرشەقام بەڕێوەچوو



هەشتەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سەرشەقامی مەریوان ڕۆژی ١٠ی ڕەزبەر، بە بەشداری چەندین گرووپی شانۆ لە ئێرانو کوردستانو وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان بەڕێوە چوو .

مەریوان بەهۆی ئەوەی زیاتر لە ٧ ساڵە فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی لێبەڕێوە دەچێ بە پایەختی شانۆی سەرشەقام لە ئێران ناوی دەرکردوە.

لە سەرشەقام بە شێوەی شانۆ ئازارەکانی خەڵک، مەسەلەی ژینگە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ئازار و مەینەتییەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا و.... نیشان دەدرێن. هونەری شانۆی سەرشەقام گرنگییەکەی لەوەدایە توانای پێوەندی گرتنی لەگەڵ زۆربەی جەماوەر بە تایبەت لاوان، ژنان، مێرمنداڵان و.... هەیە. لە شانۆی سەرشەقامدا ژنان نەخش و ڕۆڵێکی کاریگەریان لەم هونەرەدا هەیە.







## بە یادی قوربانییە کۆچبەرەکان
## ئیتالیا خولەکێک بێدەنگیو ڕۆژێک ماتەمینی گشتی ڕادەگەیەنێ

ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی ڕەزبەر بەرامبەر بە ٣ی ئۆکتۆبر، بە هۆی غەرق بوونی کەشتییەک کە هەڵگری کۆچکردوانی ناقانوونی بووە، لە نزیک جەزیرەی «لامپەدوزا»ی ئیتالیا تا ئێستا زیاتر لە ١١٣ تەرم لە ئاو دەرهێنراونو ژمارەیەکی زۆریش بێسەروشوێنن، کە لە نێویاندا منداڵان و ژنانی دووگیان دەبینرێن. بەم بۆنەیەوە لە ئیتالیا ڕۆژێک ماتەمینی گشتی ڕاگەیەندرا. «پاپفراچسکو» ڕێبەری کاتۆلیکەکانی جیهان وێڕای هاوخەمی خۆی، ئەو ڕووداوەی بە مایەی شەرم زانیو گوتی: «ئەمڕۆ ڕۆژی فرمێسک و غەمە«. ناوبراو هەروەها خەمساردی لە ئاست هەلومەرجو گیانی کەسانێک کە لەدەست برسیەتی و کۆیلەیی ڕادەکەن و بۆ ئازادی لەگەڵ مردن دەستوپەنجە نەرم دەکەن، بە مایەی شەرم زانی.



زۆرتری ئەو پەنابەرانە خەڵکی وڵاتانی ئێریترە، غەناو سومالی بوون.

## کازیوە ساڵح وەک براوەی ٢٠١٣ی خەڵاتی نەجیب مەحفوز بۆ چیرۆک و ڕۆمان دەستنیشان کرا



نووسەری کورد خاتوو کازیوە ساڵح توانی لە نێوان ١٠٦١ نووسەردا خەڵاتی «نەجیب مەحفوز»ی ساڵی ٢٠١٣ بۆ چیرۆک و ڕۆمان بەدەست بێنێ. هەروەک لە سەرچاوە و پێگە ئەلیکترۆنییەکەی نووسەر کازیوە ساڵحدا هاتوە، ناوبراو جگە لەم خەڵاتە، لە بواری چیرۆکدا دوو جار براوەی خەڵاتی ئامیتای ئیتالیایە بۆ ئەدەب و هونەر، خەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ بەهرەی سەرکردایەتی کردن، کاندیدی خەڵاتی پۆڵ یوزی کانادای بۆ ئەو کەسانەی کاریگەریان لە سەر ڕەوتی بەرەو پێشچوونی فرەنەتەوەیی هەیە لە نێو کۆمەڵی کانادایی‌دا، بۆخۆی دەستەبەر کردوە.





«ئازادی»، (کاری نیک ئاهەنگی کەوسەر) – لە سایتی «روزآنلاین» وەرگیراوە.